# هه‌نار


حکومه‌تی
هه‌ریمی کوردستان
وه‌زاره‌تی رۆشنبیریی

ژماره ٢١
سالی دووه‌م
ئۆکتۆبه‌ری ٢٠٠٧

گۆڤاریکی ئه‌ده‌بی، هونه‌ری، روناکبیرییه به‌ریوه‌به‌ریتی چاپ و بلاوکردنه‌وه‌ی سلیمانی مانگانه ده‌ریده‌کات



خاوه‌نی ئیمتیاز
به‌ریوه‌به‌ریتی چاپ و بلاوکردنه‌وه‌ی سلیمانی
سه‌رنوسه‌ر
محه‌مه‌د کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جیگری سه‌رنوسه‌ر
محه‌مه‌د عه‌بدوللا
سه‌رپه‌رشتیاری هونه‌ری
ریبین مه‌جید
rebene@gmail.com

ده‌سته‌ی نوسه‌ران
سه‌لام فاتیح
مارف ئاسراو
کارزان عه‌بدولا
نه‌وروز جه‌مال
هه‌له‌ چن
ئاریان کامیل

تایپیست
په‌یام ئه‌حمه‌د
نه‌خشه‌سازی ناوه‌وه
مه‌هدی ئه‌حمه‌د

مۆتیڤ
زانا ره‌سول
لۆگۆ
حه‌میدی ئازموده

تیراژ
٥٠٠
چاپخانه
یاد

ناونیشان: سلیمانی – گردی ئه‌ندازیاران – به‌رامبه‌ر رۆژنامه‌ی کوردستانی نوی – به‌ریوه‌به‌ریتی چاپ و بلاوکردنه‌وه‌ی سلیمانی

ژماره‌ی ته‌له‌فۆن
٣١٨٠٩٩٤

Email:hanarkurd@gmail.com Email:hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەروتار | محەمەد کوردۆ | ٣ |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| تایبەتبوون وەك کێشەیەك | بەختیار عەلی | ٦ |
| کورتەیەك دەربارەی ژیان و فەلسەفەی گۆتە | مەریوان عەبدول | ١٩ |
| **دەق** | | |
| خەونێك لەکتێبێکی شیعریی | ئەحمەدی مەلا | ٣٠ |
| ژیان میقاتە لەسەر تێراریەك کە بەختەوەر نابێت | رەگەز رەشید | ٣١ |
| پرسەی مەمکبەندێك پێش کۆتایی | هەلاڵەی پێنجوێن | ٣٧ |
| رۆژژمێری چاڵدێران | کاروان عومەر کاکەسوور | ٤٤ |
| **دیدار** | | |
| دیدار لەگەڵ رەووف بێگەرد | ئارام سدیق | ٧٧ |
| **وەرگێران** | | |
| ئزار قەبانی بەوشە وێنەدەکێشێت | لەتیف هەڵمەت | ٨٤ |
| هەندێ سەرنج لەسەر ئایدیای ئەشق لای سەنپۆل | مەنسوور تەیفووری-برایم شەوقی | ٩٤ |
| ئاییندە.. جیهانێك لەنادڵنیایی | عەبدوڵلا مەحمود زەنگنە | ١٠٣ |
| دیالۆگ لەگەڵ ساراماگۆ | دلێر محەمەد | ١١٣ |
| ئەڤیندارێکی شیعر | هەلدرێن | ١٢٢ |
| گەورە تراژیدی نووسان | حەمەکەریم عارف | ١٢٥ |
| دیالۆگ لەگەڵ خوان رۆلفۆ | ئاکۆ کەریم مەعروف | ١٣٦ |
| خۆکوشتنێکی ئەڤیندارانە | زەینەب یوسفی | ١٤٢ |
| **هونەر** | | |
| پابلۆ پیکاسۆ و ئەنجامدانی نوێژێکتەکانی | ئەهرۆ شەوقی | ١٤٦ |
| هونەری گرافیك | کاروان کابان | ١٥٧ |
| عەشق و مەرگ دیالۆگ لەگەڵ ودی ئالان | چنور محەمەد | ١٥٩ |
| چارلی چاپلنی دونیای پانتۆمایم | ئاری محەمەد | ١٦٦ |
| جیهانی نوێیا پاقاروتی لەدەستدا | هەنار مەحمود | ١٦٩ |
| نووسەرێکی کورد لەدەروازەی جیهانیبووندا،ئاواپوو | ئاهەنار | ١٧٢ |
| نامە بۆ هاوڕێیانی گۆڤاری هەنار | بەختیار حەسەن | ١٧٤ |

سەروتار:

# وەڵام بۆ ئەنیتای ئازیز*

**محەمەد کوردۆ**

دەمەوێ سەرەتا بەناوی ستافی گۆڤاری (هەنار)ەوە سوپاسێکی گەرمی تۆی خۆشەویستو ئازیزان کاروان کاکەسوورو ئاراس ئەمیر بکەم، کە ئەم پەیوەندییەی ئێمەو تۆی بەڕێزیان دروستکرد. سوپاس بۆ هەستی گەرمت بەرامبەر بە(هەنار)و بە کوردو بە جوانییەکانی سروشتو زمانو هونەری کوردیی. سوپاس بۆنامە دڵنشینەکەتو بۆ تابلۆ جوانەکانت. ئازیزم تۆ نووسیبووت: ((...من کوردستانیشم هەر لەڕێگای سرووشتەوە ناسی..هەر زوو زانیم لەناو ئەو سرووشتە دڵگیرەدا نەتەوەیەکی گەورە هەیەو تێیدا ئاسوودە ناژی..هەر زوو زانیم هەموو هەوڵێك بۆ ئەوەیە ئەو نەتەوەیە لەناو سرووشتی خۆی بکرێتە دەرێ...)). بەڵێ سروشتی ئێمە زۆر دڵگیرە، بەڵام بەداخەوە دوژمنانمان کارێکیان پێکردووین لە خەیاڵدانی ئێمەدا دارەکانمان بزریکێنن و ئاوەکانمان بگرینو بەردەکانمان خوێن لە لێویان بچۆڕێتەوە. وایان لێکردووین، زاڵترین بۆن لەنێو سروشتی رازاوەی کوردستاندا، لای خۆمان، لە روحو زاکیرەو خەیاڵدانماندا، بۆنی خوێن بێت. ئێمە شاعیرێکمان هەیە دەڵێت: (( لەکەناری هەر جۆگەیەكو لەسەر هەر بستە زەمینێكو لەژێر هەر گەزە ئاسمانێکی ئەم وڵاتە، خوێنی سەربازێکی ونی ئێمە رێژراوە))[1]. گەرد بەگەردی ئەم وڵاتەی ئێمە خوێنی رۆڵە خێر لەخۆ نەدیوەکانمانی ئاوێتە کراوە. دوژمنانی ئێمە نەك هەر سروشت، بگرە ویستوویانە لەدنیاش بمانکەنە دەرەوە. راستە نەیانتوانیووە ئەو کارە بکەن، وەلێ توانیویانە نەهێڵن ئێمەش وەکو هەر میللەتێکی دیکەی دنیا، بۆ خۆمان بەئارامیی لەناو سروشتی خۆمانو لەناو دنیادا بژین. ئەوان بەو کارەیان هەر ئێمەیان ماڵوێران نەکردووە، بەڵکو خۆشیان ماڵوێران کردووە. چونکە لەبری ئەوەی قوتابخانە، یان باخچە، یاخود یاریگایەك بۆ خۆیانو بۆ منداڵەکانی خۆیان دروست بکەن، زینندانو وێرانەو گۆڕستانیان بۆ ئێمەو بۆ منداڵەکانی ئێمە دروستکردووە. ئەوان هەر ئێمەیان بەزیندانەوە سەرقاڵ نەکردووە، مێژووی خۆشیان کردووە بە مێژوویییەکی پڕ لە زیندان. دەمەوێ بڵێم: ژیانی

زیندانیی و زیندانەوان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بگرە لە هەندێ ڕەهەندەوە ژیانی زیندانەوان لە ژیانی زیندانیی ناخۆشترە. زیندانیی لەژێر دەستی زیندانەواندا زیندانییەو زیندانەوان بەدیار زیندانییەوە زیندانییە. زیندانیی لەو دیوی زیندانو زیندانەوان لەم دیوی زیندانەوە زیندانییە. زیندانیی دەتوانێت تف لەو کەسە بکات کە زیندانی بۆ درووستکردووەو زیندانەوان دەبێت تف لەخۆی بکات. ئەمیان ئەو ژیانەی بەسەردا سەپێنراوەو ئەویان بەدەستی خۆی ئەو ژیانەی هەڵبژاردووە. شاعیرێکی دیکەی ئێمە، لەشیعرێکی کورتدا زۆر جوان تەعبیری لە ماڵوێرانیی زیندانەوانەکان کردووە، ئەو شاعیرەمان دەڵێت: ((من لە نێو ژوورێکی تاکەکەسیو تاریکدا زیندانیم. دەلاقەیەکی بچوك لەسەر سینگی دەرگای داخراوی ئەو ژوورەیە. زیندانەوانەکەم جاروبار ئەو دەلاقەیە دەکاتەوە. کاتێ بۆ یەکتری دەڕوانین ئەو تاریکی دەبینێتو من ڕووناکی دەبینم))[2]. بەڵێ ئێمە چاومان لە ڕووناکیو ئەوان چاویان لەتاریکیی بڕیوە. هیوادارین بگەڕێنەوە لای ژیانی خۆیانو دەست لەیەخەی ئێمە بەربدەن. ئێمە دەمانەوێت، لەنێو سروشتی دڵگیری وڵاتی خۆمانەوە دەستی پڕ لە (گوڵ)مان بۆ دنیا درێژ بکەینو لەگەڵ خەڵکانی وەکو تۆی ئازیزدا تەوقە بکەین. دەمانەوێ ((کاتێ چووینە بەر پەنجەرەی دنیا بەخوێنەوە نەچین))[3]. دەمانەوێ لەبری ئەو شەڕەی بەزۆر بەسەرماندا سەپێنراوە، خەریکی شیعرنووسینو وێنەکێشانو مۆزیك ژەنینو گۆرانی چڕینو سەماو هەڵپەڕین بین. دەمانەوێت ئێمەش لەجوانکردنی دنیادا، پشکێکمان بەر بکەوێت. گرنگ ئەوە نییە ئەو پشکە گەورەیە یان بچووك، گرنگ ئەوەیە بەشداربینو بچینەوە ناو ئەو دنیایەی هەوڵیانداوە بە ناهەق بمانکەنە دەرەوە لێی. دووبارە سوپاستان دەکەینو هیوادارین دنیا لێوانلێو بێت لە مرۆڤی وەکو ئێوە. بەهیواین پەیوەندیمان بۆ هەمیشە بەردەوام بێت.

*ئەنیتا، کە هونەرمەندێکی شێوەکاریی دانمارکییە، چەند کارێکی خۆیو نامەیەکی تایبەتی بۆ گۆڤاری (هەنار) ناردووەو لە ژمارە (٢٠)دا بڵاوبوونەتەوە. ئەم سەروتارە وەڵامی ئەو نامەیەیە.

١- مەبەست عەبدوڵا پەشێوو شیعری (سەربازی ون)ە.

٢- مەبەست جەلالی مەلەکشاو شیعری (زیندانی)ە.

٣- دەستەواژەیەکی (بەختیار عەلی)ە.

## تایبەتبوون وەک کێشەیەک

بەختیار عەلی

## کورتەیەک دەربارەی ژیان و فەلسەفەی گۆتە

مەریوان عەبدول






# لێکۆڵینەوە

### تایبەتبوون وەک کێشەیەک

# جارێکی دی دەربارەی کێشەی میتۆد لەڕۆشنبیریی کوردییدا

بەختیار عەلی




● لەزانۆکاندا بیرۆکەکان دەناسرێن، زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە، بەڵام کایەکان تەنیا کاتێک دروستدەبن کەتوانای تیوریزەکردن بەو چەمکە ئەکادیمیانە دروستبوو‌بێت

●تەخەسوسی راستەقینە لەوەوە دروستدەبێت کە لەمەرجەعییەتدا یۆنفرسال و گەردونگەراو فرە سەر چاوە بین، بەڵام لەپراکتیکدا لۆکاڵ و کێشەدۆزو تیشکۆکاربین

پرسیار دەربارەی پەیوەندی کایە فیکرییەکان یەکێکە لەکێشە سەنتراڵ و ناوەندییەکانی دونیای مەعریفەت، لەم بوارەشدا هەمیشە پرسیارێك دووبارەو چەندبارە دەبێتەوە، دەربارەی مانای قووڵی و سروشتی قووڵبوونەوەی مەعریفی، ئاخۆ قووڵبوونەوەی مەعریفی بریتییە لەگەڕانێکی بێوچان و قووڵبوونەوەیەکی ستوونیی بەناو یەك کایەدا، یاخود قووڵبوونەوە، پەلکووتان، بڵاوبوونەوەو پرد دروستکردنێکی ئاسۆیییە لەنێو کایەکاندا؟ بەرلەوەی مرۆڤ هەوڵی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، دەبێت وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی و گرنگی دیکە بداتەوە، ئەویش ئەوەیە: ئاخۆ بۆئەوەی لەچۆنێتی کایەیەك تێبگەین، دەبێت تەنیا بەمیتۆدو گووتارە ناوخۆییەکانی ئەو کایەیەدا بچینەوە، یاخود بەپێچەوانەوە، چۆنێتی هەر کایەیەك لەڕێگەی پەیوەندی بەکایەکانی دیکەوە ئاشکرا دەبێت؟ وەك ئەوەی بپرسین ئاخۆ ئەدەبیات تەنیا بەئەدەبیات تەفسیر دەکرێت، یان بەئەدەبیات هاوشانی کۆمەڵێك دراوی میتۆدی و فیکریی دیکە لەدەرەوەی ئەدەبیات دەخوێنرێتەوە؟

بەڕای من وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەرچی گەلەك سەختە، بەڵام بایەخێکی بێوێنەی هەیە، بۆ دیاریکردنی ستراتیژی ئیشکردن لەڕۆشنبیریی کوریدا، گەر باوەڕمان هێنا ئیشکردن لەناو یەك کایەدا گرنگترە لەتوانای هەڵسوڕان و جووڵاندنەوە لەناو زیاد لەکایەیەکدا، واتە باوەڕ بەوە دەهێنین تایبەتمەندێتی و تەخەسوس، گرنگترن لەپەلکوتان و فرەگەرایی مەعریفی، باوەڕ بەوە دەهێنین قووڵبوونەوە مانای ڕۆچوونێکی ستوونی بەناو کایەیەکدا نەوەك هاتوچۆو گەڕان بەشێوەی کۆچەرییەکی (نۆمادێکی) دۆلۆزیی، لەناو تۆڕێکی گەورەی زانیاریدا کەمرۆڤ ئازادانە لەئاستێکیاندا سەردەکەوێت و لەجێگایەکی دییەوە سەر دەردەهێنێت، تایبەتبوون (تەخەسوس) بەگشتی وەك کێشەیەك کەلەناو مێژووی مەعریفەی مۆدێرندا سەرهەڵدەدات، بەڵگەو بەهانەی خۆی هەیە، یەکێك لەهەرە گەورەترین بەهانەکانی ئەوەیە کەفراوانبوونی کایە زانستییەکان و دابەشبوون و گەورەبوونی دەریائاسای لکە مەعریفییەکان بەئەندازەیەك گەورەیە دەرچوون لەتایبەتبوون، واتە ونبوون و بێئاراستەیی و نەدۆزینەوەی ڕێگە، لایەنگرانی

تایبەتبوون، زانستە راستەقینەکان بەو زانستانە دەبینن کە بەمیتۆدی تایبەتی و کەرەستەی تایبەتی ناو کایەکان خۆیان بەرهەمدێنن، لێرەوە رایان وایە تێزی لاهوتییەك لەسەر ماتماتیك هیچ نرخێکی نییەو قسەی ماتماتیکناسێکیش لەسەر ئەخلاق، هەمانشێوە ناچیزو بێبەهایەو لادانە لەلۆژیکی تایبەتبوون، رەوتی مێژووی زانستیش وەك مێژووی جیابوونەوەی کایەکان دەبینن لەیەکدی، گێڕانەوەی کایەکانیش بۆ ناو یەك وەك گەڕانەوەیەك لەزانستەوە بەرەو میتافیزیك تەماشادەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەم لۆژیکە بەهێزەدا، مەترسیگەلێکی گەورە لەڕێگەی ئەم تێڕوانینەدا هەیە، تایبەتبوون هەمیشە مانەوەیە لەناو یەك کایەدا، گرتنی رێگەیەکەو رۆیشتنە بەنێویدا، بێئەوەی بزانین لەدەرەوەی ئەو رێگەیە چیتر هەیە، وردکردنەوەی مەعریفەیە بۆ چەند یەکەیەك کەکۆکردنەوەو پێکەوە گرێدانیان نەکردە دەنوێنن، پچڕانی پەیوەندییە لەنێوان دەرەنجامە جیاوازەکانداو ونکردنی ئەو نیگاو تێڕوانینە گشتییەیە کەوادەکات بزانین لەناو کۆییەکاندا دەکرێت چی دی دەرەنجام بهێنین، چونکە دواجار ئەوەی بایەخی زانست دەستنیشاندەکات دەرەنجامە وردەکان نییە، بەڵکو ئەو تێگەیشتنە گشتییەیە کەدەتوانین لەکۆی چالاکی مەعریفی مرۆڤەوە بەدەستیبهێنین.

بەڵام ئەمە سروشتی کێشەکەیە وەك لەخۆرئاوا دەردەکەوێت، بۆئەوەی بزانین کەسروشتی ئەم کێشەیە لەدنیای ئێمەدا چۆنە دەبێت بەدیوێکی دیکەدا بڕوانین.

سەرەتا دەبێت بپرسین: تایبەتمەندبوون لەڕۆشنبیریی کوردیدا چییەو سوودو زیانەکانی چین؟ تایبەتبوون لەڕۆشتبیرییەکدا کەتوانای بەرهەمهێنانی کایەی نییە، دوو واتای هەیە یان ئەوەیە تایبەتمەندبوون دەبێت لەو کایە کەلتوورییەدا کەتائێستا بەرهەممهاتووە، واتە ئیشکردن دەبێت لەناو کۆی ئەو رووبەرەدا کەتا ئەمرۆ لەشێوەی کتێب و نووسراودا هەمانە، یاخود تایبەتمەندبوونێکی ئەکادیمی دەبێت لەیەکێك لەبوارەکاندا، بەو جۆرەی کەخوێندنی زانکۆو خوێندنی باڵا لەهەندێك بواردا فەراهەمیدەکەن. واتە یان تەخەسوسێکی ئازاد دەبێت لەبواری مێژوو و ئەدەبیاتی کوردیدا، وەك لای کەسانی وەك عەلادین سوجادی و مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و مەسعود

محەمەدو هەندانی دیکە دەیبینین. یان تەخەسوسی ئەکادیمی دەبێت لەڕێگەی خوێندنی زانکۆوە لەبوارێکی مەعریفی یان فەلسەفیدا وەك ئەوەی لەماوەی سی ساڵی رابردوو نەوەیەك لەکۆمەڵناس و دەروونناس و ئەدەبناس و مێژووناسی ئەکادیمی لەزانکۆکان دەرچوون، پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ بەردەامبوون لەسەر ئەم سیستمی بەرهەمهێنانی تایبەتمەندانە، بەقازانج یان زیانی فەرهەنگی کوردییە؟ بەڕای من هەردووك ئەم تایبەتمەندبوونە دوو تایبەتمەندبوونی پڕ کێشەن کەزیانیان لەقازانج زۆرترە، لایەنی یەکەم: تائێستا کۆی ئەو بوارەی کەدەشێت بەناوی تەخەسوس لەبواری ئەدەبیات و مێژووی کورددا ناوببرێت، بوارێکە توانای دۆزینەوەو گەڕان و پشکنینی لەکایەی خۆیدا نییەو عەقڵێکی کلاسیکی تاکدیوو نیوچاو باڵی بەسەردا کێشاوە، خودی ئەم بوارە بەکەرەستەکانی خۆی، بەو میتۆدانەی لەمێژووی خۆیدا بۆ خوێندنەوە بەکاریهێناون نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی زانستێکی ئەدەبی یان مێژوویی کوردیی بەرهەمبێنێت. پسپۆڕانی ئەم بوارە کاریان لەبواری تەفسیرو تەحقیق و ساغکردنەوە تێنەپەڕیوە. دەرەنجامی کاری ئەم تایبەتمەندانە راوەستانێکی لەمێژینەی لەبواری ئەدەبیات و مێژووی ئێمەدا دروستکردووە، کە دەرەنجامی خواستی دەرنەچونە لەوشێوازە لەتایبەتمەندێتیی کە لەسەرەتاوە هاوڕێی ئەدەبیاتی ئێمە بووە. هۆی سەرەکی ئەم نوشوستییە ئەوەیە کەئەو باسکارانەی لەسەدەی بیستدا لەم بوارەدا چالاکبوون، هەرگیز بواری چالاکی خۆیان بەزاراوەو کەرەستەی بوارەکانی دیکە موتوربە نەکردووە، لەباشترین حاڵەتدا جگەلەوەی کۆمەکیان لەتێکستە دینییەکان خواستووە بۆ تەفسیرکردنی هەندێك تێکست، ئاسەواری هیچ جۆرە ئامادەگییەکی مەنهەجیی لکە مەعریفی و زمانەوانییەکانی دیکە نابینین. لێرەوە دەشێت بەئاشکرا ببینین کەهۆکارێکی گرنگی پاشکەوتن لەبواری خوێندنەوەی کەلەپووردا لەلای ئێمە، بێتواناییە لەبەگەڕخستنی میتۆدو کەرەستەو زاراوەی لکە مەعریفییەکانی دی.

لەوەش بگوزەرێین راستە زانکۆکان بواری لەدایکبوونی هەندێك کەسی پسپۆڕو تایبەتمەندیان بەئێمە بەخشیوە، بەڵام لەنێوان ئەو زانستانەدا کە

لــەزانكۆ دەخــوێنرێن و گــۆڕینی ئــەم زانــستانە بــۆ كەرەســتەی تێڕامــان و تیۆریزەكردنی واقیعی كوردی خۆی، هێشتا دیوارێكی گەورەو ئەستوور هەیە. ئـەوەی تـا ئـەمڕۆ لـەزانكۆكان وەك ژێرخـانی ئـەكادیمی دەخوێنرێـت، نابێتـە ژێرخانێكی تیۆری بۆ داڕشتنی زانستێكی تایبەت بەكێشەكانی مرۆڤی كورد خـۆی، كۆمەڵناسـەكانی ئێمـە لـەزانكۆ تەخەسـوس لەكۆمەڵناسـییەكی گـشتیدا وەردەگـرن كـەوەرگێڕانی زانیارییـەكان و میتۆدەكـانی بـۆ كـارپێكردن لـەدونیای كورد خۆیدا هێشتا ئەگەرێكی دوورە، لێرەوە زانكۆكان سوودێكیان بەپرۆسەی داڕشــتنی كایــەی زانــستی كــوردیی نەگەیانــدووە، لەزانۆكانــدا بیرۆكــەكان دەناسرێن، زانیارییەكان كۆدەكرێنەوە، بەڵام كایەكان تـەنیا كاتێك دروستدەبن كـەتوانای تیـوریزەكردن بـەو چـەمكە ئەكادیمیانـە دروسـتبووبێت، لـەمڕووەوە تائێـستا فەرهـەنگی نـاو زانكـۆ نەبووەتـە زانـستێك جورئـەتی تیـوریزەكردنی دونیای كوردیی هەبێت، تەخسوس لێرەدا لەسنووری تایبەتبوون لەكتێبەكانی ئەكادیمیاوە ناپەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندبوون لەكێشە فەرهەنگیی و بونیادییەكانی ناو عەقڵ و واقیع، ئەمجۆرە لەپسپۆڕگەرایی نەوەیـەكی دروستكردووە كـەڕۆڵیان لەڕۆڵی مامۆستاوە نەگوازراوەتەوە بۆ رۆڵی بیریـار، لـەڕۆڵی باسكارێكی سادەوە كـەزانیاری دەگوازێتـەوە نەبووەتـە رۆڵـی تیۆریزەكارێـك كـەواقیع دەخوێنێتـەوە. لێـرەوە گـەورەبوونی ژمـارەی دەرچـووانی زانكۆكـان لـەلای ئێمـە لەگـەورەكردنی رووبەری دۆزینەوەدا رەنگی نەداوەتەوە، تائێستا ئەكادیمیا هێندەی فەرمانبـەرو مووچەخۆر دروستدەكات كایەی فەرهەنگی دروستناكات.

هــەردووك ئــەمجۆرە تایبەتمەندبوونــە كــە لــەدونیای رۆشــنبیریی ئێمــەدا باڵادەسـتن، گەیـشتوونەتە بونبەسـت، گـەر دەمانـەوێت لـەو قەیرانـە دەربـازبین دەبێــت ئامــادەگی ئــەوەمان تێــدا بێــت كێــشەكە لەبنــەوەڕا بــەجۆرێكی دیكــە تەماشـابكەین، پەیوەنـدی نێـوان تەخەسـوس و كـۆزانی كەهەنـدێكجار وەك دوو پۆلی پێچەوانە تەماشادەكرێن هیچ نییە جگە لەهەڵەیەك كەئێمەی بەم دۆخەی ئێــستا گەیانــدووە. لەپرۆســەی بیركردنــەوەدا مــرۆڤ دەبێــت لەهاتوچــۆیەكی بەردەوامدا بێت لەنێوان كۆزانین و تەخەسوسدا، لەنێوان مەعریفەتی گشتی و

مەعریفـەتی وردەکـاردا، لـەنێوان کایـەی خـۆی و کایـەکانی دەرەوەدا، بۆئـەوەی زیـاتر مەبەسـتەکەم روونبکەمـەوە لێرەدا سـێ پرۆسـەی سـەرەکی جیادەکەمـەوە کەگرنگن بۆهەر کردارێکی مەعریفی، پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیـاریی، پرۆسـەی ئیشکردن لەناو زانیاریـدا، پرۆسەی سێیەمیش پرۆسەی ئیشکردنە بەزانیاری، واتــە گــۆڕینی زانیارییــە بــۆ کەرەســتەی بەرهــەمهێنانی زانیــاریی دیکــە، لەڕۆشـنبیریی ئێمـەدا هەرسـێ ئـەم پرۆسـەیە بەسـێ ئاقـاری سـستدا دەڕۆن، هۆکاری سەرەکیی ئەو سستییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە دژوارەی ئێمـە لەسـەر تایبـەتبوون هەمانـە، پرۆسـەی کۆکردنـەوەی زانیـاری لای ئێمـە لـەژێر رەحمــەتی ئــەو تێگەیــشتنە تەقلیــدی و دژوارەمانــدا بەڕێوەدەچــێت کــە بــۆ تایبەتبوون و تەخەسوس هەمانە، تائێستا رۆشنبیری ئێمە خۆی لەجوغزێکی بچووکدا دیلـدەکات و سنووری کۆکردنـەوەی زانیارییـەکانی لەهـەرێمی هەنـدێك ماددەو هەنـدێك سـەرنجی گشتیی تێناپـەڕێت، بۆ نموونـە کەنووسـەرێکی ئێمـە لەســەر شــاعیرێکی وەك پیرەمێـرد دەنووسـێت، سـنووری ئیـشکردنی خـۆی و ستراتیژی کۆکردنـەوەی زانیـاریی لـەلای ئـەو لەسـنووری کەڵەکـەکردنی زانیـاری لەسەر پیرەمێردو شیعرەکانی تێناپـەڕێت، ئیشەکەی لـەناو رۆحێکـی ئەرشیفیدا نوقمـدەبێت و لـەویادا دەستپێدەکات و هـەر لەوێشدا دەمرێـت، ئیشەکەی بـرای کۆچکردومان کاك ئومێد ئاشنا لەسـەر پیرەمێـرد رەنگـە دەلیلێکی گرنگـی ئـەو شێوازی کارکردنـە بێـت، لـەماوەی سـاڵانی پێشوودا مـن هـەتا یـەك باسـم لەسـەر کلاسیکیاتی ئەدەبی ئێمە نەخوێندووەتەوە، کە لەسنووری کۆکردنەوەی زانیاری لەسـەر شـاعیر تێپـەڕیبێت و لەتەفـسیری راسـتەوخۆی مانـای شـیعرەکان زیـاتر رۆیشتبێت. تەخەسوس لای ئێمـە لـەپیرەمێرددا بەناو شارەزایی و تێگەیشتندا لەچـۆنێتی شـیعرو تیورییـەکان و مێـژووی شـیعردا تێنەپـەڕیوە، بەسـەر ئـەو پردانـەدا رانـەبوردووە کەشـیعر بەمێـژوو، یـان فەلـسەفە، یـاخود کۆمەڵناسـی، یــاخود هــەر لکێکــی دیکــەی مەعریفییــەوە گرێــدەدەن. لێــرەوە تەخەســوس لەپیرەمێرددا هەرگیز هاوڕێ نەبووە بەپشکنینێکی قووڵی دونیـای شیعر خۆی، یـان گەڕانەوەیـەکی فیکـری نـەبووە لـەتێرم و تێزێکـی فیکرییـەوە بۆ نـاو شیعر،

دۆزینـەوەی نزیکـی و دووریـی جیهـانبینیی شـیعری نـەبووە لەگـەڵ جیهانبینییـە فیکری و فەلسەفییەکانی دیکـەدا. ئـەم کارەسـاتە لەئاسـتی ئـەکادیمیاو دەرەوەی ئەکادیمیاشـدا وەك یەکـە، زۆربـەی ئـەو نامـەی ماجـستێرو دکتۆرایانـەی لەسـەر شیعری کـوردی نووسـراون، بەدەسـت هـەمان کێـشەی داخـران و سـنووربەندیی میتۆدییـەوە دەنـاڵێنن. پرۆسـەی کۆکردنـەوەی زانیـاری لەڕۆشـنبیریی ئێمـەدا، هێشتا بەڕێگەیـەکی سـادەو سـاناو سـەرەتاییدا دەڕوات، کـە لەگـەڵ سـەختی و قووڵبوونـەوەی زانـستەکاندا تـەباو گونجـاو نییـە. بۆئـەوەی چـیتر لـەپیرەمێرد تێبگەین، بەسنییە ئەرشیفی پیرەمێرد بدۆزینەوە، ژیانی بزانین، بەڵکو پێویستە شتێکی زۆر زیـاتر لەسـەر فەلسەفەی زمـان و میتـۆدە نوێکـانی ڕەخنـەو شێوازە تازەکانی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و فەلسەفەی ئەدەب بزانین. ئەم شێوازەی ئـەمڕۆ لـەزانکۆکانی کوردستاندا دەیبینین، کارئاسانییەکی گەورەیـە کەکەسانێك ببنـە پـسپۆڕ لـەبواری ئەدەبیاتـدا، کەهێـشتا زانیـاری سـەرەتاییان لەسـەر خـودی ئـەدەبیات نییـە، بـۆ نموونـە ناکرێـت لەئـەدەبی کوردیـدا پـسپۆڕ بیـت و هـیچ لەئـەدەبیاتی دونیـا نـەزانیت. بـەڵام ئـەو تەماشـا رووکەشپەرسـتە بـۆ مەسـەلەی تەخەسـوس وایکـردووە، زانکۆکـانی ئێمـەو دەزگـا رۆشـنبیرییەکانمان پـڕبن لەکەسانێك کەدکتۆرایان لەشاعیرێکی کورددا هەیە، بێئەوەی کەمترین زانیارییـان لەسەر هیچ ڕێبازو میتۆدێکی فەلسەفی و ئەدەبی ئەم دونیایـە هـەبێت. خـەڵکانێك ببن بەهەڵگری دکتـۆرا لەقانعدا بێئـەوەی وشـەیەك لەسـەر تیـۆرە سـەرەتاییەکانی ناسـیۆنالیزم بـزانن. ببنـە خـاوەن دکتـۆرا لەگۆرانـداو کەچـی وشـەیەك لەسـەر فەلسەفەی مۆدێرنەو ئاڤانگاردییەتی ئەدەبی نـەزانن. بـەڕای من ئـەم کارەسـات و مەرگەساتە فیکرییە کەئەمڕۆ دونیای ئێمەی تـەنیوە، ریـشە قووڵەکـەی لـەوجۆرە تەماشـــاکردنەی تەخەسوســـدا بنجبەســـتە. ئـــەو تێگەیـــشتنە دژوارەیـــە بواریکردووەتـەوە نـەزانین ئاسـان بخزێتـە دونیـای ئـەکادیمی ئێمـەوە. پرۆسـەی کۆکردنـەوەی زانیـاری تائێـستا لـەدونیای ئێمـەدا پرۆسـەیەکی سـەرەتایی و نازانستییە.

بۆئــەوەی بتــوانین ڕۆیفــۆرمێکی قــووڵ لــەبواری خوێندنــەوەی ئــەدەبیات و مێــژووی خۆمانــدا پیادەبکــەین، دەبێــت دەســتکارییەکی قــووڵی سیــستمی کۆکردنەوەی زانیاری بکەین. لەسەرەتای سەدەی بیستدا کەخوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەدەبیاتی خۆمان دەستپێدەکات، کەهەستدەکەین دەبێت مێژوویەك بۆ ئەو ئەدەبیاتە دابڕێـژین، ئەو هەولانەی دەدرێـن هێشتا سـەرەتایین و لەجیهانێکەوە سەرچاوەدەگرن پەیوەنـدی کـەلتووری و مـەعریفی بـەدەرەوەی خـۆی زۆر کـزە، واتــە کەرەســتەکانی پەیوەنــدی نەگەیــشتوون و پردەکــانی پەیوەنــدی هێــشتا نەکراونەتــەوە. لێــرەوەڕا ئاســاییە مێــژووی ئــەدەبیاتی ئێمــە بــەمیتۆدێکی پۆلێنکاری سەرەتایی دەستپێبکات وەك لای سوجادی دەیبینین، بەلام ئاسایی نییـە ئـەمڕۆ ئێمـە هێشتا لـەو جـوغزە دەرنەچووبین، قوتابیـانی ئێمـە تائێستا دەتوانن بێئەوەی شارەزای ئەدەب بن، ببن بەشارەزای ئەدەبی کوردی، بێئـەوەی هیچ لەفەلسەفەی مێژوو بزانن، ببن بەپسپۆڕ لەمێژووی کوردیدا، بێئەوەی شتێك لەتیۆرە فیکری و سیاسییەکان بزانن ببن بەپسپۆڕ لەبواری خوێندنەوەی بزاوتـی سیاسی کوردیدا، ئەمەش کۆمیدیایەکی بێئەندازە ڕەشـە، کەواقیعی ئـەدەبیات و ئـەکادیمیای ئێمـە بەدەسـتییەوە دەناڵێنێـت. تەخەسـوس لـەبواری ئـەدەبیاتی کـوردی و مێـژووی کـورددا وەك لکێـك خـۆی لەتەخەسـوس لەئـەدەب و مێـژوو جیاکردووەتەوە، لێرەوە ئەو دەرفەتە دروستبووە کەسانێك دکتۆرا لـەگۆران یـان مەحویـدا وەرگـرن، کەچـی هـیچ شـتێك لەشـیعر نـەزانن، ڕاسـتکردنەوەی ئـەم هاوکێــشەیە پێویــستی بەهەڵتەکانــدنی ئــەو بۆچــوونەمان هەیــە دەربــارەی تایبەتبوون.

جیاکردنەوەی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئێمە لەتیورییەکانی ئەدەب، لەبۆتیکا، لەسۆسیۆلۆژیاو فەلسەفەی ئەدەب، کارێکی نەکردەیە. بۆئەوەی بتوانین لەسەر ئــەدەبی کــوردی خــۆی ئیــشبکەین، دەبێــت لەســەر گــەورەکردنی قــەوارەی زانیارییــەکانمان کاربکــەین. ئــەوەی ژیــانی ڕۆشــنبیری ئێمــەی ئیفلیجکــردووە، نــەبوونی پرۆســەیەکی مەنهــەجیی کۆکردنــەوەی زانیارییــە، دیــارە ڕۆشــنبیریی لەبنەڕەتـدا لەڕێگـەی کۆکردنـەوەی زانیارییـەوە دروسـت نابێـت، بـەلام لەڕێگـەی

کۆکردنەوەی زانیارییەوە دەستپێدەکات. واتە هەر ڕۆشنبیرییەکی دونیا کێشەی لەم وێستگە سەرەتاییەدا هەبوو، ئەوا کێشەیەکی بونیادی قوولْ و گەورەی هەیە. گەر ئەم کێشەیە سروشتێکی ئەکادیمیشی وەرگرتبێت وەك لەئێستای کوردستاندا دەیبین، ئەوا مانای چۆتە ئاستی قەیرانێکی کوشندەوە. بەبڕوای من بەبێ دروستبوونی توانایەکی مەعریفیی کەبشێت لەنێو کایەکاندا هاتوچۆ بکات، کەرەستەی کایەکان لەناو یەکدا بگوازێتەوە، هێزی هەبێت دەرەنجامە فیکرییەکانی بوارێك لەبوارێکی دیکەدا بخاتەوە کار، ناتوانین لەم تارماییە ترسناکەی تایبەتبوون رزگارمان بێت. تایبەتبوون ئەوە نییە بەکۆمەڵێك میتۆدی پۆڵێن و وەسفی سەرەتایی بەرەنگاری کێشەیەك ببینەوە، ئەوەیە بەهەمەڕەنگی کەرەستەکان و کەڵەکەکردنی زانیاری جیاوازو ئەزموونکردنی پرۆسیسی مەعریفی جودا جودا بەسەر یەك دیاردەدا، بەرابەر کێشەیەك بوەستینەوە. تەخەسوسی راستەقینە بەگەڕخستنی کۆمەڵێك کەرەستەی جیاوازە لەشیکردنەوەو خوێندنەوەی یەك دیاردەدا، تایبەتبوون داخستنی سنووری کایەیەك نییە لەڕووی کارو دەرەنجام و زاراوەی کایەکانی تردا، بەڵکو نیشانەگرتنەوەیە لەیەك مەبەست لەگۆشەی جیاواز جیاوازەوە. بۆ نموونە تایبەتبوون لەهونەردا ئەوەیە کە دواجار بتوانین میتۆدە جیاوازەکانی تەفسیر لەخوێندنەوەی هونەردا بخەینەگەڕ، پسپۆڕی بواری هونەر کەسێك نییە کەپەیوەندی بەمێژوو و دین و سایکۆلۆژیاو فەلسەفەوە نییە، وەك لەجیهانی ئێمەدا باوە، بەڵکو کەسێکە دەتوانێت هەموو ئەو کایانە بۆ تێگەیشتن لەهونەر چالاك بکات. تایبەتبوون بریتییە لەتوانای پەلکشان بۆ جێگاکانی دی و هێنانەوەی دەرەنجامەکان بۆ کایەی خۆت. لێرەوە کایەیەکی زانیاری و ئەدەبیی بوونی نییە پێویستی بەکایەکانی دی نەبێت، پێویستی بەگشت نەبێت لەناو بوارە مەعریفییەکانی دیکەدا... قووڵبوونەوە بریتی نییە لەوەی دەرگای کایەیەك داخەین و شورا بەدەوری ئیشکردن و دەرەنجامەکانیدا بکێشین، بەڵکو بەپێچەوانەوە تایبەتبوون بریتیە لەدروستکردنی دەستێکی مەعریفی لەناو کایەکدا بتوانێت پەلبهاوێت و لەجێگەی دیکەوە کەرەستەی بیرکردنەوەو

هەڵکۆڵین بگوازێتەوە بۆ ناو کایەی خۆی، هیچ کایەیەکی زانستی یان ستاتیکی نییە پێویستی بەچاوێکی دیکە نەبێت، لەدەرەوە بێت و کۆمەڵێك ڕەهەندی نهێنی ناوخۆی بۆ ئاشکرا بکات.

ئەم قۆناغە سەرەتاییەی ئیشکردنی مەعریفی لەدەرەوەی لۆژیکی تایبەتبوون دەستپێدەکات، بەڵام لەقۆناغی دواتردا قۆناغی ئیشکردن لەناو زانیارییەکاندا شتێك لەتایبەتبوون نزیکدەبینەوە، بێئەوەی لەناو هیچ کایەیەکدا نوقمبین. لەم قۆناغەدا کەرەستەکانی دەرەنجامهێنان و بیرکردنەوە دەخەینە بەر ئەزموونە سەرەتاییەکانی کارکردن. ئەو زاراوانەی لەجێگەی دییەوە دەیانهێنین، ئەو چەمکانەی لەشوێنی تر قەرزیاندەکەین هەوڵدەدەین لەناو سیستمێکی فیکری دیکەو لەجێگەیەکی تردا تاقیانبکەینەوە. بەبێ ئەم قۆناغە، پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفی ناتوانێت بگاتە هیچ ئەنجامێك. مرۆڤ ناتوانێت دەرەنجامی ئامادەی هیچ فیکرێك لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دی بگوازێتەوە، بەڵکو دەتوانێت میتۆدەکانی کارکردن و تێڕامان تاقیبکاتەوەو بیانخاتە سەر شێوەیەك بشێت ببنە کەرەستەی بیرکردنەوەی خۆی. هەڵەی هەرە گەورەی مارکسییستەکانی خۆرهەڵات ئەوەبوو کە لەبری میتۆدەکانی کارکردن، دەرەنجامە ئایدۆلۆژییەکانی مارکسیزمیان دەگواستەوە، واتە لەمێژووی مارکسیزمی خۆرهەڵاتیدا، قۆناغی ئیشکردن لەسەر چەمکەکان خۆی بوونی نەبوو. لێرەوە نوشوستی مارکسییەت لەدەڤەری ئێمەدا بەرلەوەی نوشوستێکی ئایدۆلۆژی بێت، نوشوستێکی مەعریفییە، دەرەنجامی ئیشنەکردنە لەناو چەمکەکان و زاراوەکان خۆیاندا. ئەمڕۆ هەمان هەڵە لەژیانی ئەکادیمی ئێمەشدا دووبارە دەبێتەوە. کاتێك دەبینین لەزانکۆکاندا قوتابخانە فیکرییەکانی خۆرئاوا زۆر روکەشگەراو سەتحییانە دەخوێنرێن، بێئەوەی ئیشێکی ناوخۆیی و لۆکاڵیانە بکرێت بۆ دروستکردنی پردێك لەنێوان گوتەزای کایە ئەکادیمییەکان و زەمینە واقیعییەکانی ئێمەدا. قەیرانی گەورەی زانکۆکانی کوردستان و بڕێکی گەورەی ئەو ئەکادیمیستیانەی کوردیش کە لەزانکۆکانی دیکەی دونیادا دەخوێنن، ئەوەیە کەپرۆسەیەکی ئیشکردن و لۆکاڵاندنی زانستەکان لەگۆڕێ

نییە وابکات زانستە ئەکادیمییە موجەرەدەکان بین بەکەرەستەی ئیشکردن لەدونیای کۆنکریتی ئێمەدا. واتە ئێمە بەزەحمەت لەقۆناغی کۆکردنەوەی زانیارییەوە دەچین بۆ قۆناغی ئیشکردن و گونجاندن و هەڵبژاردنی زانیارییەکانمان بەجۆرێك رەهەندی پراکتیکیان بەهێزبکات و بیانگۆڕێتە سەر کەرەستەی تەفسیرکردنی مەنهەجیی بۆ دونیای ئێمە. بەڕای من گرنگ نییە بەتەنیا زانیاری تەواومان لەسەر ئەرکیۆلۆژیای فۆکۆیی، یان تەفسیریی ئۆدیبی فرۆیدی، یاخود واقیعی فیرتوئێلی بۆدریلارد یان هۆمۆساکەری ئاگامبن یان هەرتێزێکی دی هەبێت، بەڵکو گرنگ ئیشکردنە لەناو ئەو چەمکانەدا بەجۆرێك رەهەندی پراکتیککردنیان بەرامبەر دونیای ئێمەو واقیعی ئێمە تێدا بەهێز بێت. گرنگ دۆزینەوەی ئەو تەوەرو رێگایەیە کە وادەکات چەمکێکی گرنگی فیکری خۆرئاوا رۆڵێکی گرنگ لەخوێندنەوەی کێشەیەکی ئێمەدا ببینێت، تایبەتبوون و تەخەسوسی تەسك دەرفەت بەم گواستنەوەیە نادات. تەخەسوس لەدونیای ئێمەدا لەباشترین حاڵەتدا لەسنووری وەرگرتنی زانیارییەکاندا دەوەستێت. تەخەسوس جۆرە جووڵەیەکی بەرتەسك و فەنتازیایەکی بەرتەسکی کردووەتە رۆحی باسکارانی ئێمەوە کەنەوێرن لەدەرەوەی بوارەکانی خۆیان بجووڵێنەوەو فەنتازیای مەعریفی تێدا کوشتوون، لێرەوە لەئەکادیمیاکانی ئێمەوە قسەیەك و تێزێك نایەتەدەرێ گرنگ بێت و کۆمەکمان پێبکات باشتر لەواقیع تێبگەین، چونکە لەبنەڕەتدا بۆئەوەی پەیوەندی تیۆرەو پراکتیك بەهێز بکەین پێویستمان بەوەیە لەلۆژیکی تەسکی تایبەتبوون دەربازبین و لەنێوان دونیای ئێمەو چەمکە نامۆکاندا پردێك دروستبکەین. بەبێ ئەم پرۆسەیە لەدایکبوونی زانستێك لەگەڵ کێشەکانی کورددا دەرگیربێت و قاچیشی لەفیکرو زانستی نوێ نەپچڕابێت، نەکردەیە. زانیارییەك قووڵ ریشەی لەناو فیکری مۆدێرندا نەبێت، لەئاگاییەوە لەو فیکرەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، نرخێکی راستەقینەی نییە. بەڵام زانیارییەکیش بەشی ئەوە کاری لەسەر نەکرابێت، رەهەندە پراکتیکییەکانی بەهێز نەبووبێت بکرێت دونیای خۆمانی پێبخوێنینەوە، ئەویش نرخێك و بەهایەکی گرنگی نییە.

تەنیا لەسێیەمین ئاستدا دەکرێت مرۆڤ بێترس قسە لەتایبەتبوون بکات، ئەو قۆناغەی تێیدا زانیاری و ئەزموونی میتۆدی و زەخیرەی زاراوەییمان بەکاردەهێنین بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری بەرابەر بەکێشەیەکی تایبەتی لەبوارێکی تیبەتیدا. تەخەسوس شتێك نییە لەسەرەتای کاری مەعریفیدا دەستپێبکات، بەڵکو ئاراستەکردنی دەرەنجامەکانی نێو پرۆسەیەکی دوورو درێژە، بەجۆرێك لەناو کایەیەکدا بگیرسێتەوەو لەڕوونکردنەوەی کێشەیەکدا چالاك بێت. تایبەتبوون بریتییە لەبەگەڕخستنی زانیارییە تایبەتی و گشتییەکانی ناو کایەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی مەعریفی. بۆئەوەی بشتوانین لەهەر کایەیەکدا زانیاری نوێ بەرهەمبهێنین، دەبێت بتوانین لەناو ئەو کایەیەدا بەرەنجامی کارکردنی بوارەکانی دیکەو فەرهەنگەکانی دیکە بچێنین. واتە تەخەسوسی راستەقینە لەوەوە دروستدەبێت کە لەمەرجەعییەتدا یۆنفرسال و گەردونگەراو فرە سەرچاوە بین. بەڵام لەپراکتیکدا لۆکاڵ و کێشەدۆزو تیشکۆکاربین. مەبەستم لەکێشەدۆزی ئەوەیە زانیارییەکانی خۆمان بۆ دۆزین و پشکنینی کێشەیەك بەگەڕبخەین. مەبەستیشم لەتیشکۆکاری ئەوەیە هێزی چڕکردنەوەی پرۆسەی پراکتیکییەکەمان لەسەر خاڵێکی دیاریکراو هەبێت. کەواتە تایبەتبوون بریتییە لەچڕکردنەوەی مەعریفەتێکی پەرت لەپرۆسەی تێڕاماندا لەکێشەیەکی دیاریکراو بەبێ ئەو مەعریفە پەرتە گەیشتن بەساتی چڕکردنەوە ئەستەمە، بەبێ چڕکردنەوەش هەر مەعریفەتێك لەعەرەب و فارس و خۆرئاوا وەریدەگرین، بۆ تێگەیشتن لەکێشەکانی دونیای کورد سوودێکی ئەوتۆی نییە. چونکە دواجار مەعریفەت بریتییە لەکۆکردنەوەی کۆمەڵێك رووناکی لەپێناوی دروستکردنی گورزەیەك تیشکدا کەئاراستەی تیشکۆیەکی تایبەتی دەکەین، تا لەوێدا تاریکی ناوەوەی گرفتێکی پێ بخوێنینەوە. واتە تەخەسوس ئەوە نییە لەناو کێشەیەکدا دەستپێبکەین و لەویاشدا بمرین. تەخەسوس ئەوەیە دوور لەکێشەیەك دەستپێبکەین و زیاد لەجێگەیەکدا بجولێین و بەزیاد لەڕێگەیەکدا بڕۆین تا لەوێوە دەگەینە سەنتەرێکی دیاریکراو، دواتریش بەزانیاریی نوێوە لەو سەنتەرە دێینە دەرێ بۆئەوەی بەرەو جێگەیەکی

دیکه بڕۆین. ئەو عەقڵە پسپۆڕانەی ئەکادیمیای کوردی و خوێندنی ئەکادیمی بەگشتیی بۆ کورد دروستیکردوون، عەقڵگەلێکن لەجێگەیەکدا لەدایکدەبن و دواتر ناتوانن بەهیچ ڕێگەیەکی دیکەدا بڕۆن. لێرەوە ئەوانەی دکتۆرایان لەڕێزماندا هێناوە، توانایان نییە لەسەر فەلسەفەی زمان قسەیەك بکەن. ئەوانە دکتۆرایان لەگۆراندا هێناوە ناتوانن بەدوو دێڕ لەسەر ئەزموونی شێرکۆ بدوێن. یان هەر لەدەرەوەی ئەو باسانەی بۆ وەرگرتنی شەهادەکانیان دەینووسن توانایان نییە دواتر نووسینێکیان هەبێت... تەخەسوسکارانی ئێمە لەو پیاوە گوندنشینە دەچن کە لەگوندەکەی خۆیدا لەدایکدەبێت و لەویاشدا دەمرێت، تووشی ئەو وەهمەش بووە کەگوایە چونکە هەرگیز گوندی خۆی جێنەهێشتووە، کەواتە دەتوانێت باشتر تێیبگات و بیبینێت. لەکاتێکدا تەخەسوسکاری راستەقینە گەڕیدەیەکە لەوسەری دونیاوە بەناو کۆمەڵێك دەڤەرو زەمینی جۆراوجۆردا دەڕوات و دواتر لادەداتەوە گوندەکەی خۆی. تەنیا ئەویش دەتوانێت باشتر گوندی خۆی ببینێت، چونکە تەنیا ئەو دەتوانێت ئەزموونی بینینی دونیا لەگەڵ ئەزموونی گوندی خۆیدا بەراورد بکات و تێکەڵاو بکات. هەر ئەویش دەتوانێت لەگوندەکەیدا گیایەکی جیاوازو درەختێکی ناوازە هەبێت، تۆوەکەی هەڵگرێت و بەرەو دونیا بگەڕێتەوەو دووبارە دەستبکاتەوە بەسەفەر.

# کورتەیەک دەربارەی ژیان و فەلسەفەی گۆتە

مەریوان عەبدول

**یەکەم: ژیانی گۆتە**

**فەیلەسوف ئەڵمانی یۆهان ڤۆڵفگانگ گۆتە لە٢٨ی ئابی ساڵی ١٧٤٩ لەشاری فرانکفۆرت لەدایکبووە، کە دەکەوێتە سەر رووباری (ماین)، وەك خۆی دەڵێت ئاماژە گەردوونییەکان لەکاتی لەدایکبوونیدا رووی باشیان پیشانداوە، ئەگەر نا بەهۆی نەزانیی مامانەکەمەوە دەمردم، پاش تێکۆشانێکی زۆر چاوم بەڕۆشنایی کەوت، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی بۆ خێزانەکەم ناخۆشبوو، بەڵام بۆ خەڵکی ناوچەکە بووە خێر، چونکە باپیرم عومدە بوو، ئەم رووداوە بووە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی خوێندنی مامانی بچەسپێنێت یان چاکسازیی تێدابکات.**



**باوکی ناوی یۆهان کاسپەر گۆتە بووە، کوڕی پیاوێکی بەرگدروو بووەو ئاستی بژێوی ژیانیان باش بووە[1]، لەقوتابخانەی ناوەندی کۆبۆرگ خوێندویەتی، یەکێك بووە لەقوتابخانە باشەکانی ئەڵمانیا، پاشان لەزانکۆی لایبتسگ یاسای خوێندووە، دکتۆرای بەدەستهێناوە لەزانکۆی جیسن[2].**

**دایکیشی کاترینا ئیلزابێس، کچی تەکستوری عومدەی فرانکفۆرت بووە، گۆتە کاریگەری دایکی زۆر لەسەر بووە، چونکە**

دایکی خۆشەویستییەکی زۆری هەبووە بۆ دراماو شیعر[٣]، ئەمەش بەتەواوی رەنگیداوەتەوە لەژیانی گۆتەداو ناوبانگی لەدراماو شیعردا لەپێشەوەی ناودارانی ئەو بوارەدایە.

لەبەرئەوەی باوکی گۆتە خوێندەوارێکی ئاست بەرز بووە، حەزیکردووە خۆی منداڵەکانی فێری خوێندن بکات، بۆیە سەرەتای خوێندنی گۆتە لای باوکی بووە، ئەگەرچی خوێندنی هاوبەشیشی هەبووە، بەڵام وەك خۆی دەڵێت خوێندنی هاوبەش سودی پێنەگەیاندووە. بەهۆی توانای زۆری گۆتەوە باوکی زوو بڕیاریدا بینێرێت بۆ زانکۆی لایبتسگ بۆ خوێندنی یاسا[٤].

لەساڵی ١٧٧١ توانی تێزی دکتۆراکەی بەزمانی لاتینی بەدەست بهێنێت، بەناونیشانی (مافی دەوڵەت بۆ سەربەخۆبوونی لەکەنیسە)، کۆلیژەکەی ئەم تێزەیان قبوڵکردو توانی لەتاقیکردنەوەدا دەربچێت، لەگەڵ ئەوەی ئەوپلەییەی بەدەستهێنا، بەڵام حەزینەدەکرد کاری پارێزەری لەفرانکفۆرتدا بکات، تەنیا بۆماوەیەکی کەم ئەو کارەی کرد[٥].

پەیوەندی هاوڕێیەتی گۆتە لەگەڵ (هێردەر) و (شیلەر) کاریگەری لەسەر داناوە[٦]، بەتایبەتی کاریگەری هێردەری لەسەر بووە، چونکە چەند جارێك لەستراوبۆرگ لەگەڵ هێردەردا دانیشتووەو هێردەر لەدانیشتنەکاندا لایەنی زاڵبووە، گۆتە خۆی گوتویەتی ئەو هەسارەیەکەو بەدەوری خۆری هێردەردا دەخولێتەوە، بەڵام دکتاتۆرییەکەی هێردەری پێناخۆش بووە، لەسەر ئامۆژگاریی هێردەر گۆتە بەدوای گۆرانی میللیدا چووەو لەناو جووتیارەکانی ئەلزاسدا کۆی کردوونەتەوە، هەر خۆی دەڵێت: هێردەر فێریکردم کە هونەری شیعر بەخششێکی جیهانییەو بەخششێکە بۆ گەلان، میراتێکی تایبەت نییە بەهەندێك رۆشنبیری راهێنراو[٧]. (رۆسۆ) و (دیدرۆ) و (شکسپیر)ی خوێندووەتەوە، زانستەکانی کیمیاو توێکاریزانی و زانستی لەدایکبوونی خوێندووە، سەرباری بەردەوامبوون لەخوێندنی یاساداو لێکۆڵینەوە لەبارەی ئافرەتەوە[٨].

بەهەمانشێوە کاریگەری (سپێنۆزا)ی لەسەر بووە، بەتایبەتی سەبارەت بەیەکێتی بوون لای سپێنۆزا، سەرسام بووە بەگەشبینی (لایبنز)، سەرسامیشی

بە(کانت) لەو گوتەیەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەڵێت: ئەوەی لەسروشتدا هەیە بۆ ئەوە دروستکراوە خزمەتی مرۆڤ بکات لەژیاندا[٩].

گرنگترین بەرهەمەکانی (ئازارەکانی ڤێرنەر) و (ئیگمۆنت) و (فاوست)ە، ئەمەی دواییان گرنگترین بەرهەمی گۆتەیەو گۆتەی پێناسراوە، ئەم درامایە زۆرێك لەبیریارو ئەدیبە گەورەکان بەیەکێك لەبەرهەمە ئەدەبییە جیهانییە باشەکانیان داناوە، (فردریش شلێگڵ) گۆتەی بە(دانتی) چواندووە، (جان پۆڵ ریشتەر)یش بە هاوتای شکسپیری داناوە[١٠]، جگە لەوانە گۆتە بەشداری کردووە لەدەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی مانگانە ناوی (دای هۆرین و هۆرای) بووە، ئەم گۆڤارە (شیلەر) دەریدەکرد، داوای لەگۆتە کرد بەگوتارەکانی بەشداری تێدابکات، ئەویش رازی بوو، شیلەر جارێکیتر داوای لەگۆتە کرد بەشداری لەگەڵدا بکات بۆ دەرکردنی خولییەك بەناوی (هەڵسەنگاندنی ساڵانەی شیعر) گۆتە لەساڵی ١٨٣٢ لەڤیمار کۆچی دوایی کردووە[١١].

**دووەم: فەلسەفەی گۆتە**

زۆرجار کە ناوی گۆتەمان دێتە بەرگوێ زیاتر وەك شاعیرو شانۆ نوسێك باسدەکرێت، نەك وەك فەیلەسوفێك، لەوانەیە هۆی ئەمەش ئەوەبێت گۆتە راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ فەلسەفەیەکی ئەبستراکتدا نەکردبێت وەك فەیلەسوفانی دی، یان بەزمانی ئەوان لەفەلسەفەو بابەتە فەلسەفییەکان نەدوابێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ناکرێت گۆتە بەفەیلەسوف نەژمێردرێت، چونکە ئەگەر لەبەرهەمەکانی وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت لەدەرگای بابەتە فەلسەفییەکانی داوە.

ئارەزووی گۆتە بۆ فەلسەفە لەئاستێکدا بووە خەریکبووە بەسەریدا زاڵببێت و واز لەشیعر بهێنێت، ئەو توانیبووی بەهۆی فەلسەفەوە ئەدەبەکەی بەرەو چاکسازیی و باڵابوون بەرێت، یان باشتروایە بڵێین ئەدەبەکەی هۆیەك بووە بۆ پیشاندانی فەلسەفەو تێڕوانینە گشتییەکانی[١٢].

گۆتە زۆر گرنگی بەدیالێکتیکی نێوان قوتابخانە فەلسەفییەکان نەداوە، بەڵکو زیاتر گرنگی بەلێکۆڵینەوەو راڤەکردنی سروشت و مانای ژیان دەدا، فەلسەفەکەی زیاتر فەلسەفەیەکی پراکتیکی بووە، لەم بارەیەوە خۆی دەڵێت:

هــیچ حەقیقــەتێك نییــە، ئەگــەر بەرهەمــدار نــەبێت[١٣]، بۆیــە لەســەرەتای دەستپێکردندا ئەوەی گرنگە کارە نەك گوتە، لەبەر ئەوە ئێمە زیاتر حەقیقەت لەکرداردا بەدی دەکەین نەك لەهزردا، لێرەوە پێویستە هزر هۆکارێك بێت بۆ کارکردن نەك ئەڵتەرناتیڤی بێت، دانیشی بەوەداناوە سروشتی کۆتایی حەقیقەت لەدەرەوەی جیهانی ئێمەدایە، ئەمەش وای لێکردووە جەخت لەسەر گرنگی فەلسەفەی پراکتیکی بکاتەوەو پێیوابێت هزر بەبێ ئافراندن (ابداع) زۆر خراپتربێت لەئافراندن بەبێ هزر، بەمشێوەیە گوزارشت لەم بۆچوونەی دەکات: هەر شتێك عەقڵ ئازاد بکات بەبێ ئەوەی توانای زاڵبوونمان بەسەر دەروونماندا پێببەخشێت ئازار بەخشە[١٤].

لەگەڵ ئەوەی گۆتە لەخێزانێکی خانەدان و دەوڵەمەند بوو، ناخۆشی هەژاری نەچەشتبوو، بەڵام بیری لەلای هەژاران بوو، خوازیاری ئەوە بوو ئەوانەی خوا پێداون ماڵ و سامانەکانیان لەگەڵ هەژاراندا بەش بکەن و هەژاران زیاتر سوود لەسامانی ئەوان وەربگرن، پێویستە باجی زیاتر بەسەر خانەدان و دەوڵەمەندەکاندا بسەپێنرێت و لەسوودو بەرژەوەندی هەژاراندا خەرج بکرێت. ئەو بنەما رەوشتییەی گۆتە پەیرەوی لێدەکرد بریتی بوو لە: بژی، وا لەبەرامبەرەکەشت بکە بژێت[١٥]. ئەم تێروانینەی گۆتە لایەنی مرۆڤدۆستی فەلسەفەی گۆتە دەردەخات، لایەنێکی گرنگیپێدانی فەلسەفەکەی لەدەوری مرۆڤ دەخولێتەوە، ئەمەش نەك تەنیا داواکردنی ئەوەی مرۆڤەکان مافی ژیانی ئاسایی خۆیان بۆ بگەرێتەوە، بەڵکو داوا لەهاوتا مرۆڤەکەی دەکات نەك تەنیا گرنگی بەژیانی خۆتبدەو بەس، بەڵکو یاریدەدەربە بۆئەوەی هاوتا مرۆڤەکەشت بژی، واتا هاوکاری و یارمەتی دەریبەو ژیانی ئەوانی دیکەت بەلاوە گرنگ بێت، لەهەمان کاتدا داوا لەدەوڵەمەندەکان دەکات تەنیا لەخەمی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆیان و تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆیاندا نەبن، بەڵکو بیری هەژارو کەمدەرامەتەکانیشیان هەبێت.

ئەگەرچی گۆتە باوەڕدار نەبووە بەئاینی مەسیحی، بەڵام باوەڕی بەیەکێتی بوون (وحدة الوجود) هەبووە، لەمەشدا کاریگەری (سپینۆزای) لەسەر بووە، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لەسپینۆزا هەستیبووە بەرامبەر بەسروشت، چونکە گۆتە

هەستی بەرامبەر بەسروشت بەپلەی یەکەم هەستێکی سۆفییانە بووە، لەمەشدا زیاتر لە(شیلنگ) نزیکە، لەو بۆچونەشدا کە دەڵێت ئەوەی لەسروشتدایە بەجۆرێك لەجۆرەکان بریتییە لەڕۆح، نزیکە لە(لایبنز)ەوە. فەلسەفەی زانست لەلای گۆتە لەسەر بیرۆکەی بەرامبەرکردن یان لێکدژیی پێش وەخت وەستاوە، نمونەی ئەمەش بوونی چاکەو خراپەو هەڵکشان و داکشان و گرتن و بەرەڵاکردنە، ئەم دیاردانە لەدەریاکان و سوڕی خوێن و ریتمی گشتی جوڵە و چالاکی دڵ و چالاکی مرۆڤەکان و...هتددا بەدی دەکرێت[١٦].

سەبارەت بەتێڕوانینی گۆتە بۆ ئایین، ئەو خۆی دەڵێت من دوژمنی ئایین نیم، بەڵام باوەڕم پێی نییە، لەم بارەیەوە گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە تێڕوانینی خۆیمان بۆ روون دەکاتەوەو دەڵێت: من لەکاتێکدا بیر لەسروشت دەکەمەوە لەبانگگەشەکەرانی یەکێتی بوونم، کاتێك شیعر دەنوسم فرە خوام، بەڵام لەئەخلاقدا باوەڕم بەیەکتایی هەیە، لەگەڵ ئەوەی باسکرا مرۆڤ لای گۆتە تێکەڵەیەکە لەماددەو رۆح، زەمینی و خوایی[١٧]، وادەردەکەوێت گۆتە گرنگیدانێکی زۆری دابێت بەئەخلاق هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی کە رادەگەیێنێت گرنگی نادات بەئایین، بەڵام تێڕوانینی بۆ ئەخلاق تێڕوانینێکی ئایینییە یان سەرچاوەیەکی ئایینی هەیە، چونکە ئەو باوەڕی وایە پێویستە مرۆڤ لەڕووی ئەخلاقییەوە یەکانگیربێت و هێڵێکی گشتی هەبێت لەڕووی ئەخلاقییەوە مرۆڤەکان بەیەکەوە ببەستێت.



## فاوست

گرنگترین و بەناوبانگترین بەرهەمی گۆتە شانۆگەری فاوستە، ئەم شانۆگەرییە بۆزۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە، ناوی گۆتە بەستراوەتەوە بەناوی شاکارەکەی فاوستەوە، بەشێکی زۆری فەلسەفەکەی لەفاوستدا بەشێوەیەکی تایبەتی خستووەتەڕوو.

ئــەم شــانۆگەرییە ئەگەرچــی مەبەســت لێــی خــستنەڕووی تێڕوانینــە فەلسەفییەکانییەتی، بەڵام بــەڕوونــی ژیانی تایبەتی گۆتەی تیادا بەرجەستە دەبێت، واتا کاراکتەری شانۆگەرییەکە کە فاوستە زۆرجار گوزارشت لەکەسایەتی گۆتە خۆی یان دۆخێکی تایبەتی ژیانی گۆتە دەکات[١٨].

فاوســت کــە پاڵــەوانی شــاکارەکەی گۆتەیــە، وێنــەی کەسـێکی بێئــارام و نــاجێگیرەو رازی نییــە بــەو ژیانــەی هەیــەتی، ئەگەرچـی زانـست و زانیارییــەکی زۆری بەدەسـتهێناو زۆربــەی زانـستەکانی خوێنـدووەو گەیـشتووەتە بــەرزترین پلەی زانستی، بەڵام ئەمانە هیچ لەو بێئارامییە رۆحیی و دەروونییەی ئەویان کـەم نەکردووەتــەوە، ئەمــەش لەســەرەتای بەشــی یەکــەمی شــانۆگەرییەکەیدا لەســەر زمـانی فاوست دەبیـستین: ئـاه: ئائـەوەتا بەهـەوڵێکی گـەرم و گـوڕ لەخوێنـدنی فەلــسەفەو یاســاو پزیــشکیدا قــوڵ بوومەتــەوە، بەهەمانــشێوە لەخوێنــدن و لێکۆڵینـەوەی لاهوتـدا، بـەداخێکی زۆرەوە. ئـەوەتا مـن ئێـستا ڕاوەسـتاوم، مـنی گەمـژەو هـەژار، هـیچ شـتێکم لـەزیرەکی نییـە تـەنیا ئـەوە نـەبێت کـە لـەوەو پـێش هەمبووە! بەڵێ! من ناو دەبرێم بەمامۆستا، بەڵکو بەدکتۆر...[١٩].

نــاوەڕۆکی ئــەم شــانۆگەرییە بریتییــە لەســەفەرێکی مەعنــەوی فاوســت لــەمرۆڤێکی زانــستخوازو رەخنــەگرو لێکۆڵــەرو دڵنیــاوە، بــەرەو مرۆڤێــك کــە هەوڵودای دۆزینەوەی حەقیقەت و مانای راستەقینەی ژیانە، گۆتـە ئـەو مانایـەی بەشێوەیەکی شاعیرانە وەك رێگایـەك بەرەو خـودا باسکردووە بەبێئـەوەی گۆتـە خۆی کەسێکی مەسیحی بێت[٢٠].

بۆیە فاوست لەپێناو رزگاربوون لەو جیهانە بەرتەسکەی تیایدایە، ئامادەیە ژیـانی خـۆی بخاتـە مەترسـییەوەو سەرکێـشی ئەنجامبـدات بەمەبەسـتی بـڕینی هەنگاوێکی دی، تا لەو جیهانە بەرتەسکەوە بەرەو جیهانێکی ئەفسوناوی سەفەر بکـات، ئەگەرچـی سـەر ئەنجامەکەشی نـەزانێت، فاوسـت خـۆی گوزارشـت لەمـە دەکات و دەڵێت: بڕیارمـدا ئـەم رۆخـە بـەجێبهێڵم و بـەم خەرەنـدەدا سـەربکەوم، بەدوای ئەو رۆخەی تردا کە لەپشتییەوەیەتی لەبەرزاییدا. من خۆم وادەبینم بـەم هەوڵــەم نزیــك دەبمــەوە لەمەترســی و ئــەمان لــەدوای خۆمــەوە بەجێــدەهێڵم

بەمەبەست... بەڵام من ئامادەم لەپێناو بەدیهێنانی کۆمەڵە شتێك کە دەکرێت ببێت، رازی ببم بەسەرەڕۆییەکی هەربوونێتی[٢١].

پاشئەوەی ئەو بڕیارە دەدات چیتر بەلایەوە گرنگ نییە لەو پێناوەدا هەرکارێك بکات، ئەمەش پاش بێزاربوونییەتی لەو ژیانە تایبەتییەی کەتیایدا زانیاری و دانایی زۆری بەدەست هێناوە، بەڵام هیچ شتێکی وای پێنەبەخشیوە جێگەی ئارامی و ئاسودەیی بێت، بۆیە ئامادەنییە بەوجۆرە ژیانی بەسەر بەرێت، ئەمەش وای لێدەکات خۆی بسپێرێت بەجادوو (سحر) و رێگەیەکی جیاواز لەوەی پێشتری بگرێتەبەر، بەڵکو بتوانێت هێزی رۆح بەدەست بهێنێت و پەی بەهەندێك نهێنی بەرێت لەوەوبەر نەیتوانیوە بەدەستی بهێنێت[٢٢].

ئیتر فاوست خۆی دەداتە دەست مفستۆفیلس (شەیتان)، تا لەو گەشتەیدا یارمەتی بدات، بەڵام لەو گەشتەدا ئەوەی بۆ دەردەکەوێت ئەو رێگایەش بەرەو هەڵدێری دەبات، بەشی یەکەمی شانۆگەرییەکە کۆتایی پێدێت فاوست هەست بەبێئومێدیی و تێکشکان دەکات بەرامبەر بەمفستۆفیلس کە چۆن کەوتووەتە ناو داوی ئەوەوە[٢٣].

بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەمی شانۆگەرییەکە هەندێك لەلێکۆڵەران باسیان لەوە کردووە گوایە یەکێتی بابەتی نییە لەنێوان هەردوو بەشەکەدا، هەندێکیتر بەرگری لەوە دەکەن و پێیانوایە یەکێتی هەیە لەنێوان هەردوو بەشەکەدا، یەکەم کەس کە ئەو پرسەی وروژاندووە زانای ستاتیکی ئەڵمانی (فردریش تیۆدۆر فیشەر ١٨٠٧- ١٨٨٧)، باسی لەوە کردووە یەکێتی شێواز (اسلوب) لەنێوان هەردوو بەشەکەی فاوستدا نییە: شێوازی بەشی یەکەم دەناسرێتەوە بەڕیالیستی ئەڵمانی، بەڵام شێوازی بەشی دووەم هێمای پەیوەندی دارەو پەرە لەشتی نامۆو دروستکرنی زمانەوانی[٢٤].

گۆتە خۆی لەگوتەکانیدا ئەمە ڕووندەکاتەوە، جیاوازی نێوان هەردوو بەشەکە دیاریدەکات بەوەی کە: بەشی یەکەم خودی و ویژدانییە، بەڵام بەشی دووەم عەقڵی و بابەتییە. ئەگەرچی زۆربەی لێکۆڵەران جەخت لەسەر یەکێتی نێوان هەردوو بەشەکە دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی هەیە لەنێوان هەردوو بەشەکەدا، بەڵام بەوە پاساوی بۆدێننەوە لەماوەیەکی درێژدا نوسراوە کە

نزیکەی (٦٠) ساڵی خایاندووە، لەو ماوە زۆرەشدا چەندین قوتابخانەی هزری دەرکەوتوون، جگە لەوەش گۆتە چەندین ئەزمونی جیاجیای تێپەڕاندووە[٢٥].

## تێڕوانینی گۆتە بۆ مێژوو

گۆتە کاریگەریی گەورە پیاوانی مێژووی لەسەربووە، هەر ئەمەشە وایکردووە بەڕابردوودا هەڵبدات، چونکە پیاوانی وای بەرهەمهێناوە شایانی ئەوەن لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەیت و خۆتیان بۆتەرخان بکەیت، لەو روانگەیەوە دەڵێت: وازبێنە لەخوێندنەوەی هاوچەرخان و ئەوانەی دژایەتیت دەکەن، گەورە پیاوانی رابردوو بخوێنەوە، ئەوانەی بەشوێنەوارەکانیان توانیویانە بەهاو شوێنگەی خۆیان بۆماوەی چەندین سەدە بپارێزن...[٢٦].

ئەم دەقە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە رابردوو لەئێستا باشترە، هەر لەبەرئەوەش گەورەپیاوانی رابردوو لەپیاوانی هاوچەرخ باشترن، ئەوانیش کاریگەریان زیاترە، خوێندنەوەی ئەو پاشماوانەش لێیان بەجێماوە لێکۆڵینەوەیان شایانترە لەهی هاوچەرخەکان.

مێژوو لای گۆتە بەشێوازێکی خولییە (دوري)، بەشێوەیەکی پلەبەندیی دەگوزەرێت بەرەو بەرزی و سەرو، هەموو مرۆڤێك هەوڵدەدات بەرەو باشتر هەنگاو بنێت و بەرەوپێش بچێت، لەبەرئەوە هەموو تواناو لێهاتوویی و چالاکییەکانی دەخاتەگەڕ بەمەبەستی گەیشتن پێی، ئەمەش بەڕوونیی لەسەرەتای فاوستدا بەدیدەکرێت، لەگەڵ ئەوەی فاوست کەسێکی زاناو دانا بووە، خەڵکی بەچاوی زانایەکی گەورە تەماشایان کردووە، بەڵام ئەو بەو ژیانەی رازی نەبووە، زیاتر هەوڵی بەرەوپێشچوون و شارەزابوونی داوە، لەم پێناوەشدا ئامادەبووە هەرکارێك بکات، تەنانەت ئەگەر خۆدانە دەست مفستۆفیلیس و جادووش بێت.

گۆتە پێیوایە مرۆڤەکان تابێت بەرەوپێشدەچن و زانست و زانیارییان زیاتر دەبێت، بەڵام باشترو ئاسوودەو بەختەوەرتر نابن، چونکە ئەگەرچی مرۆڤ لەڕووی ماددی و زانستییەوە بەرەوپێش دەچێت، بەڵام لەڕووی رۆحییەوە

**نەیتوانیوە هێندە پەرە بەخۆی بدات، گۆتە لەیەکێك لەگوتەکانیدا دەڵێت: خەڵك تایبێت زیرەکترو وریاتر دەبن، بەڵام باشترو بەختەوەرترو چالاکترنابن[٢٧]، هەر بۆیە پێشکەوتنی مرۆڤ و تێگەیشتنی زیاتر لەسروشت و پەیبردن بەنهێنییەکانی دەستەبەری بەختەوەریی و ئاسودەیی ناکەن بۆ مرۆڤەکان.**

**بەهۆی کاریگەریی (هێردەر) لەسەر گۆتە، گۆتە جۆرێك لەتێکەڵکردنی لەنێوان شیعرو مێژوودا ئەنجامداوە، واتە گۆتە لەبەرهەمە شیعرییەکانیدا مێژووی بەکارهێناوە یان بەشێوازی شیعر گوزارشتی لەمێژوو کردووە، ئەمەش لەکتێبی (گۆتزفۆن برلیشنگن) و بەشی دووەمی فاوستدا دەردەکەوێت[٢٨].**

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


(١)غوته، يوهان فولفغانغ: السيرة الذاتية لغوته من حياتي...شعر و حقيقة، ت: مصطفي ماهر، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد الرابع، السنة الرابعة، ١٩٨٤، ل٩٢.

(٢)هـ. س. ل.

(٣)ديورانت، ول: قصة الحضارة (الاسلام الشرق السلافي الشمال البروتستانتي)، ت: فؤاد ادراوس، مهرجان القراء للجميع، مصر، ٢٠٠١، ج ٤١ ، من المجلد ٢١ ، ل٢٤٥.

(٤)غوته: س. پ، ل١٠٢.

(٥)ديورانت: س. پ، ل٢٥٢.

(٦)الحفني، عبدالمنعم: موسوعة الفلسفة و الفلاسفة، ط٢، مكتبة مدبولي، مصر، ١٩٩٩، ج١، ل٤٧٩.

(٧)نف، ايمري: المؤرخون و روح الشعر، ت: توفيق اسكندر، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦١، ل٢٦٩.

(٨)ديورانت: س. پ، ل٢٥١.

(٩)الحفني: س. پ، ل٤٨٠.

(١٠)ديورانت: س. پ، ل٣٣٦.

(١١)هـ. س. ل.

(١٢)الحفني: س. پ، ل٤٧٩.

(١٣)ديورانت: س. پ، ل٣٣٨.

(١٤)هـ. س. ل ٣٣٧ و دواتر.

(١٥)هـ. س. ل ٣٣٧ و دواتر.

(١٦)الحفني: س. پ، ل٤٨١.

(١٧)هـ. س. ل.

(١٨)بدوي، عبدالرحمن: من مقدمة فاوست لجيته، ط١، دار المدي للثقافة و النشر، دمشق- بيروت، ١٩٩٨، ل ٥ و دواتر.

(١٩)جيته: فاوست، ت: عبدالرحمن بدوي، ط١، دمشق- بيروت، ١٩٩٨، ل١٤٧.

(٢٠)گۆڵدمان، لوسيبان: فەلسەفەی رۆشنگەری بۆرژوای مەسیحی و رۆشنگەری، و: عومەر سەرگەتی، چ١، سیلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٥١.

(٢١)وەرگیراوە لەولسون، کولن: سقوط الحضارة، ت: انيس زكي حسن، ط٢، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٣، ل١٤٧.

(٢٢)جيتة: فاوست، س. پ، ل٢٧٠.

(٢٣)ديورانت: س. پ، ل٣٥٥.

(٢٤)بدوي: مقدمة لكتاب فوست، س. پ، ل ٢٥٤ و دواتر.


(٢٥)هـ. س. ل ٢٥٦-٢٥٧.

(٢٦)ديورانت: س. پ، ل٣٥٦.

(٢٧)جۆن ماکواری: فەلسەفەی بوونگەرایی، و: ئازاد بەرزنجی، چ١، چاپ و بلاوکردنەوەی دەزگای نەوا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٠٠.

(٢٨)نف: س. پ، ل٢٦٩.

| | |
|---|---|
| خە ونێک لە کتێبێکی شیعریی | ئە حمە دی مە لا |
| ژیان میقاتە لەسەر نێوارەیەک<br>کە بەختەوەر نابیت | رەگەز رەشید |
| پرسەی مەمک بەندێک پێش<br>کۆتایی حاڵی حاڵی پەنجە نەزۆکەکان | هەڵاڵەی پێنجوێن |
| رۆژژمێری چاڵدێران | کاروان عومەر کاکەسوور |



# دەق

| | |
|---|---|
| دیدار لەگەڵ رەنوف بیگەرد | ئارام سدیق |

# خەونێک لەکتێبێکی شیعریی

ئەحمەدی مەلا

## خەونی دایکم

کۆتایی بەهار. فۆتە سپییەکەی سەری وەکو پژدێنەکەی هۆکاشە شین دەچووەوە. گوندەکانی یارمجەو قەرەسالم و تولکی و برێسپان و بیبانیی و کارێزو بێلاڵک و لەسەر هەمووشییەوە ئاواییەکانی زەردک چەمانەوەو کەمێک غوباری ئەزەلی دەشتی ساڵەیی هەڵگرن و هەواڵەی خودای کەن. ئەو بەیانییە خودا درەنگ لەخەو هەڵسا، چێشتەنگاوێ بوو، تەیمومی بەغوبار کردو کەمێک داماو لەبەرخۆیەوە وتی: ".ئەرێ بۆچی ئەم قەومەم لەئازار دروست دەکرد"؟؟؟

٢٠٠٧


# ژیان میقاتە لەسەر ئێوارەیەک کە بەختەوەر نابیت

**رەگەز رەشید**

چەند ئاسانە بتەوێت بەختەوەر بیت
چەند ترسناکە بەختەوەری..
ئەو دوو دێڕە، تەنیا لەکاتی شیعر نووسین دووبارەیان دەکەیتەوە..
کە شیعر دەنووسی،
دەتەوی لەبارەی ژیانێکی نویٚ بدوێیت،
کە هەر بەتەنیا لەکاتی نووسینی شیعردا پێی دەگەیت..
دەتەوی دەست بۆ حەرامەکان درێژ بکەیت،
وەک دەستدرێژکردن بۆ زەیتونێک لەکاتی سەرخۆشیدا،
یان دەستبردن بۆ چڵێک بەختەوەریی، کە لەواقیعدا نایگەیتیٚ!!
من دەزانم زۆر قسە هەن،
بەس دەتوانی لەشیعردا بیانڵێیت..
زۆر کوڵان هەن،
هەر بەتەنیا لەشیعردا دەتوانی بەناویدا تێپەڕیت..
ئای کە چەند گوناهین!!
تا ئێستاش بڕوا دەکەین،
گوڵ، توڕەبوونەکانی باران هێور دەکاتەوە..
گەلاٚ، لەسەر ئیقاعی خوداوەندەکان درووستکراوە..
ئای کە چەند ساویلکەین،

شیعر بۆ یار دەنووسین..
بۆ نیشتیمان، بۆ گەیشتن بەتۆزێک بەختەوەریی..

من دەزانم لەکاتی نووسینی شیعردا،
ئازارت هەیە..
ئازارێکی قوڵ.. قوڵ
بەقەد ماڵی گومان قوڵ..
موحتاجی دۆزینەوەی بیردۆزێکیت،
تیایدا،
(پەمەیی تەنیایی) و ( شینی جەنجاڵی) کۆ بکرێنەوەو
هەراسانی لێدەرنەچێت..
تیایدا،
حوزن و بێدەنگی تێکەڵی یەکتری بکرێن و
(تۆ)ی تیا دەرنەچێت..
تا ماڵی نەمریی بەپێ بڕۆیت و
نەگەیت بەبۆنی یەئس..



من دەزانم، لەپاڵ یەئسێکی قوڵەوە
وەک میزاجی خوداوەندەکان قوڵ..
لەنابەینی دوو وشەی شیعرێکدا،
بەدوای گەمەی بەختەوەریی دەگەڕێیت..
کە شیعر دەنووسیت،
لەو ئێوارە ساردەدا دەینووسیت
کە هەور هەیە، بەڵام باران نییە..
یاقووت هەیە، بەڵام نادرەوشێتەوە
چرا هەیە، بەڵام دڵت تا دووا ئەندازەی یەقین تاریکە..

من دەزانم، تۆ ئەو کاتە شیعر دەنووسیت،
کە ماندوویت لەبۆنکردنی تەنیایی،
هیلاکیت لەگوتنەوەی گۆرانییەکانی دۆڕاندن و
حەز بەخوێندنەوەی کتێبەکانی بێزاریی ناکەیت..
چەند قورسە بتەوێت بەختەوەر بیت..
چەند درۆزنیت بەدوای بەختەوەریدا بکەویت.
من ڕۆژگارێک
لەژیاندا بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕام،
نەوەک شیعر..
من ڕۆژگارێکی دوور،
بۆ گەیشتن بەچڵێک مەحەببەت، لەباخچەکانی واقیعدا راوی
دەنکە هەنارم دەکرد
نەوەک لەباخچەکانی وەهم..
من سەردەمانێک
مندالآنە باخچەکانی ئێوەم دەکرد
بەگۆڕەپانی گەمەکردن..
میزم بەکۆڵانەکاندا دەکردو
دەنکێک ترێی سورم،
لەیەخەی کۆترێکی رەشدا
موتربە دەکرد..
وەک زاهیدێک
کە تەجەللای نوری ئیلاهی کردبێ
دەرۆیشتم و
بەقاقاوە هاوارم دەکرد
"ئێوارە دەگەڕێمەوە لاتان،
ئێوارە لەلاتان دەبم"..
وەک عاشقێکی پیر،



راوی یاقووتم پێجوانتربوو لەنووسینی شیعر..
بەدەم خواردنەوەی قومێک شەرابەوە،
سور سور، وەک شەراب سور
لەزەرفی نامەی تۆدا دەمنووسی
( تۆ شەڕ لەگەڵ نەمریی دەکەیت..
تۆ شەڕ لەگەڵ بیرچوونەوە دەکەیت..)
کەچی وەک (تۆ) لەئێوارەیەکی تەنیادا
دەستنوێژم بەماچکردنی گوڵێکی بچووک شکاند..
ڕۆژووم بەخواردنەوەی پێکێک لەوەهم،
بۆ گەیشتن بە بەختەوەرییەکی زیاتر، دۆڕاند..
وەک (تۆ)
ژوورەکەم پڕکرد لەدوکەڵی جگەرەو
ناوم لێنا مەلەل..
پیاسەکانم درێژ درێژ دەکردنەوە بۆ نادیارو
پێم دەگووت تەنیایی..
بەرامبەر کچێکی عازەب رووت و قووت دەبوومەوەو
ناوم لێدەنا عەبەس..


زۆر باسی عەشقمان کردو عاشق نەبووین
زۆر باسی نورمان کردو چرایەکمان بۆ دانەگیرسا..
زۆر باسی بارانمان کردو
کەچی نەمانوێرا بێچەتر بڕۆین..
وای کەبێزاریی هەرگیز یەخەی بەر نەدایت
ئای کە دەتکە هەنارت ناسی و گەڵات لەجوملە نەفی کرد..
شێتانە وەک تار ژەنێکی بریندار
تارمانژەنی..
وەک سەرخۆشێک

وەک موسافیرێک، کە گۆرانی سەفەری لەجانتا بێت،
تارمان ژەنی..
تاری غەریبی.. تاری نوور
تاری مردنی وەرزەکان..
لەدوورەوە ژیانمان پڕ کرد لەسڵاو...
سڵاو دەنێرین بۆ دەرەوە
( دەشێت لەدەرەوە ژیان هەبێت.. بەڵام دەستمان لەدامێنی
گوڵێک گیر بووبێت و نەوێرین جێی بهێڵین..)
(دەشێت لەدەرەوە وەرزێکی تەڕ هەبێت.. بەڵام تۆ
پەنجەرەکانت لەپۆڵان و دەرگاکەشت لەجەهەنەم..)

زۆر تەنیایمان حونجە کردو
باوەشمان بۆ بیرەوەری کردەوە،
زۆر نامەمان بۆ بێزاری نووسی و
ناومان لێنان شیعر..
کەچی وەک کونەپەپویەکی پیر،
ئێوارەمان لەڕوناکیدا دۆڕاند..
من ئیدی ئێوارە لەوێ نیم،
تۆ ئیدی ئێوارە لەوێ نیت
ئێوارە کۆڵان خاڵییە لە(من).. خاڵییە لە(تۆ).. خاڵییە لەمنداڵان..
خاڵییە لەچراو خاڵییە لەیار..
من ئیدی ئێوارە لەوی نیم و
چیتر لەو عارفە سەرخۆشە ناچم
کە زرینگەی زەنگی بەدەستەوەبێت و
بێدارتان کاتەوە لەو ژوورانەی کە لەزیندان دەچن..
من ئیدی هیچ ئێوارەیەکی دیکە،
بەسەرخۆشی و جانتایەک گۆرانی غەریبیمەوە

کۆڵانەکانی ئێوە ڕۆشن ناکەمەوە..
تۆش چیتر باغچەکان پاکژ ناکەیتەوە
لەتۆز و
گەڵای وەریووی پایزان..
من ئیدی ئێوارە لەوێ نیم و بەختەوەر نابم..
تۆ ئیدی ئێوارە لەوێ نیت و بەختەوەر نابیت.

نیسانی ٢٠٠٤



# پرسەی مەمکبەندێک پێش کۆتایی حاڵی پەنجە نەزۆکەکان

هەلاڵەی پێنجوێن

بۆ ئەوانەی بەبێداری ئاوازێکی تر دەدەنە تولانی شەو..

چی وایکرد شەوە سوورەکانی ئەوێ
پرپڕ بکەی لەتازییەی ئەم عیشقەم
چی وایکرد تەریقەتی ئەم ئەڤینە
لەسەر کوشتنی مەزهەبی ئێوارە بچێتەوە
تا زیکری ئەم سپیبوونەوەیەم
لەناو گرفتی ئەو زەردەپەڕەدا پێبسپێرێ
ئەم مەرگەمت لەپای چی گێڕا
کە هێشتا گەرمی عیشقی تۆ بەرینەدابووم
کە هێشتا دەستت لەناودەستی پێکێکدایەو
وەک یاری ماڵەباجێنە فێری پێکلێدانم دەکەی
ئەم مەرگەمت لەپای چ خودایەک گێڕا
کە نازانێ شەهادەت بەعیشق مردنێکی جوانە بۆ مرۆڤ
بۆ....؟....بۆ
بۆئەم تازییەیەمت لەناو کەوشی بارەشێکدا نەشاردەوەو
تا بزر نەبێ لێم خوانی عیشق و خۆشەویستی و بێکەسی
ئیدی نەشتهێشت لەسەر درەختەکانی شەودا

زۆر نا... کەمێ گوێ لەگریانی خۆم بگرم

ئاخر کە من دەموت

عیشق پارچەیەکە لەقژپۆشەکەی دایکت دەچێ

گەر هیلاکی بکەی زوو...زوو دەڕزێ

بۆ بڕوات نەکرد

ئەم پرسەیەت بۆ لەناو کۆشی ژنێک گێڕا

پەنجەکانی رەنگی کچێتی بەردەو

حوزنیشی لەپیاوگەلێک مەزنترە

هێشتا نەمدیوە پرسەی خۆم بەخۆم بکرێ

هێشتا نەمدیبوو پرسەی رۆح بەجەستە بکرێ

هێشتا بڕواناکەم ئەم شینەت بۆ گێڕا لەسەر دەستم

کە هێشتا زیندووم ..زیندوو...

کە نەبووە لەمەرگستان کەس دەستبخاتە

دەستی مردووان و جاڕی مەرگی ئازیزییان بدەن

هێشتا هەر تاساوم

بەیانیان زیندوو دەبمەوەو

ئێوارانیش بەم بێ پەرواییەوە نیشتمانێک

کۆمان ناکاتەوە ...

ئەم خەسارەت بۆ نایە ناو زریکەی شەوێکەوەو

وڕو کاست کردم

چیت لەم گشتە حەنینەم کرد چی ...چی...

کە من زۆرجار وا هەستم دەکرد

زەوی پارچەیەک گۆشتی خڕەو نووساوە بەسنگمەوەو



منیش توونند توونندم کردووه لەستیانێکدا
ئەی کە سەرەت بۆ لەڕۆحم نا ...بۆ
ئەم هەموو ئایندەیەت بۆ راونا ...
هەموو دەرگاکان لەسەر زمان بۆ داخران
ئێمە بووین بە دوو تەریب
ئەو چەنجەرەیە بۆ نەشکاو نەمتوانی
کوڕێکی چەتوون شێت بکەم
ئەم درەختەمان بۆ لەبری میوە چەوریی گرت
وای ...لەم پرسە جودایە
قیبلەنومایەک نییە بزانم ئەم پرسەیەم روو لە کوێیە
تا ویقاری ئەم پەرتبوونە
بەنەزاهەتی شەوەوە بشۆینەوەو
لەناو تازییەی ئەم عیشقەدا ماچ بخەینەوە
هێشتا رادەمێنم لەتۆ کە ئەو چەمۆڵە پڕ قینانەت
دەدا لەدەشتی بوێریم و
بێز لەم بۆگەنیەی زارم بکەینەوە
هێشتا گەرای ئەم سەر خۆشییەت لەسەر خاکی
بەدەنم قایم نەبوو ...
تازییەی چیم پێدەگێڕی
بەئاستەم حاڵیدەبم لەسوێری ئەم شینە
هێشتا بۆنی یەکەمین چرکەی ناو لەشی بۆنم لێدەهات
بۆ ئەم پرسەیەت لەسەر خوێنم گێڕا
بۆ ردێنی پیاوەتی خەیاڵمت سپی کرد

**هێشتا هەتاو تاسابوو لەگەرمی لەشی من و نیگای تۆ**

**بۆ سارد بوویتەوە لە باوەشما**

**هێشتا سێبەر بەعەزرەت لەحزەیەکمانەوە**

**نزای دەکرد**

**ئەم کراسە سورەمت بۆ فڕێداو**

**کفنێکت بەدەستەکانی خۆم پێ بدورم**

**کە روبار هەر گڤەی بێ لەبیرەوەری هەر چاوەڕێ بێ**

**بۆ گەڕانەوەم بۆ رابردووت لەهزرما بەبا کرد...**

**هێشتا دەستەکانم رەنگینە بەخەنەو وسمەی**

**پرچی ئاوەوە**

**بۆ رەنگت لەدەریا برِی ..بۆ...بۆ...**

**ئای ...لەم تاوتوێی خەراباتە**

**لەسەر مەملەکەتی خەونم شینی خۆمم پێدەکەن**

**ئیتر عیشق چۆن زیرِە ناکات**

**ئیتر مەرگ چۆن خەنی نابێ**

**لەناو خەمی ژنێتیمدا شەلاڵم دەکەن**

**بەنێربوونەوەی زەمەن**

**ئیتر پیاو بۆ نامرێ...بۆ؟**

**هێشتا دڵەکوتێم لانەچوبوو لەنەزری سەرکێشیدا**

**تۆ بۆ زرِنیقت بردم لەم جەنگەدا**

**هێشتا لەعەدەمی فلتەرێکدا نەسراِبوومەوە**

**چی لەستەمی خۆڵ بکەم**

**کەچی خۆم لەتابلۆیەکدا دەبینمەوە**

رەنگەکانی پەرکەمیان گرتووە
دەستیشم داوە لەشەو نخونییەک
سەرخەوەکانی لەناو چەقی بێ ئابڕوییدا
گرمۆڵەبوون و
منیش دەمویست لەناو قەدی ئەودا!!!
تامی جنسی گریان بکەم
هێشتا لەناو هەناوی سورمەیەکدا
دەمژمێر چرکەی دووبارەی کاتی دەوتەوەو
منیش پێدەکەنیم بەقەدەر
ئەم پرسەمت بۆخستە بوخچە لەتلەتەکەی دایکمەوە...
کە هێشتا هیچ لەنهێنی فەقیانەکانی نەگەیشتووم
کەچی قورئان دایکمی خەتم دەکردو
قامەتیش گازندەی لەئاو
وەرزیش لەناو گەمارۆی بێ بەرەکەتیدا
هەر سرودە سواوەکانی بارانی دەوتەوە
هێشتا کانی لەتەڕبوونەوەی
فرمێسکەکانی شەودا خۆی دەشوشتەوە
ئیتر با ئاسمان هەر قفلْ بدات لەهەور
دەنا نزاکردن لەباران شتێ لەوەزنی تەڕی کەم ناکاتەوە ...
بوردنی ئادەم لەخودا هەوێنی هەرچی گوناهەکانی
ئەم مێ بوونەیەو کەرتبوونی دامێنیش بێ مانابیەکی تر
هێشتا بستێک لەزناری ئەم عەدەمییەتە نەترازابووم
قەبیلە بێبەرییانکردم لەئاوسبوونی جوانی

**لەپاڵ ئیلهامی خستنەوەدا خۆم دووری بەشەقامداو**

**ئەویش بەمنەوە هەتیوکەوت**

**هێشتا تێناگەم لەم کۆستە کەمێژووی لەبەرد نشینەکانەوە**

**نزیکەو**

**جوگرافیاشی لەفنجانێک قاوە**

**ئەی خودا**

**نهێنییەک بەم دەستەمەوەیەو**

**ئەو دەستەکەم نایەوێ بیگرێ**

**نگینییەک لەلوتەوانەکەی عیشقدا مەلاّس دراوەو**

**ئەسەف خۆشەویستی هەردەمپرووێنێ**

**ئیدی عەرراف فێری گێڕانی ئەم پرسەیەم بکە**

**وەک گێڕانی گولاّوی حاجییەک**

**بائاوێزانی سترانی مەمکبەندێک بم**

**پێش هاتنی حاڵی پەنجە نەزۆکەکان...**

**چی بشارمەوە لەچیرۆکی ئەم مەستییە**

**هەمیشە جوانییەکان دەمبەنەوە سەر رێگای پەتیارەی**

**سۆزانییەکان کەپڕپڕن لەبێسنوریی**

**لەوەتەی هەم دەچمەوە ناو بازنەیەک**

**کەنەبەزێڕی چووەتە ناو قامکە کانم و و و و ....**

**نەهەنگاوەکانیشم توانیویانە بی بوێرن**

**هێشتا هەرپارچەیەکم لەمەنفایەکەو نەمتوانیوە بیهێنمەوە**

**هێشتا هەر پەلێکم بەدەست ئۆف ئاخی**

**خەونێکەوە تاساوەو وێڵە**

کەچی ناخافڵ ئەم مەرگەمت ڕاگەیاند

هێشتا لەسەر عادەتی خێڵ

نەمتوانی بوو فەتحی خەونێ بکەم

کەرەستەی ئەم پرسەیەت لەکوێ هاورد

لەزکری هیچ ئاگرێکدا

گوێم لەلایلایەی (لمە) سوتاوەکان نەبوو

بۆ دەلتات لێ تۆراندم

لەیەئسی زوقمی چرچە تەزیوەکاندا


نەمتوانی بوو کەرتی وسڵە حەرامەکان بکەم

نەمتوانی بوو بۆنی بەهەشتیش لەمیناکانی

باوکم و لەگەڕەکەکانی خەجاڵەتی بکەم

ئەم پرسەیەمت بۆ لەباوەشی ئەم بێکەسییەمدا گێڕا

بۆ؟...بۆ؟...بۆ؟



چیرۆك

# رۆژژمێری چاڵدێران

كاروان عومەر كاكەسوور



(پێشكەشە بە هاوڕێم: كرمانج عومەر دەشتەكی، ئەو رۆڤانەی لە تێكشكاندا وزەی لێبەرهەمدێت)

هەڵەی جارانی پێشوومم زانی.. دەچووم لە خاڵی ناوەڕاست، یان لە كۆتاییەوە دەستم پێدەكرد.. ئینجا لەوێوە رێگام بە خەیاڵەكانم دەدا بەئارەزووی خۆیان پەل بەهەموو لایەكدا بهاوێن.. دواجار پێش ئەوەی بۆ لیژنەكەی بنێرم، ورد ورد دەمخوێندەوە.. هەستمدەكرد ئاسان نییە لەو هەموو بازبازێنەیەی سەر كات و شوێنەكان تێبگەم.. زۆر لە كارەكتەرەكانم نەدەناسینەوە، یاخود نەمدەزانی ئاخۆ چ پێوەندییەك لەنێوان ئەم و ئەویاندا هەیە.. گوتەكانیان بەشێوەی ناڕۆشەن و پچرپچڕ دەكەوتنە بەر گوێچكەم.. سەیر ئەوەیە نەك هەر پەندم لە ساڵانی رابردوو وەرنەدەگرت، بەڵكو تا دە هات زیاتر مەسەلەكانم دەشێواند.. بە زمانێكی قورستر دەمنووسی.. مەبەستە راستەقینەكەم فەرامۆشدەكردو وامدەزانی تەنها لەپێناوی چێژێكی رووتدا ئەو كارەم دەستداوەتێ.. لێرەدا نابێت شتێكم بیر بچێت، ئەویش ئەوەیە من بەپێچەوانەوەی هەموو ژنە دیلەكانی دیكە، رابردوویەكی سادەم نییە، تا بەئاسانی سەرجەم ژیانم بنووسمەوە.. پیشەكەیشم هەمیشە رێگر بوو لەوەی راستگۆیانەو بێترس رووداوەكان بگێڕمەوە.. مەبەستم ئەوەیە نەمدەویست

لەوبارەیـەوە هـیچ زانیارییـەك بەدەسـتەوە بـدەم، چـونکە وامـدەزانی هێنـدەی دی رقیـان هەڵدەسـتێنێت و تـا ئەبـەد رێگـەی دەرچـوونم نـادەن.. ئەمـەیش وای لێدەکردم چیرۆکێکی خەیاڵی هەڵبەستم و کۆمەڵێ کەسی وەهمییش خەڵق بکەم، هـەر بۆیـە کـاتێ لەگـەڵ چـیرۆکی ئـەوانی دیکـەدا بـەراوردیان دەکـردن، خێـرا بـە فێڵەکەمیان دەزانی و دەریان نەدەچوواندم، چونکە هیچ یەکێ لەو ناوانەی من لـە کارەکتـەرەکانم دەنـان، رۆژێ لـەرۆژان لـەو شـوێنەدا نـەژیاون.. دەرنـگ درەنـگ راسـتییەکی لـەو گـرنگترم زانـی.. دەبوایـە تـۆ دوای ئـەو هـەموو سـاڵەی لێـرەت بەسـەربردوون، لایـەنی کـەم هەنـدێ ئـەقڵ و هۆشـت مابێـت و بتـوانی بـەراوردێك لەنێوان ئێرەو دەرەوەدا بکەیت.. یا بە مانایەکی دی بڵێین کاتێ دەچیتە ئەودیو، لەئاسـتی بینـینی شـتەکاندا حـەیران و سەراسـیمە نـەبیت، کـە سـاڵەهای سـاڵە لـەودیوی ئاگـایی چـاوانی تـۆدا (گۆڕانیـان!!) بەسـەردا هـاتووە.. بەڕادەیـەك شۆکێکی گەورە لەپەلوپۆت بخات و ببیتە بار بەسەر ئەوانی ترەوە.. گوڵبـەهاری گۆرانیبێـژ-یـش لـەوڕووەوە تاڕادەیـەکی زۆر لـەتۆ دەچـوو، بۆیـە نەیـدەتوانی رابـردووی خـۆی بەئاسـانی بگێڕێتـەوە.. ئـەو سـاڵانێکی زۆر هـیچ چـیرۆکێکی نەنووسی و دەیوت ئەمە کارێکی بێهوودەیە.. کەچی جاری پێشوو تـەنها لەبەر یەك خاڵ گەڕایەوەو ئەمساڵیش سووك و ئاسان (دەرچوو!!).. کاتێ چیرۆکەکەی تۆی ورد ورد خوێندەوە، سەرێکی باداو پێی وتی:

-پێـت نـاخۆش نـەبێت شـاناز، تـۆ هەنـدێ (ئـەوە ئەگـەر نـەڵێم زۆر) حـەزت لەخۆهەڵکێـشانە، ئـەگینا پـێم نـاڵێی تـۆ بەتـەمای چـیرۆکێك بنووسـیت و پێـی بپەڕیتـەوە، یـان چـی تـەکنیك و فێـڵ هـەن، تێیـدا بـەکاریانبهێنیت..؟! واز لـەو کەللەڕەقییەت بێنە دادە.. من لەئێستاوە پێت دەڵێم ئاوا بڕوات تۆ ئەمساڵیش دەرناچیت.

- مەسەلەکە ئاوا نییە گوڵێ.. خۆت دەزانی من ناتوانم باسی پیشەکەمیان بۆ بکەم.

– ئەها..!! ئێستا تێگەیشتم.. هەوڵبدە پەنا بۆ رەمز ببەیت.. منیش هەموو ئەو جارانەی پێشوو نەمدەویست باسی ئەوە بکەم، کە گۆرانیبێژبووم و عوودم ژەندووە، بەڵام ئەمجارە پێچوپەنایەکم بۆ کردووە، بۆیە باوەڕم وایە دەربچم.

گوڵبەهار دەیویست فێرم بکات چۆن بنووسم، بۆیە بە دەنگی خۆی چیرۆکەکەی بۆ خوێندمەوە، دەیخوێندەوەو یەك بەیەك دێڕەکانیشی بۆ لێکدەدامەوە، دەیوت بزانە (شانان) بۆچی ئەم وشەیەم لەجیاتی ئەوەیان بەکارهێناوە.. بۆچی ئەم رستانەم خستۆتە نێوان دوو کەوانەوە.. بۆچی لەم شوێنەدا تەنها رۆژو مانگم نووسیوەو بەلای ساڵەکاندا نەچووم.. دەبێت لەوە تێبگەیت چی پاڵی پێوەناوم لێرەدا کارەکتەرەکانم بەڕۆژ بشارمەوەو شەوان دەریانبخەم.. ئەگەر ئەو رووداوانەی لەڕاستیدا هی شاخن و من لەچیرۆکەکەدا هێناومنەتە ناو شارەوە، ئەوا زۆر گرنگە بزانی مەبەستم چییە.. جوان وردبەرەوەو بزانە حیکمەت لەوەدا چییە هەموو رەنگێك بەکارناهێنم.. کاتێ رووداوێکی هەندێ جیاوازو لاوەکی دەخوێنیتەوە، مەڵێ ئەمە چ پێوەندییەکی بەوانی دیکەوە هەیە، رەگەزی تەفرەدان و تامەزرۆیی گرنگن لەچیرۆکدا (شانان).. با ئەوانەی دەیخوێننەوە هەرچییەك بن، هێشتا شتێك دەمێنێتەوە بەناوی چێژ.. چاوت بکەرەوە دەستە خوشکەکەی سەرتاپای تەمەنم..!! چاوت بکەرەوە..!!

(گوڵبەهار) سەرەتای چیرۆکەکەی ئاوا دەگێڕایەوە:

من ئەگەر لە ٢٣ی ئابی ١٥١٤دا لەشەڕی چاڵدێران لەباکووری رۆژهەڵاتی دەریاچەی ((ڤان))دا بەدیل گیراوم، ئەوا پیاوانی ئاسایشی سەفەوی بەزۆر لەگەڵ دەیان ژنی دیکەدا راپێچی ئەوێیان کردبووم.. تەنانەت ئامادەم شوێنی ئەو قامچیانەشتان پیشان بدەم، کەتا ئێستایش بەسەر پشت و سمتمەوە ماون.. ئەگەر لە چیرۆکەکانی پێشوومدا، کە ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا دەمنووسین و بەلایاندا نەدەچووم، ئەوا لە ڕووم نەدەهات.. ئەوسا کچێکی گەنجی جوانی شەرمن بووم، بەڵام ئێستا من کەپیرم و دەزانم ئەو لەشە پڕ لە چرچولۆچەم سەرنجی هیچ نێرینەیەکتان راناکێشێت و تووشی گوناحتان ناکات، ئەوا

ترسێکم لەبینینی هەر شوێنێکم نییە، کە پێویست بکات ئێوە لێی بڕوانن.. دەزانم ئەو ناوگەڵە ڕەقهەڵاتووەو ئەو مەمکە چەقانەم قێزتان دەکەنەوە.. نەخێر، من باکم نییە خۆم رووتبکەمەوەو کون بە کونی جەستەمتان نیشان بدەم.. منیان بۆ فریاکەوتنی برینداراەکانیان هێنابوو، بەڵام خۆم لەتاوی ئازاری برینەکانم دەمناڵاند.. چاوانم بەحاڵ دەوروبەریان دەبینی، یاخود هەر نەیاندەبینی.. بۆیە نە ئاوم دەدانێ و نە دەرمان.. برینی کەسیشیانم تیمار نەدەکرد.. من لەخێزانێکی بچووکی شاری (ورمێ) بووم، کە باوەڕم وایە زۆر لەمێژە هەموویان مردوون و نەوەکانیان نامناسن.. شتێك لەبارەی ژیانمەوە نازانن.. ئەگەرچی ئەو کاتەی ماڵەکەیان سووتاندین، نەمزانی باوکم لە ژوورەکەی بووەو گیانی بۆتە خۆڵەمێش، یان نا، بەڵام لەوساوە چاوم پێی نەکەوتووەو لەهیچ لایەکەوە هەواڵێکیم نەزانیوە.. تەمەنی مرۆڤی ئێرە زۆر درێژترە لەهی ئەوانەی لە دەرەوەن.. بەڵگەشم ئەوەیە تائێستا چەند جار بەرێوەبەرو پاسەوانان گۆڕاون و ئێمە هەر ماوین. من حەزم لەعوودو لەبوخورد بوو.. بەو دوانە دەگەشامەوە، بۆیە ئەگەر لێرە دەربچم، ئەوا ئەوەندەی ژیانم ماوە، لەگۆڕستانەکانی بەسەردەبەم و بۆنی عوودو بوخورد بەوێدا بڵاودەکەمەوە.. تکایە کاتێ گوێتان لەناوی بوخورد دەبێت، وا تێمەگەن من پیشەم ئەوەبووە کاری زاواکانم لەشەوی یەکەمیاندا ئاسان کردووە. ڕاستە من دەیانجار ئەمەم بەچاوی خۆم بینیوە، بەڵام ڕۆژێك لەڕۆژان ئارەزووم نەچۆتە سەری.. بوخوردانێکیان دەهێناو پڕیاندەکرد لەبوخوردو گیای وشك وشك.. ئینجا دایاندەگیرساند.. کورسییەکیان لەسەر دادەنا، کە شوێنی دانیشتنەکەی کونێکی تیابوو.. پێش ئەوەی بووکی ڕازاوە بەرن بۆ ژووری زاوا، رووتیان دەکردەوەو لەسەریان دادەنا، بۆئەوەی ئەو دووکەڵ و گەرمییەی لەو بوخوردانەوە بەرزدەبێتەوە، بەر شەنتووزو ناوگەڵی بکەوێت و دەرمارەکانی خاوبکاتەوە، چینێك ڕۆنی بۆنداریشی لەسەر دەنیشت.. ئەمەیش لەلایەك زیاتر هەوەسی زاوای دەبزوواندو لەلایەکی تریشەوە بەئاسانی شەبزووزەکەی دەبردە ناوەوە.. هێندەی نەدەبرد، پەڕۆ خوێناوییەکەی دەگەیاندە پشت دەرگاو لەوێوە دەنگی هەلهەلە بەرزدەبووەوە.. شەرپیش ئاوایە

بەرێزان.. پێش ئەوەی هەڵبگیرسێت، دەبێت دەیان ئاسانکاری و فێڵی لەپێناودا بکرێت.. کاتێ ئاوا دەدویم، تکایە وانەزانن من دەمەوێت خۆم بخزێنمە ناو سیاسەتەوەو دەست لەکاروباری گەورەکانەوە وەربدەم.. نەخێر، تەنهاو وەکو چیرۆکنووسێك ئەو گوتانەم دەردەبڕم.. (سوڵتان سەلیم)، کە لە٢٤ی نیسانی ١٥١٢دا حوکمی گرتەدەست، دەیزانی (ئەحمەد)ی براگەورەی جێگای مەترسییە، بەبێ دوودڵی کوشتی و کوڕەکانی ئاوارەی ئێران و میسر بوون.. ئینجا لەئەنازۆڵ ٤٠٠٠٠ی لەو کەسانە سەربڕی، کە لە ئاین هەڵگەڕابوونەوە.. وای لە شێخی ئیسلام کرد فەتوایەك دەربکات بۆئەوەی خوێنی هەموو لایەنگرانی شا ئیسماعیلی سەفەوی حەلاڵ بکات و ژن و منداڵی ئیمپراتۆرییەتەکەیان بەدیل بگرێت.. ئایا ئەو کارەی شێخی ئیسلام لەهی ئەو ژنانە ناچێت، کەبوخردان لەژێر کورسی دادەگیرسێنن و شەنتووزی بووك نەرم و بۆندار دەکەن..؟! پێم وتن منیان بەزۆر راپێچی ئەوێ کردبوو، ئەگینا...

ئەو چیرۆکەی (گوڵبەهاری گۆرانیبێژ) و (دەرچوونەکەی!!) سەرتاپای منیان گۆڕی.. مەبەستم ئەوە نییە تەنیا ماوەمەتەوەو تا تەمەنم درێژەی هەیە، دەبێت ساڵانە چیرۆکی بێتام بێتام لەبارەی ژیانمەوە بنووسم، بەڵکو چەند شتێکی دیکە تەواو سەراسیمەیان کردووم.. ئەو منی لەناو لوغزێکی گەورەدا جێهێشت و ناکرێت بەو سادەییەی پێشوو بیر لەڕابردوو بکەمەوە.. من نەمدەزانی چ تەمەنێکی درێژم بەسەر بردووە.. هەمیشە وا دەرەوەم دەهێنایە بەرچاوم وەکو ئەو کاتەی تێیدا دەژیام.. نازانم بۆچی نەمدەتوانی باوەڕ بێنم، کە ئەودیو گۆڕانی بەسەردا دێت.. دنیام لەشێوەی چیرۆکێکی سەیردا دەبینی، کە ڕووداوەکانی تێکەڵ بەخۆیانت دەکەن و ناهێڵن بزانی کاتی راستەقینەو کاتی خەیاڵ چەند جیاوازن.. ئەو قژە سپی و دەموچاوە لۆچاوی و پشتە کۆماوانەی ژنانی ئێرە، کە زۆریان دەستەخوشکی منداڵیم و دانیشتوانی شارەکەم بوون، نەیاندەتوانی بمخەنە سەر ئەو باوەڕەی منیش بەهەمان ئەندازەو بگرە زیاتریش گۆڕاوم.. وامدەزانی ئەو کچەی ئەوسام، کە نیگارکێشە گەڕۆکەکە لەو مەیخانەیەدا بینیمی و بەدەم هەڵدانی پێکە یەك لەسەر یەکەکانییەوە دوو

نیگـاری کێـشام. یـەکێکیانی دامـیَ و بەقـەدی دیـوارەوە هەڵمواسـی و ئـەوی دیکەیانی لەگەڵ خۆیدا برد.. نەمپرسی بۆ کوێی دەبات...

ئەو ڕۆژەی (گوڵیَ) دەرچوو، هاوکات ساڵێکی دیکەیان بۆ من تازەکردەوە، چـونکە چیرۆکەکەم هـەمان ئـەنجامی سالآنی پێشووی بەنەسیب بـوو.. کـاتیَ گەڕامـەوە ژوورەکـەم، خێـرا تـەخت و نوێنـەکانیم فڕێدانـە دەریَ.. منـیش ئـاوام نەکردایـە، پاسـەوانەکان دەهـاتن و ئاسـەواری ئـەویان لێـرە دەسـڕیەوە.. بـەڵیَ، هـەموویان خستنە گالیسکەیەك و بردیـانن لـەو چۆڵەوانییەی بـەردەمی زینـدانـدا سـووتاندیان.. لێـرەدا هەڵوێـستەیەك لـە قـسەکانم دەکـەم و دەڵـێم ئـەوە تـەنها خـەیاڵێکی خۆمـە، کـە وادەزانم بـەردەمی زینـدان چـۆڵە، ئـەگینا دوور نییـە بەشـێوەیەکی تـەواو جیـاواز بێـت.. لەڕاسـتیدا ئـەودیو ڕێـك لـە مـردن دەچـێت.. هەروەکو چۆن تائێستا هیچ مردوویێك نەگەڕاوەتـەوە تـا بـە زینـدووان بڵێـت مـردن چییە، بەهەمانشێوەیش ئـەوەی لێـرە دەرچـووبێت، هـەواڵێکی نەگەیـشتووەتەوە لام، تا بزانم من لەکوێم و دەوروبەرم چۆنە.. زەمـەن چـەند تێپـەڕیوەو چ گۆڕانێك بەسەر ئەودیودا هاتووە.. ئەوەی دەکرێـت بیکـەیت، هـەر مەزەندەیـە.. بـۆ هـەموو شتێك پەنا بۆ مەزەنـدە دەبـەیت، تەنانـەت لـەو ڕاسـتییانەی ڕۆژگارێك لەگەڵیانـدا دەژیایت و هیچ گومانێکیان هەڵنەدەگرت.. دواجار بوونیشیت دەبێتە مەزندەیەك و لەهەر شتێك زیاتر ئەو بەخۆیەوەت خەریك دەکات، بەڕادەیەك سەدان پرسیاری زۆر گرنگ گرنگ بەلاوە دەنێـت.. ئێـستا ئـەوەی لـێم دیـارە، دووکـەڵی نوێنـەکانی (گوڵبەهاری گۆڕانیبێـژە) کـە بـەرەو ئاسمـان هەڵدەکشێت و خەیاڵە ماندووەکانم لەگەڵ خۆیدا لوول دەدات.. نازانم بۆچی بـۆنی لۆکـەی سـووتاوم حەزلێیـە، کـاتیَ کزەبـای گـەرمی ئـاخروئۆخری ئـاب دەیهێنێـت و تـا قـووڵایی لـووتمی دەبـات.. هەندیَ جار وادەزانم تەنها لەڕێگای ئەو بۆنەوە دەتوانم سەرتاپای ژیانم بیر خـۆم بخەمەوە، کەچی زۆری پێناچێت خـەیاڵ و ڕاسـتییەکان تێکـەڵی یـەکتر دەبنـەوەو سیمای چیرۆکەکەم دەشـێوێنن.. هـەموو سـاڵیَ دوای بـەربوونی هـەر یـەکێك لـە زیندانییەکان و سووتاندنی نوێنەکانیان، ئەو بۆنە هەستێکی گەشبینی سـەیری پـیَ دەبەخشیم و دەیخستمە سەر ئەو باوەڕەی من ساڵێکی دیکە وەکو ئەمڕۆ

سـەد لەسـەد بـەردەبم.. ئەوسا ئـارەزووی نووسـین وەکـو مـارێکی سڕ لـە دڵمـدا بەئاگادەهاتەوەو بەسەرجەم دەمارەکانمدا دەگەڕا.. هەربۆیە لەکاتێکدا سەرتاپای زیندانییەکان لەو ڕۆژەدا پرسەیان دادەناو واوەیلایان بۆ حاڵی خۆیان دەکرد، کەچی من نەمدەتوانی ئەو خۆشییەی ناو دڵم بشارمەوەو بەگۆرانی و سەما دەرمدەبڕی.. ئەوان لە ٢٣ی ئابەوە، کە ڕۆژی پێشکەشکردنی چیرۆکەکان بوو، تـا سـەری مـانگ، کـە ئەنجامـەکان دەخوێنرانـەوە، زیـاتر لـە مـردوو دەچـوون.. دەمیان لەنان و ئاوەوە نەدەدا.. سەریان هەڵنەدەبڕی.. ورتەیان لێوە نەدەهات.. نەدەنووستن.. هەریەکەی هیوای دەخواست ئەو تاقە ناوەی لەسەری ئەو مانگەدا دەخوێندرێتەوە، هی ئەو بێت.. خۆ ساڵی وا هەبوو سەرجەمی چیرۆکەکانیان بەسەردا دەداینەوەو هیچ یەکێکیان لەسەدا پەنجایان نەدەهێنا.. هەموو جارێ ژنـان تێکـڕا پـەلاماری ئـەو کەسـەیان دەدا، کـە چـیرۆکەکەی لـە تاقیکردنـەوەدا دەردەچوو.. قژیان چەپك چەپك لە بێخەوە دەردەهێناو بە چڕنوك سەدان هێڵی سـووریان لەسـەر گیـانی دەنەخشاند.. پاڵیاندەخست و بـە لەقـە لەسـەر سـکی هەڵدەپەڕین.. ئـەوێك، کـە حەفتەیـەکی بـەبێ نـان و ئـاو لـە چاوەڕوانیی وەڵامـدا بەسەربردبوو، لە ڕۆژێکی ئاوا گەرمی کۆتایی ئابدا بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی نـەدەگرت و دەبوورایـەوە.. ئـەوە ئەگـەر نـەڵێم دەمـرد.. پاسـەوانەکان دەهـاتن و لـەژێر دەسـتیانیان دەردەهێنـا.. دەیانخستە سـەر گالیسکەیەك و دەیانگەیانـدە ئەودیو... ئەوکارە زیاتر لە یارییەك دەچوو، یاخود وەك بڵێی پەیڕەوێکی ئایینی بێت و خواوەند لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆی هەموو ساڵێکدا بەسەریدا سەپاندبێتن، تێکڕا تێیدا بەشداردەبوون.. ئەوانەی لەکاتی ئاساییاندا بەوە دەناسرانەوە، کە زۆر بێوەین و لە گریان و پاڕانەوە زیاتر، شتێکی دیکە نازانن، کەچی لەو کاتـەدا بۆ کۆمەڵێ دڕندەی ترسناك دەگۆڕان و شاڵاویان دەبرد.. هەر یەکەی دەیویست خۆی بگەیەنێتە سەری و قینی دڵی پێ بڕێژێت.. ئەوجارە (گوڵبەهار) پێی وتم:

_ من گومان دەکەم لـەوەی تائێستا هـیچ کەسێك بەزینـدوویی دەرچووبێت.. لـەو ڕۆژەوە زانـیم، کـە نازخانیـان دەبـردە دەرەوە.. دەرفـەتم هێنـاو گوێـچکەم بەسنگییەوە نا.. هەناسەی نەدەدا.. گیانی سارد سارد.. هەموو دنیا هەستێت و

قسەم بۆ بکات، من هەر دەڵێم مردبوو.. ئەگەر ئەو نازخانە چوارشانەیەی لەشەڕەژندا حەوت و هەشتی بەجارێ دەخستە ژێر خۆیەوە، ئاوا دەرچووبێت، ئاخۆ کەسانی وەکو نەسرین و نەخشین و فریشتەو نازانم کێ و کێ چۆن بەزیندوویی گەیشتوونەتە ئەودیو.. !! مردوون.. هەموویان مردوون.

لەو حەوت ساڵەی دواییدا دەستیان لەو کارە هەڵگرت.. (چنار) وتی:

_ با وازبێنین.. ئێستا ماوینەتەوە هەشت کەس.. ئێمە توانیومانە ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێ بکەین، وابزانم هەریەکێکمان لە وزەیدا هەیە ئەوپەڕی هەشت هاوینی دیکەش دان بەخۆیدا بگرێت.

کەچی (چنار) ساڵی نەبردو پەشیمان بووەوە.. دەیوت:

_ من بۆم دەرکەوت ئەمەی دەمانکرد، چاکترین ڕێگا بوو، تا کاتێ دەچینە ئەودیو ئاگامان لەخۆمان نەبێت و سەرسامییەکی گەورە بۆ هەتا هەتایە وەکو پەیکەر لەو بەردەرگایە ڕەقمان نەکاتەوە.. لەلایەکی تریش ئەو ترسە نەیدەهێشت ئێمە بەردەوام بیر لەخۆشیی ساتی دەرچوون بکەینەوە، بەوەی هەرکاتێ ئەوەمان دەهێنایە بەرچاو، کە لە نووسینی چیرۆکەکەماندا سەرکەوتووین، هاوکات دیمەنی پەلاماردانەکەیش لەبەردەممانـدا قووت دەبووەوە.. باوەڕم پێبکەن، من ئەم چەند مانگە بەقەدەر هەموو ساڵەکان، ئەگەر نەڵێم زیاتریش، هەستم بەترس و نیگەرانی کردووە.. تکایە ئەگەر ئەمساڵ چیرۆکەکەی من دەرچوو، ئەوا بەهەمووتان بێبەزەییانە تێمکەون.

من نەمویست ئەو ڕۆژە لە (چنار) بڕوانم، کاتێ چیرۆکەکەی لەتاقیکردنەوەدا دەرچوو.. رووم وەرگێڕاو بۆ ژوورەکەم گەڕامەوە.. دوایی (سنەوبەر) پێی وتم:

– تۆ کارێکی باشت کرد شاناز ڕۆیشتی و بەچاوی خۆت نەتبینی، کە چۆن بەدەما کەوتە سەر ئەو زەوییە داخبووەو گیانی دەرچوو.. کاتێ لەگەڵ گوڵبەهار هەڵمانگرتەوە، دەتوت لە گۆڕ دەرمانهێناوە.. هەر خۆیشمان لاشەکەیمان خستەسەر گالیسکەی پیاوە قەڵەوەکەو دەمودەست بردیە دەرێ.

لەڕاستیدا مردنی (چنار) وەکو من بیزانم زۆر شتی لە (گوڵبەهار)دا گۆڕی.. ئەمەم لەوەدا بۆ دەرکەوت، کە جارێکیان بەڕێککەوت دەفتەرەکەیم بینی و تێیدا

نووسیبووی: (چنار) نەمرد، بەڵکو گەیشتە ئەودیو، چونکە ئەودیو ئەوەندەی مەرگ بۆ ئەم شاراوە بوو.. ئەم هەمشیە هەوڵی دەدا لەپاڵ ئەو چیرۆکانەی سالانە بۆ تاقیکردنەوەکان دەیاننووسێت، بەردەوامیش لە ڕێگای خەیاڵەوە دنیای ئەودیو بخوڵقێنێت، بۆئەوەی هەرساتێ پێی لێرە هەڵگرت، ئەوا زۆر شارەزایانە لەودیوی دابنێت، بەڕادەیەك ئەوە لە ئەقڵی خۆی دەرکات، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان شوێنێکی ئاوای دیوە.. (گوڵێ) هەرکاتێ بەقووڵیی بیریدەکردەوە، ئارەزووی دەچوو ەسەر چڕینی گۆرانی، بەڵام هەر ئەوەندە دەنگی هەڵدەبڕی و یەك دوو بەندی دەوت، لەپڕ دەگریاو وەکو شێت دەیقیژاند.. سەرەتا نەمدەتوانی لەوە تێبگەم چۆن بەو خێرایییە گریان بۆ گۆرانی دەگۆڕێت.. لەو وشانە تێنەدەگەشتم، کە بەدەم هاوار هاوارەوە دەریدەبڕین.. وردە وردە تووڕەییەکەی تاوی دەسەندو پەلاماری قژی دەدام.. رایدەکێشاو ئاوی لە چاوانم دەهێنا.. کەمێ هێمن دەبووەوەو پێی دەوتم:

– تاقە شتێك لە ژێی عوودەکەم بچێت، تاڵەکانی قژی تۆن شاناز، بەڵام نازانم بۆچی دەمەوێت بەسەرتیانەوە نەهێڵم.. من بەبێ عوودەکەم هیچ گۆرانییەکم بۆ ناوترێت و دەشبێت هەندێ گۆرانی هەر بڵێم.

لەسەرپشت رادەکشاو زۆر رازی دڵی دەدرکاند، کە دەمزانی لەکاتی ئاساییدا دەیویست بەهەموو شێوەیەك لێمیان بشارێتەوە.. ئەگەر ئەو حاڵەتە نەبوایە، کە زوو زوو بۆی دەهات، ئەوا من نەمدەتوانی هیچی لێتێبگەم.. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم دەکرد ئەو لە هەموومان رۆشنتر ئەودیوی دەبینی.. یاخود با بڵێین لە ئێمە چاکتر دەیتوانی ئەوێ بێنێتە بەرچاوی.. (مام دانیال)ی باوکی شارەزاترین کەسی ورمێ و دەوروبەرەکەی بوو لە بواری ئەستێرەناسی و کەشناسییدا.. سروشتی ئیشەکەی وای دەخواست زۆربەی ژیانی لەناو شاخە سەختەکاندا بەسەرببەرێت و ئەوی تاقانەی دایکمردوویشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد.. لە سەفەرە زۆرەکانیشیدا لای کەسی بەجێنەدەهێشت.. (گوڵێ) هەر جارێ دەهاتەوە ناوشار، شێوەی دەگۆڕا، بەڕادەیەك زۆر بەزەحمەت دەماننناسیەوە.. شەرممان دەکرد لێ نزیکببینەوەو بیدوێنین.. دەتوت لەدنیایەکی دیکەوە هاتووە..

ماوەیەکی دەبرد تا شەرممان لێی دەشکاو دەمانتوانی یەك دوو وشەی لەگەڵدا بڵێین.. ئینجا لە ئاستی قسە سەیرەکانیدا دەحەپەساین.. وادەچووە ئەقڵمانەوە ئەو لەناو جنۆکەکانەوە گەڕاوەتەوەو لەوانەوە فێربووە ئاوا بدوێت.. چیرۆکی سەیر سەیری بۆ دەگێڕاینەوە.. گۆرانیی وای بۆ دەچڕین، کە پێشتر هەرگیز لە کەسمان نەبیستبوو.. عودەکەیشی هەر لەوێ هێنایەوەو بەچاکترین شێوە بۆی دەژەندین.. گوێچکەماسی و بەردی بەنرخی کۆدەکردەوە.. هەندێکی بە دیواری ژوورەکان و هەندێکی وەکو خلخاڵ و بازن و ملوانکە بەخۆیدا هەڵیدەواسین.. جا کاتێ لەو حەوشە فراوانەیاندا عوودی دەژەندو هاوکات بەدەم چڕینی گۆرانییەوە سەمای دەکرد، ئەو گوێچکەماسی و بەردانە بەریەك دەکەوتن و دەیان دەنگی جیاواز جیاوازیان دەخوڵقاند، بۆیە واتدەزانی لەبەردەم تیپێك مۆسیقادا وەستاویت.. تۆیشی لەگەڵ خۆیدا دەخستە سەمایەکی حەماساوییەوەو پێیە پەتییەکانت لەسەر ئەو چەوە داخبووەدا دەسووتان، بەڵام چێژێکی قووڵت دەبینی و بیرت دەچووەوە لە کوێیت.. قژی بەو گیایانە دەشت، کە لەوێ وشکی کردبوونەوەو بۆنی سەیر سەیریان لێدەهات.. کاتێ پرچی لەژێر هەتاودا دەبریسکایەوە، سەدان پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگت دەبینی وەکو سەراب بەسەر سەریەوە دەسووڕانەوە.. پەنجەکانت بۆ درێژ دەکردن، تا یەك دووانێکیان بگریت و لە نزیکەوە لێیان بڕوانی، بەو مەبەستەی لە بەشێکی نهێنییەکان تێبگەیت، بەڵام هیچت بەدەستەوە نەدەهات.. ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر سەرنجی رادەکێشایت، ئەو مێروو و جاڵجاڵۆکە ڕەنگاوڕەنگانە بوون، کە بە بنمیچ و دیوارەکانەوە دەتبینین و واتدەزانی لە ئەشکەوتە زۆر کۆنەکاندایت.. کاتێ دەتپرسی ئەمانە چۆن دۆزراونەتەوەو چۆن گەیشتوونەتە ئێرە، وەڵامێکی رۆشنت نەدەبیست و دەبوایە پشت بە مەزەندەو لێکدانەوەی خۆت ببەستی.. ماڵەکەیان وا دەهاتە بەرچاو هەزاران بەردتاشی زۆر شارەزا لە شاخەکان دایانتاشیبێت و بۆ ناو شاریان راگوێزابێتەوە، بۆیە نەتدەزانی ئاخۆ ئەوان شاریین و پێیانخۆشە لەشاخدا بژین، یان بەپێچەوانەوە شاخیین و بەسەردان هاتوونەتە ناو شارەوە.. هەرچییەك بووبێت ئەمە تەواو لەگەڵ سروشتی

پیشەکەیاندا دەگونجا.. (مام دانیال)ی باوکی زۆربەی کاتی لە ژوورێکی نیمچەتاریکدا بەسەر دەبردو کەس لە دەرەوەی نەدەبینی.. لێرە زانیت (گوڵێ) سەری لەو مەسەلەیە دەردەچێت و بۆ تێگەیشتنی دنیای ئەودیو پەنای بۆ دەبات.. دەیوت رەنگی هەورەکان لە گۆڕانێکی بەردەوامدان.. جووڵەکانیان وەکو جاران نیین.. ئاراستەکانیان شێواون.. باران و بەفر چارەکی ئەوسا نابارن.. باڵندەکان کەمبوونەتەوە.. هەندێك جۆریان هەر بەتەواوی لەناوچوون .. وانەزانی حاڵی ماسییەکانیش باشە .. ئاژەڵانیش بەهەمانشێوە .. ماوەیەکی زۆر گوێم لەدەنگی پێی هەندێکیان نابێت .. سەیر نییە ئەگەر بڵێم شێرو پڵنگ تاکوتەرا ماون.. دەزانی ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە چەند بەقەدەر ئەوسایە..؟ دەزانی چەند هێکتار لە ڕووبەری زەوی بەخانووبەرە داپۆشراوە..؟ نازانی خانووەکان لەچی و چی دروستکراون..؟ پێت بڵێم مرۆڤی ئەودیو ئەوپەڕی چەند ساڵ دەژی..؟ ئەوکاتەی چاوەڕێی وەرگرتنەوەی ئەنجامی چیرۆکەکانتان بوون، لە ئاسمانی بێگەردی روانی و پێی وتی:

_ ئێمە نزیکەی پێنج سەدەیە لێرەین.

لەپڕ دانەوییەوەو دەستەکانی لەملاو لەولاوە بە ئەژنۆکانییەوە گرت و بە دەنگێك، کە پێشتر هەرگیز پێی نەدوابوو، وتی:

–تۆ وانەزانی من کە ئەو راستییانە دەزانم، شتێکی باشە... نەخێر، ئەمە بۆ من مایەی نائومێدییەکی گەورەیە.. من بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەوڵمدا ئەمانە بیر خۆم بەرمەوەو باوەڕ بە دنیایەکی دیکەی جیاواز بێنم، کە هیچی لەمە نەچێت، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووم.. ئێستا دەزانم تۆ چەند بەختەوەریت، کە لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرناچێت.

دووکەڵی ئاگری نوێنەکانی لەودیو بەردەوام بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت و بۆنی لۆکەی سووتاو دەگاتە لووتمەوە.. نازانم بۆچی نەمویست لێی بڕوانم، کاتێ ئێرەی بەجێدەهێشت.. دەبوایە وام بکردایە.. دوا دیمەنیم لەبەرچاوم لاناچێت و لاناچێت، کاتێ دانەوییەوەو دەستەکانی لەملاو لەولاوە بە ئەژنۆ لەرزۆکەکانییەوە گرت.. باوەڕم نییە توانیبێتی ئەو لەشە بێهێزو داهێزراوەی

راست بكاتەوەو بۆ ساتێكی كورتیش لەسەر قاچە لەرزۆكەكانی وەستابێت.. نەخێر، بەدەما كەوتووەو پاسەوانەكان هەڵیانگرتۆتەوە.. خستوویانەتە سەر گالیسكەیەك و بەودیویان سپاردووە.. بۆ لێیم نەڕوانی..؟ بۆ..؟! ئاخر بۆ بۆ..؟! زۆرجار پێی دەوتم:

– نازانی چەند گرینگە بەدیقەتەوە سەرنج لەوانە بەدەیت، كاتێ ناویان دەخوێندرێتەوەو دەگەنە ئەودیو.. !! ئەوسا زۆر پێویستە هەموو شتێك لەبیر خۆت بەریتەوەو ورد ورد لێیان بڕوانی.. ئەمە یارمەتیت دەدات لەوەی تۆ بتوانی ساڵی داهاتوو چیرۆكەكەت چاكتر بنووسی.

ئەوكاتەی وتیشی ئێمە پێنج سەدەیە لێرەین، دەبوایە لێم بپرسیایە بەپێی چ ڕۆژژمێرێك.. یەكەمجار ناوی (ڕۆژژمێری چاڵدێران)م لە دەمی (مام دانیال)ی باوكییەوە بیست.. ئەوسا تەمەنم لە نۆ هاوین تێنەدەپەڕی، بۆیە هیچ لە مشتومڕی نێوان ئەم و باوكم تێنەگەیشتم.. بەئەقڵم ئەوە یەكەمجاریش بوو ئەو دوانە یەكتر ببینن.. ئەگەرچی خەڵك پێیانوابوو ئەوان تەواو لەیەكتر دەچن.. ئەمیان كەشناس و ئەویان مێژوونووس.. ژنی دووەمی هەردووكیان كوژراون.. ئەمیان كچە گەورەكەی جێیهێشتووەو كەس نازانێت سەری بۆ كام لا هەڵگرتووە، ئەویان كوڕە گەورەكەی شاربەدەر كراوە.. هەردووكیان سەرو تاقە كچیان ماوە.. هەردووكیان گۆشەگیرن و كەس نابینن، بەڕادەیەك حیسابی مردوویان بۆ دەكەن.. شەو لەگەڵ دەنگێكی سەیردا بێدار بوومەوە.. چاوە خەواڵووەكانم لەناو ژوورە تاریكەكەدا هەڵهێنا.. تەنها تارماییەكی سپیم دەبینی.. لە قسەكانی تێنەدەگەیشتم.. بەترسەوە دەستم بۆ شانی باوكم درێژكرد، تا بەئاگای بهێنم و بەهەر شێوەیەك بێت پێی بڵێم خێوێك هاتۆتە ژووری، بەڵام خێرا زانیم ئەو وا هەستاوەو گوێی بۆ شلكردووە.. چەند جاری دەرفەتی هێناو كۆمەڵێ شتی لەوانەی ئەو سەیرتری وت.. كاتێ تارماییەكە دەرگای ترازاندو پێی بردە ئەودیو، سیمای چاكتر كەوتە بەردیدەی لێڵم و زانیم (مام دانیال)ی باوكی (گوڵبەهار)ە.. ئەوسا وتی:

- تـــۆ لـــە ڕۆژژمێـــری چـــاڵدێران تێنەگەیـــشتووی.. ئـــەو ڕووداوانـــەی دەیانگێڕیتەوە، هەموویان هەڵەن.. وانەزانی من لەمە بێدەنگ دەبم.

بەیانی من چەندجار لەباوکمم پرسی، کەچی ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی خەونم دیوە، بەڵام لەمەوە هەستم دەکرد سیمای زۆر گۆڕاوەو لە جاران ماندووتر دیارە.. دەفتەرە گەورەو ڕەنگپەڕیوەکانی یەك یەك لەسەر تاقەکان دادەگرت و پێیاندا دەچووەوە.. هێڵی بەژێر هەندێك دێڕدا دەهێناو هەندێکیانی دەسڕییەوە.. لەمەوە کەمتر لەگەڵمدا دەدوا.. ئەگەر پێشان جارجارە دەچووە دەرێ و بەتەنیا لە ماڵ جێیدەهێشتم، ئەوا لەوساوە دوو پێی نەدەخستە ئەودیو.. چوار کەس، دوو ژن و دوو پیاو، هەر جارێ یەکێکیان بەجیا سەریان لێدەدا لەو ژوورە قسەیان بۆ دەکرد.. وای بۆ دەچووم هەواڵی شوێنە دوور دوورەکانی بۆ دەهێنن.. دەموت هەریەکەیان کۆکردنەوەی ڕووداوی وەرزێك لە وەرزەکانی ساڵی لە ئەستۆدایە.. لەو ژوورە بۆی دەگێڕنەوەو ئەویش لەو دەفتەرە گەورانەدا تۆماریاندەکات.. کاتێ نەمدەتوانی بیانخوێنمەوە، وامدەزانی هێشتا ماومە فێری ئەو زمانە ببم و لێیان تێبگەم، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت لە خۆی بەولاوە، کەسێکی دیکە نییە ئەو شفرانە هەڵبهێنێت.. نازانم چەند بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیبوو، کاتێ ئێوارەیەکیان بیرم خستەوە، کە چۆن ئەو بەیانییە سووك و ئاسان ڕاستیی لێ شاردمەوەو بەوە خەڵەتاندمی، گوایە خەونم دیوە.. هێشتا هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی، بەڵام هۆی دەرنەچوونەکەی لە ماڵدا بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە، کە ئەو مێژوونووسەو شێوازێکی زۆر تایبەتی هەیە لە نووسینی مێژوودا.. دەیوت نایەوێت بچێتە ناو ئاوەدانی، چونکە لەوێدا تەنها دوو جۆر خەڵك دەبینێت، چەوساوەو چەوسێنەر.. ئەمە کار لە سۆزی دەکەن و بەئاسانی هەڵیدەخەڵەتێنن.. لێرەوە ناتوانێت شتێکی جیاواز بنووسێت.. چاوەڕێ بووم هەندێ قسەی دیکەیش بکات، بەڵام لەپڕ دەمی داخست.. زۆری دەویست تا جارێکی دیکە ئەو لچ و لێوە بەمەبەستی درکاندنی بەشێکی تری نهێنییەکان دەکرانەوە.. هەزاران پرسیار نەیاندەتوانی ئەو زمانەی هەڵبهێننەوە، بەڵام دیارنەمانی ئەو ژن و پیاوانەی هەریەکەی لە وەرزێك دەهات و من وای بۆ

دەچووم هەواڵەکانیان بۆ دەهێنا، ناچاریانکرد لە نووسینی مێژوودا پشت بە من ببەستێت.. ئەگەرچی بۆ تاقە جارێکیش نەیویست شتێك لە بارەیانەوە بڵێت.. بەتەکبیری ئەویش لەو مەیخانەیە دەستم بەئیش کرد.. دەیوت نازانی ئەو ئیشە چ سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە.. لە هیچ شوێنێکدا وەکو ئەوێ هەواڵی راست و سەیر سەیرت دەستناکەوێت.. لەسەر ئەم مێزەیاندا ئەو جەنگاوەرە ماندووانەی بەمۆڵەت لە بەرەکانی شەڕ گەڕاونەتەوەو بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە بۆ بوتڵ و کاسەکانیان دەدوێن.. تا زیاتر مەست دەبن، زیاتر ئارەزوویان دەچێتە سەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان.. لەسەر مێزی تەنیشتیانەوە ئەو رێبوارانەی لە ڕێگای دوور دوورەوە هاتوون و دوای هەڵدانی یەك دو پێك و بەدەم گوێگرتن لەگۆرانیی کچانەوە، بیریان دەچێتەوە بۆچی هاتوون و چەندی دیکەیان ماوە بگەنە شوێنی مەبەست.. بەبێ ئەوەی بیانەوێت، دنیایەك رووداو لەدوای خۆیانەوە جێدەهێڵن.. .. دەسا لەوێ نیازەکان بەشێوەیەکی دیکە دەرکەوتن.. ئاراستەکان گۆڕان و تێڕوانینی منیشیان لەگەڵ خۆیاندا گۆڕی.

***

هەندێك شەو بەئەسپایی دێیت و تەنیا و بێدەنگ لەو سووچە دادەنیشی.. لەوەتەی من لێرە دەستم بەئیش کردووە، جانازانم پێشتریش، ئەمە پیشەتە.. چراکەی پشت سەرت سێبەرەکەت بەگەورەیی دەخاتە سەر ئەو دیوارەی بە نیگاری مرۆڤی سەیر سەیرو گیانداری جۆراوجۆر نەخشاوەو تێکەڵ بەوان دەبیت.. ئەوسا هێندەی دی دەخزێیتە ناو ئەفسانەکانەوەو زیاتر دڵم دەخەیتە ختووره‌وە.. من کە جورئەت ناکەم لە نزیکەوە لێت بڕوانم، ئەوا چاوم لەسەر سێبەرت ناگوێزمەوە.. تانەنەت کاتێ دێم و خواردنەوەو مەزەت بۆ دەهێنم، وادەزانم دەیانخەمە بەردەمی سێبەرەکەت.. وەك بڵێی گیانێکی پڕ لەنهێنی لەناو سێبەرەکەتدا خۆی حەشاردابێت و من بمەوێت بیدۆزمەوە، بۆیە بەردەوام بەدوامەوەیە.. دیارە ئەمە تەنها خەیاڵێکی کاتییەو ئەوەم بیرناباتەوە، کەچ ترسێکی گەورە رێگرە لەوەی چاو ببڕمە چاوانتەوە، بەڵام دەزانم تۆ چەند

بەدیقەتـەوە سـەرنج لەهـەموو جووڵەیـەکم دەدەیـت، بۆیـە دەسـتەکانم دەلـەرزن.. کاس و سوراحی بەر یەکتر دەکەون و دەنگێکی سەیریان لێهەڵدەستێت.. ئەوانـە لـە (قـوڕی چـاڵدێران) دروسـتکراون، بۆیـە بەوشـێوە جیـاوازە دەزرینگێنـەوە.. بەلاتـەوە سـەیرە مـن شـتێکت پـێ دەڵـێم، کـە خـۆت لـە هـەموو کـەس چـاکتری لێـدەزانیت.. وانییـە..؟! مـن تێناگـەم (قـوڕی چـاڵدێران) چ جیاوازییـەکی لەگـەڵ قوڕی هەر شوێنێکی دیکەدا هەیە، تا تۆ هێندە بەلاتەوە گرینگ بێت کڕیارەکانت باوەڕ پێ بهێنیت، کە کەلوپەلەکانت لەو قوڕە دروست کـردوون.. ئەوەنـدەی پـێ لەسەر زرینگانەوەشیان دادەگریت، هێنـدە باسـی چاکییان ناکـەیت و بـەلای ئـەو نەخشانەی سەریاندا ناچیت.. ئایا لات وایە دەنگ لـە نـاوەرۆکی شتەکان و لـە شـێوەیان گـرینگتر بێـت..؟! مـن کەسـێبەری تـۆم لێبووەتـە خولیـا، لەبەرئەوەیـە جورئەت ناکەم لە خۆت بڕوانم و نامەوێت راستەوخۆ لەگەڵ کێشەیەکی گـەورەدا رووبەڕووببمـەوە.. ئـەو کێـشەیەی سـەرتاپای تەمـەنمی پێـوە بەنـدە.. مـن کـچی مێژوونووسێکم، کە وەهم سەرتاپای ژیانی داپۆشیوە.. ئەو پیاوە سەیرەی پێش ئەوەی باوکی من بێت، باوکی تۆ بوو.. ئەوەتا من ئێستا شتێکم پێ وتی، کە تـۆ نـایزانی.. رەنگـە بیشیزانی، بۆیـە کـاتێ کـوڕانی تـر بـانگم دەکـەن و بەمەبەسـتی خزمەتکردن لە مێزەکانیان نزیك دەبمەوە، سێبەرەکەت دەکەوێتە جووڵەو لەمەوە دەزانم سـیمات تـەواو گـۆڕاوە.. دەموچـاوت گرژکـردووەو گلێنـەکانت زەق زەق تێبڕیـوم.. ترسـم هەیـە لـەپڕ پـەلامارم بـدەیت و بەخەنجـەر ونجـڕ ونجـڕم بکـەیت.. پێت نـاخۆش نـەبێت من نـاتوانم بـاوەڕ بـەوە بهێنم، کـە تـۆ دوای ئـەوەی دەسـتت داوەتە کاری هونەری و دەتەوێت لە ڕێگای فرۆشتنی کەلوپەلەکانتەوە لـەم شـارە وەربگیرێتـەوە، وازت لـە کوشـتن هێنـاوە.. ئـەو گەنجانـە کـاتێ مەسـت دەبـن، شـەرمیان لێهەڵـدەگیرێت، بـەبیانووی جۆراوجـۆر بـانگم دەکـەن، دەسـتەکانم دەگوشـن.. زۆڵانـە پەنجـە بزێوەکانیـان دەخەنـە قـژی درێـژو خـاومەوە.. وشـەی سەیر سەیر دەچپێننە گوێچکەمەوە.. ئیشەکەشم وادەخوازێت رووم گرژ نەکەم و

بزەی ناسك ناسكیان بۆ بخەمە سەر لێوم.. ڕەنگە تۆ بەرگەی ئەم ئازارە نەگریت و لەناو ئەو بێدەنگییەت بێیتە دەریٚ، کە وەکو جلوبەرگ پۆشیوتە.. گویٚ بەوە نادەیت سزاکەت قورستر دەبێت و تا ماوی لە ئەشکەوتەکاندا وەکو ئاژەڵێکی کێوی ژیانت دەگوزەرێنیت.. بەڕاستی پێت بڵێم من لام ڕوون نییە، ئاخۆ لە ناخمدا پشتی تۆ دەگرم، یان هی باوکم، یان هی ئەو یاسایەی سزای داویت.. بەهەرحاڵ من دەزانم هەر شارێك ڕێگایەکی تایبەتیی هەیە لە دەرکردن و وەرگرتنەوەی کەسەکانی خۆیدا.. ئەمەیش شێوازی شاری ئێمەیە: (لەو کێوە سەختانە هونەرێك بدۆزەرەوەو بە ناوێکی ترەوە بیگەیەنە ئاوەدانی).. من هیچ بەهرەیەك لە خۆمدا شك نابەم، بۆیە باوەڕم وایە ئەگەر دەست بۆکارێکی ئاوا بەرم، دەبێت وەکو ورچە تەنیاکان تا ماوم ژیان لە ئەشکەوتدا بەسەر بەرم.. کاتیٚ ئاوات پێدەڵێم، خەیاڵت بۆ ئەوە نەچێت من بیرم لە کوشتنی تۆ کردۆتەوە.. هەقیشتە ئەگەر ترسێکی ئاوا دڵت ختووره بدات، بگرە بشتتۆقێنێت، چونکە تۆ لەهەر کەسێکی دیکە چاکتر دەزانی، کە کوشتن لە هیچ شتێك ناچێت.. ئەوانەی پێش تۆ گیانێکیان لەناوبردووەو دوای ماوەیەکی زۆر لە ئاوارەیی ناو کێوان گەڕاونەتەوە، وایان وتووە.. هەموویان پیٚ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە حاڵەتێکە دوور لە ئیرادە.. کاتێکیان زانیوە وا هەستێکی سەیر تەفرەیان دەدات و ناچارن کەفوکوڵی دڵیان دامرکێننەوە، بەڕادەیەك ئەگەر ئەمە بەئەنجام نەگەیەنن، ئەوا هەر ئەو هەستە خۆی لەناوەوە قوڕگیان دەگرێت و لە جووڵەیان دەخات.. بەڵیٚ، کوشتن ئەو ڕێگایەیە، کە بۆ ڕزگارکردنی ژیانت لە چەپۆکی مەرگ، سووك و ئاسان پەنای بۆ دەبەیت.. مادام ئەو ڕاستییە دەزانم، ئەوا ناتوانم دڵنیات بکەم، کە شەوێك لە شەوان دوای ئەوەی دەبینم تەواو مەستیت و ئاگات لەدنیا بڕاوە، لەپڕ بەبیٚ ویستی خۆم پەلاماری قوڕگت نادەم و بۆ هەتا هەتایە لە جووڵەت ناخەم.. نازانم تۆ لە هونەرەکەت سەرکەوتوو دەبیت، یان نا، تا وەکو ئەوان بەئێجگاری بگەڕێیتەوە، بەڵام خەیاڵ نەکەیت باوکم لە ماڵ

وەرتگرێتــەوە.. وەکــو بیــستوومە ئەگــەر ئــەو نەبوایــە، کــەس بەتاوانەکــەتی نــەدەزانی.. هــەر خــۆی لــە دادگــا پــەردەی لەســەر رووی راســتییەکان لاداو وەکــو بکوژێك بەسزای گەیاندی.. رۆژێك لە ڕۆژان ناوی تــۆی نــەهێناوە.. شــتێك نــابینم لەناو ماڵمان، ئــەوە پیــشان بــدات، کــەتۆ لەوێــدا ژیاویــت، یــان هــەر بــۆ ســاتێکیش پێت خستبێتە ئەمدیویەوە.. ناوە راستەقینەکەت و رووداوەکانم پــچڕ پــچڕ لــەم و لــەو بیــستوون.. (ئیدریــسی حیکایــەتخوان)یــش چــیرۆکێکی لــەبارەی تــۆوە هەڵبەستووە.. لە دیوەخانی بەگەکان و لەسەر سەکۆکاندا لەبری بڕێــك پــارە، یــان هەنــدێ خــۆراك لــەپاڵ دەیــان چــیرۆکی دیکــەدا دەیگێڕێتــەوە.. دەڵــێن هــەر ئــەو چــیرۆکەی گەیاندۆتــە شــوێنە دوورەکــانی وەکــو (ئەســتەمبۆڵ)و (بەغــداد)یــش و لەوێ بە زمانی تورکی و عەرەبی گێڕاویەتیەوە.. من دەزانم ئەو ڕقــی لــە باوکمــەو دەیــەوێت لــەناو خەڵکدا بیــشکێنێت.. هــەر ئــەویش مــەلای شــارەکانی ئەوبــەری هانــدابوو فــەتوای کوشــتنی دەر بکــەن، چــونکو لــەجیاتی وشــەی (عەرەبــستان)، (عەرەبخانە)ی بەکارهێناوەو وتووشیەتی ئەگەرچی عەرەبەکان لە هاوینــدا ســوود بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەگەیەنن، کە چەند سەدەیەکە بۆی هــاتوون، بــەوەی هــەموو کوللــەو بزنمــەڕەکان راو دەکــەن و دەیــانخۆن، بــەڵام زســتانان دەبــن بــەبار بەســەر خەڵکــەوە..(*) بۆیــە مــن زۆر پــشت بــەو چــیرۆکانە نابەســتم .. ئەگەرچــی (دادە گوڵزار)، کە ئامۆزای دایکــی خۆتــەو هــەر ئــەویش پــێش ئــەوەی دایکــی مــن بێتــە ئــاراوە، دایکــت و بــاوکمی بەیــەکتر ناســاندووە، بــاوەڕی وایــە بەشــێك لــەو بەسەرهاتانە راستن.. ئــەویش تــۆی ناسییەوە .. ئەگەرچــی ئەو کێوانە دەتــوانن تەنها لە ماوەی مانگێکدا سیمای شارییەکان بگۆڕن و بەزەحمــەت بیانناســیتەوە، بەڵام ئەو دوای بیست ساڵ تۆی ناسییەوە.. دەیــوت لەگــەڵ ئەوەشــدا روخــسارت تەواو گۆڕاوەو کوڕە هەژدە ساڵانەکەی ئەوسا نــەماویت.. شــێوەی ڕۆیشتنیــشت ئــەوەی جــاران نییــە، چــونکە خــەڵکی شــاخ بــەحوکمی ئــەوەی بەهەورازانــدا هەڵدەزنێن، هەنــدێ کــووڕ دەبــن .. دەنگــت ئــەوەی ئەوســا نییــە، هــەر لەبەرئــەوەی

زۆر کەم پێی دواویت، یان هەر پێی نەدوایت و تەنها گۆرانییت پێی وتووەو پێی گریاویت، بەڵام بەشتێك دەزانیت تۆ(زەردەشت)یت، کەچی چەندی هەوڵم لەگەڵی دا، پێی نەوتم ئەو شتە چییە.. ئێستا تۆ ناوت لەخۆت ناوە (کرمانج)، بەڵام ئەوەی نازناوی (چاوچیمەن)ی پێبەخشیوی، (گوڵبەهاری گۆرانیبێژ)ە .. ئەو کچە جووەی هەمیشە لەناو خەڵکدا بەکەلوپەلەکانتدا هەڵدەدات.. نەخشەکانی سەریان بۆ ئەم و ئەو لێکدەداتەوەو بۆ مێژووی هەزاران ساڵیان دەگێڕێتەوە.. دەڵێت چاوەکانی تۆ وەکو چیمەن لە بەهارو هاویندا سەوزن و لە پایزو زستاندا بۆ زەردێکی کاڵ دەگۆڕێن.. لەگەڵ هەر گۆڕانێکیشدا، شتەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەبینن.. من ناوێرم لێیان بڕوانم، تا بزانم ئەمە راستییە، یان غەزەلی کچێکی هاری بێشەرم.. کەچی لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر بیرت لێدەکەمەوەو مەبەستمە لە نهێنییەکانت تێبگەم.. دەتوانم بڵێم کاتێ بۆ یەکەمین جاریش گەڕایتەوە، کەس لەپێش منەوە نەیبینیت.. بەبێئەوەی بزانم کێیت و چ پێوەندیەکت بەمنەوە هەیە.. لەکوێوە هاتوویت و بە چ مەبەستێك ئەو رێگایەت گرتۆتە بەر، لێت رادەمام و سەیر دەکەوتیتە بەر دیدەی لێڵم .. (بۆ زانینت من وشەی سەیر بۆ ئەو شتانە بەکاردەهێنم، کە لێیان تێناگەم و لەشێوەی مەتەڵێکی ئاڵۆز رووبەڕووم دەبنەوە).. لە منداڵییەوە وا راهاتووم، هەر بەیانییەك زوو بەئاگا بێم، دەچمە سەربان .. نازانم چ لەزەتێك لەوە دەبینم لەوێوە بەچاوی خەواڵوو بۆ ئاسۆ دوور دوورەکان بڕوانم.. نەخێر، ئەمە خوویەکەو ناتوانم دەستی لێهەڵگرم.. ئەوسا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر هەست بەمنداڵیی خۆم دەکەم.. لە ئەنجامی رامانی زۆردا، بەر بینایيم لێڵ دەبێت.. خەیاڵەکان لەناو سەرمدا تێکدەقژقێن.. خەونەکان تێکەڵ بە ڕاستییەکان دەبن.. نازانم نووستووم یان بەئاگام یان حاڵەتێکەو لە هەردووکیان پێکهاتووە.. کێوەکان لەناو تەمێکی چڕدا، کە دەزانم هی ناو چاوەکانمە، نەك هی ئاسمان، بەحاڵ دیارن.. لە منداڵدانێکی گەورە دەچن.. تا ئێستاش نەمتوانیوە باوەڕ بەخۆم بهێنم، کە ئەمە

گەمژەییەو دەبێت دوای ئەم تەمەنە ئەو دیمەنە بگۆڕم.. ئاخر بۆچی ناتوانم چییتر نەڵێم (کێوەکان لەناو تەمە چڕەکاندا وەکو مندالّدان دیارن..؟!) شوێنی ماڵەکەشمان زۆر لەبارە لەوەی نیگاکانم بەئاسانی و دوور لەبەربەست بگەیەنمە شاخەکان.. خەڵکێکی زۆر هەن لەناو شار حەزیان لە قەراغ نییە.. دەڵێن لەویٚ هەست بەترس و غوربەت دەکەن.. هەر بۆیە نرخی خانوو لێرە لەچاو ئەویٚ هێندە هەرزانە.. کەچی خەڵکی ئێرە بەگشتی لەهی ناوجەرگەی شار وریاترو دەستڕەنگینترن.. زیاتر لەوان حەزیان لە شتی نوێیە.. ئەوانن دەبنە هونەرمەند.. بەڵگەشم ئەوەیە، زۆربەی جووەکان لە قەراغ دەژین، لەکاتێکدا هەر ئەوانیشن بازاڕ بەڕێوەدەبەن.. هەر بۆیە کەلوپەلەکانی تۆیش لەم گەڕەکە زیاترین ڕەواجیان هەیە.. ئەوان تاقی ناندینەکانیان پڕکردووە لە قاپ و کەوچك و گیاندارەکانتیان لە ناوجامخانەی کانتۆری ژورەکانیان داناوە.. سوراحی و کاسەکانیشت لە مەیخانەکاندا بەکاردەهێنن.. من ئەگەرچی هیچ ماڵێك لەپشت ماڵی خۆمانەوە نابینم، بەڵام تا ئێستا نازانم ئەو هەستی ترس و غوربەتە لە ناخمدا هەن یان نا، بەڵام دڵنیام ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، کە ئێستا تەمەنم هەژدە ساڵە، وازم لەو خووە نەهێناوە بەیانییان بچمە سەربان و شێتانە لەو فەزایە بڕوانم.. وامزانی لەناو هەورەکاندا هاتیتە دەریٚ.. ئەسپێکی سپی گالیسکەیەکی ڕەشی رادەکێشا.. بەجلێکی سوورەوە قاچەکانت لەنزیك تایە گەورەکانەوە لە هەوادا دەلەرینەوە.. لە دوو لوولەی ئاگر دەچوون.. چۆنت دەزانی کە ڕەنگی سوور لەنێوان سپی و ڕەشدا ببینم، گەشکە دەمگرێت و موچوڕکە هەموو گیانم دەهەژێنێت..؟ لە هەر کاتێکی دی زیاتر هەست بەکچێنیی خۆم دەکەم.. لەزەتەکان لە ناخەوە هەڵدەفڕن و تاسەر زمانم دێن.. ئێستاش بەدڵنیاییەوە دەڵێم چ خۆت و چ ئەسپ و چ گالیسکەکەشت دەتوت سیٚ پارچە هەوری ڕەنگجیاوازن و دەترسام وردە وردە بتوێنەوە.. لە ئاستی جۆگەلەکەی پشت ماڵمان هێواشت کردەوەو دوایش لەپڕو بەخێراییەکی سەیر پەڕیتەوە.. قازەکانم

ترسـان و زارەترەکانـە بڵاوبوونـەوە.. ئـەو دیمەنـە بینـینی مـنی بەلاڕێـدا بـرد.. وامزانـی ئەسـپەکەت بـەر هێزێکـی غەیبـی کـەوت و بـووە دەیـان پارچـە.. باڵیـان لـەملاو لـەولاوە لێککـردەوەو قیڕانـدیان.. سـنگیان بـەر زەوی کـەوت و قـایمتر قیڕانـدیان.. هەسـتانەوەو زیـاتر قیڕانـدیان.. ئـەو قیـڕە قیـڕە لەگـەڵ دەنگـی قاچـی ئەسـپ و تایـە ئاسـنەکانی گالیـسکەکەت لەسـەر ئـەو چـەوەو هاوکـات لەگـەڵ زرینگانـەوەی ئـەو هـەموو ورچ و ئاسـك و شـێرو پڵـنگ و قـاپ و کەوچـك و سوراحییەی، کە دواترو بەخـەڵکت وت لە (قوڕی چاڵدێران)ت دروستکردوون، تێکەڵبوون و هەر خۆم دەزانم چ ئاوازێکی سەیریان دا بەگوێچکەمدا.. دیمەنەکەم بەشێوەیەکی جیاواز دەبینی.. هەی دڵڕەقی هار بەئاگر راوی قازەکانمت دەناو دەتویست بیانسوتێنیت، یاخود بیانتوێنیتەوە.. ئەریْ چی نەیهێشت بەسەرتا بقیژێنم و بڵێم:(کوڕە سوك.. !! سووك.. !! کوڕەکە سووك.. !! لەگەڵ تۆمە.. !! ئاگات لەقازەکانم بێت.. !! بۆچی ئاوا بێبەزەییانە تێیان کەوتوویت.. !! وریا بە.. !! ئەوە بۆکویْ ئاوا ملی رێگات گرتووە..؟!! ئای..!! ئای..!! ئەوە لەگەڵ تۆم نییە..؟!) رەنگە خێرا زانیبێتم، کە ئەم وشانە بەدەنگی بەرز ناوترێن.. یاخود دەوترێن، بەڵام ناتوانن بەمەبەستی خۆیان بگەیەنن.. ئەو هەناسە شێواوانەی لەگـەڵ دەنگەکانـدا دەردەچـن، نـاتوانن بەهـەمان خێرایـی بـڕۆن و بگەنـە گوێـچکەتەوە.. چـاوت لێیـە زرنگانـەوەی وشـەکانیش وەکـو کەلوپەلـەکانت گرینگن..!! نەخێر، بینینی ئەو دیمەنەو تێکەڵبوونی رەنگەکان و تێکقژقڕانی دەنگەکان لەزەتێکی وایان خستە دڵمەوە، نەیانهێشت گویْ بەترسانی قازەکانم بدەم.. تۆ دەبێت بزانیت یەکەمین بینین چەندە گرینگەو وەکو ئەسپەکەت هەموو شـتەکان بـەدوای خۆیـدا رادەکێـشێت.. بـاوکم دەڵێـت: پێغەمبـەر ئەوسـا لـە سەرەتای گەنجێتییدا بوو.. ئاوەدانیی جێهێشت و چووە کێوەکان.. ژنەکەیشی برد.. لە ئەشکەوت دەژیان.. رۆژێکیان بورکان هەڵایسا.. شاخ گڕی گرت.. ئەو ئاگرەی زۆری نەمابوو بیانسوتێنیت، دواتر هەر چۆنێك بوو کوژایەوە، بەڵام

لەناو خەیاڵی ئەودا بەردەوام کڵپەی دەسەند.. فەلسەفەکەی لەسەر داڕشت.. ئاگری کردە بنەمای ژیان و لەبەرامبەر تاریکییدا وەکو سومبولی چاکی و پاکی و رووناکی ناساندی.. من تێناگەم، ئاخۆ تۆ بە ئاگرو رووناکی دەزانم، یان بەتاریکی، بەڵام ئەوەی لام روونە، ئەوەیە ناتوانم لە خەیاڵمت دەربکەم.. بڕوانە من و باوکم چەند لەیەکتر جیاوازین.. ئەو سوك و ئاسان، بەبێ هیچ دوودڵییەك شاربەدەری کردی، کەچی من مەحاڵە بڕیارێکی ئاوام بۆ بدرێت.. بەڵام نازانم ئەگەر دەرت ناکەم و لەناو خەیاڵمدا دەتهێڵمەوە، چ نیازێکم هەیەو بە چ ئەنجامێکت دەگەیەنم.. ئەوەندەم لا روونە وازم لە هەموو شتێ هێناوەو بەدواتەوەم.. ئەگەر ئەو ترسە نەبێت، کە رێگرە لەوەی لێت نزیك بکەومەوەو لە چاوانت بڕوانم، ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا هەڵتدەوەشێنمەوەو لە هەر پارچەیەکتدا دەیان نهێنی دەدۆزمەوە.. باوکە مێژوونووسە پەککەوتووەکەم لە ماڵەوە چاوەڕێیە هەواڵەکانی بۆ کۆبکەمەوە، بەڵام من بەهۆی تۆوە ئاگام لەدنیا بڕاوە.. ناتوانم پێی رابگەیەنم، کە تۆ بەناوێکی ترەوە رووت کردۆتەوە ئاوەدانی.. بەرگەی کارەساتێکی ئاوا ناگرێت و دوور نییە خێرا گیانی دەربچێت.. هەندێجاریش وای بۆ دەچم زانیبێتی، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنەوەی تۆدا، ئەویش بەئێجگاری خزایە کونجی ژوورە تاریکەکەی و نایەوێت رووناکی ببینێت.. پێشان پێ نەدەخستە ئەو دیوی حەوشەو بێجگە لە من، کەسی دیکەی نەدەدی، ئێستا نایەوێت چاوی بە چاوی منیش بکەوێت و هیچم لەگەڵدا ناڵێت.. لەوساوە نەمدیوە.. من کە بەدرێژایی شەو لەو مەیخانەیەدا کاردەکەم، ئەوا بەیانییان پێش هەتاوکەوتن وەکو مردوو دەگەڕێمەوە.. بەرلەوەی بچمە سەر جێگاکەم و بنووم، ئەو لەشە ماندووەم دەگەیەنمە سەربان و لەو چۆڵەوانییە دەڕوانم.. گەرەکمە تۆ ببینم، کاتێ بەو ئەسپ و گالیسکەیەت لە جۆگەلەکە دەپەڕیتەوەو قازەکانم پەرش و بڵاودەکەیتەوە، بەڵام ئەوان وەکو ئەوسا ناترسن و ناقیڕێنن، دەزانم بەپێچەوانەی من دڵت بەو دیمەنە خۆش دەبێت، چونکە

واهەستدەکەیت لە ئاوەدانی ناسراویت و بە سیمات ئاشنابوون.. نازانم زانیویشتە کێیە خاوەنی قازەکان، یان نا..؟! ئەو خەیاڵە لەگەڵ خۆمدا دەبەمە سەر جێگاو لەباوەشما دەیخەوێنم.. بەڵام ئەوە خەو نییە، بەڵکو بوورانەوەیە.. ئیشی شەو زۆر زەحمەتە.. ئەی چۆن..!! تا ئێوارە بێدار نابمەوەو ئاگام لەدەرەوە بڕاوە.. نازانم لەپشت ئەو چاوە نوقاوانەمدا چی لەناو ماڵ و لە دەرەوە روودەدات.. هەندێجار وای بۆ دەچم ئەمە فێڵێکەو باوکم لێیکردووم.. بەشەو مەیخانەو بەڕۆژیش خەو.. رێگایەکی چاکی دۆزیوەتەوە بۆئەوەی نەهێڵێت من ئەو راستییانە بزانم.. زۆری پێناچێت مەسەلەکە بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبەم و دەگەمە باوەڕێکی تری تەواو جیاواز.. دەڵێم شەڕی ئەو لە دژی تۆیە.. هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە تۆ نەتوانی بگەڕێیتەوە.. رقت هەڵدەستێنێت.. گڕ لە دڵت بەردەدات، بەوەی خوشکەکەتی ناردۆتە ئەو مەیخانەیەو بە بەرچاوتەوە کوڕان ماچی بۆ هەڵدەدەن.. پەنجەکانی دەگوشن.. مەمکەکانی دەگرن.. ئەو وایزانیوە دەستت ناچێتە خوێنی منەوە، بەڵام شەوێك دەگاتە تینت و یەك دوانێ لەو گەنجانە بە خەنجەری تیژت ونجڕ ونجڕ دەکەیت.. ئەوسا سزاکەت قورستر دەبێت.. ئەنجام وەکو هەر ئاژەڵێکی کێوی لەو شاخانە، بەبێئەوەی کەس بزانێت، گیانت دەردەچێت و لاشەت دەبێتە خۆراکی داڵ و کەمتیار.. بەڵام من نازانم بۆچی وا لەدڵم چەسپیوە، کە ئەوەی بەدەستی تۆ خوێنێ دەڕژێت، هەر خۆمم.. باوکم بیری لە شتێکی دیکەیش کردۆتەوە.. ئەو دەزانێت ئەگەر ئەو ئازارەی بەهۆی منەوە دەیچێژیت، نەگاتە ئەوەی هیچ کەسێکیش بکوژیت، ئەوا خۆ بەئاسانی دەتوانێت ناخت داڕزێنێت و نەهێڵێت خەریکی کاری هونەریی بیت.. ئەنجام بەرهەمت نابێت و چاوت بە ئاوەدانی ناکەوێتەوە.. بزانە من بەبێئەوەی ئاگام لێبێت، یان ویستبێیم، چ کێشەیەکی گەورەم بۆ خوڵقاندووی.. پێم وتی باوکم هەموو هەوڵێك دەدات نەگەڕێیتەوە ناو ئاوەدانی.. کەللەرەقییەکەی بێسنورە.. باوەڕی بە تۆبە نییە.. زۆر دەمێکە فەلسەفەی خۆی

لـەم بارەیـــەوە راگەیانـــدووە.. ئەوســـا دەنکەتـــەرزەکان لـــە ئاسمـــانێکی رەشـــی تاریکەوە دەبارینە ناو حەوشەوەو هەندێکیان بەر پلـێتی سەر کولانەی قازەکـان دەکـەوتن، دەنگێکـی ترسـناکیان لێهەڵدەسـتاو دڵیـان دادەچڵەکاندم.. لـەودیوی پەنجەرەکە دەستەکانی گرتبوو بە ملاو بەولای دیوارەوەو وتی:

– تۆبە هـەر خۆی گوناهێکی دیکەیـە، چونکە زەمەنی تۆبـە لـەدوای زەمـەنی گوناهەوە دێت.. تۆبە گەڕانەوەیـە بۆ رابردووێکـی پـێش سـەردەمی گونـاه، بـەڵام لەبەرئـەوەی تەمـەنی مرۆڤ تـەنها بریتییـە لـە گونـاه، ئـەوا هـەر دەبێـت بـۆ گونـاه بگەڕێتەوە.

باوەڕ بکە هیچ لەو وشانە تێنەگەیشتم و نەشمزانی بۆچی وای پێ وتم، وەکـو چۆن قازەکانم زۆر جار لە من تێناگەن و نازانن چییم لێیان دەوێت، بۆیـە هەنـدێك بـۆی ئاسـان کردمــەوە.. ئــەوەی لێــی تێگەیــشتم هــەر ئەوەیــە: زەمــەن کاتێــك تێدەپـەڕێت، خۆشەویـست دەبێـت.. وەکـو شـتێکی پـیرۆز لێـی دەڕوانـین.. ئـەو گوناهانـەیش بـەپاك دەزانـین، کـە ئەوسـا بەترسـەوە دەسـتمان بـۆ بـردوون، بۆیـە ئێستا بەبێ دوودڵیی دووبارەیان دەکەینـەوەو ناویـان لـێ دەنـێین تۆبـە.... بزانـە رابـردوو چ شـوێنێکی ئاسـودەیە بـۆ ژیانمـان.. هـەرگیز خۆمـان بەرامبـەر بـەو گوناهانە بە بەرپرسیار نـازانین، کـە ئەوسـا کردوومـانن.. ئـەوەی مایـەی تـرس و دوو دڵییـە، ئێـستایە.. نـەخێر، تـۆ وابـیر ناکەیتـەوە.. مـن هـەر کـاتی بـۆ رابـردوو بگەڕێمـەوە، خـەیاڵم لـەو رۆژە دەئاڵێـت، کـە بـە ئـاگر راوی قازەکانمـت دەنـا.. رەنگـەکان تـەفرەم دەدەن.. ئێـستا چـاکتر لـەوە تێدەگـەم چـۆن قازەکـان دایکمیـان کردۆتـە نیگارکێـشێکی شـارەزا.. ئـەو باڵنـدە خەمناکـە لـە زۆربـەی نیگارەکانیـدا دەبینرێـت، کـە لـەم دواییـەدا (دادە گـوڵزار) پیـشانیانی داوم.. پـێم دەڵێـت ئـەو بەکـچێنی و دواتـریش هەمیـشە جلێکـی رەشـی سـادەی دەپۆشـی و شـاڵێکی سووری تۆخی بەسەر شانە گۆشتنەکانیدا دەدا.. قازێکی سـپی سـپیی دەخـستە ژێـر بـاڵی چـەپییەوە.. هـەردوو چـمکی شـاڵەکە لـەملاو لـەولاوە بەسـەر سـنگیدا

دەهاتنــە خــوارێ.. لــە ئاســتی ســکیدا جووتدەبوونــەوەو بەشــێکی قازەکــەیان دادەپۆشی.. بەباوەڕی ئەم قاز باڵندەی کچانەو زۆر لە تاوس سەرنجڕاکێشترە، ئەگەرچی تاوس دەیان ڕەنگی جیاوازیشی بەخۆیەوە گرتووەو ئەو ڕەنگانە لەبەر تیـشکی هــەتاودا دەبریــسکێنەوە.. کــاتێ بــەبازاڕدا دەڕۆیــشت، زوو زوو کــوڕان دەچوونە بەردەمی و لێیان دەپرسی، ئاخۆ قازەکەی نافرۆشێت، یان لەگەڵ هـەر باڵندەیــەکی دیکــەدا نایگۆڕێتــەوە، بــەڵام ئــەم وەڵامــی کەســیانی نەدایــەوە.. نــە دەیویــست بیفرۆشێت و نــە لەگــەڵ چینوماچین و تاوسەکانیشدا ئاڵوگۆڕی پــێ بکــات، بــەڵکو هەمیــشە بیری خــۆی دەبــردەوە، کــە ئــەم باڵندەیــەکی پێیــە.. ئــەو مەبەستی بوو هێنـدە بەبەرچاواندا بێـت و بچێت، تا هاوکات ئـەوانیش لەسـەر ئەوە رابهێنێت، کە ئەو دیمەنـە شـتێکی ئەزەلییـەو ئـەم هـەر ئاوا هاتۆتـە دنیـاوە، یاخود وەکو جلوبەرگ ئاساییەو بەشێکە لـە پێویـستییەکانی پۆشین.. هەربۆیـە نیگــاری هــیچ کچێکیــشی بــەبێ ئــەو باڵنــدە شــەرمنە نەدەکێــشا.. وەك بڵێــی ویــستبێتی تــەواو لــە دڵانــدا بیــچەسپێنێت، کــە ئــەوان بــەبێ قازەکــان رووتــن.. نهێنییــەکانیان لەهــەموو لایەکــەوە دەکەونــە بەرچــاوە نێــرە ئیبلیــسییەکان و بەئاسـانی دەیانخوێننـەوە.. ئـەنجام لێیـان تێـردەبن و بـۆ هەتاهەتایـە بەلایانـەوە دەنێن.. هەرگیز لەبارەی قازەکەیـەوە نـەدەدوا.. ڕۆژی بوکێنییەکەیشی داینـەنا.. بردیـە سـەر جێگاکەیـشی.. جلەکانی یەك بەیەك داکەندو بە قازەکەیـەوە لەسـەر ئــەو تەختــە ســاجە راکــشا.. چ کــچێکی ســەیر بــوو.. ئــەو هــەموو گەنجــە قــۆزە ســەرنجی راناکێــشن، کــە ڕۆژانــە بــە بیــانووی قازەکــەی ژێــر بــاڵی چــەپیەوە دەیانــەوێت لێــی نزیــك ببنــەوەو بیــدوێنن.. بەســەر هــەر هەموویانــدا بــازدەدات و پیاوێك هەڵدەبژێرێت، کە لە تەمەنی باوکییەتی و کوڕەکەی لەو گەورەترە.. بەڵام ناکرێت ئاوا ساویلکانەو خۆشباوەڕانە لـەو مەسـەلەیە بڕوانین، بەتایبـەتی کـاتێ دەزانــین ئــەو وەکــو بــە (دادە گــوڵزار)ی وتــووە، پێــی وابــوو (ئــارەزووی گەیــشتن بەودیوی ڕەنگەکان) هەموو رووداوەکـان ئاراسـتە دەکـات.. هەربۆیـە کوشتنیـشی

بەتاوان نەزانیوە.. بەڵێ، وتوویەتی ئەگەر گورگ پەلاماری مەڕی سپی دەدات و لەچاوترووکانێکدا بە کەڵبەی تیژی سکی هەڵدەدڕێت، ئەوا تەنها بۆ ئەوەیەتی ڕەنگی سووری تێدا بدۆزێتەوە.. دەتوانم بڵێم ئەو شووی نەکردووە، بەڵکو لە پیاودا بەدوای ڕەنگدا گەڕاوە.. بزانە من دیسان دەمەوێت بەسەرهاتێکت بۆ بگێڕمەوە، کە تۆ لەمن و لە هەر کەسێکی تر چاکتری لێدەزانیت.. پێویستە من گوێ بگرم و تۆ وردە وردە لە نووکەوە هەموو شتێکم بۆ بگێڕیتەوە.. بەتایبەتی ئەم مەسەلەیە، کە ژیان و چارەنووسی هەردووکمانی پێوە بەندە.. بەڵام تۆ بەو بێدەنگییەت هەموو شتێکم لێدەشێوێنیت.. لە خاچم دەکێشیت.. هێندەی دیکە خۆتم لێ ئاڵۆز دەکەیت و زیاتر دەبیتە مەتەڵ.. گەمژەیی منیش لەوەدایە، لەکاتێکدا ناتوانم تۆزقاڵێك نهێنی لەخۆتدا بدۆزمەوە، کەچی تەمام وایە لە سێبەرتەوە بە ڕاستییەکان بگەم.. لەوپەڕی مەستییدا ئاگات لە زمانتەو ناهێڵیت یەك وشەی بەسەردا تێپەڕێت.. دەشزانی کەی هەستیت و بچیتە دەرێ.. خۆت هەڵدەدەیتە سەر گالیسکەکەت و لەناو تەمەکاندا غار بە ئەسپی هەورینت دەدەیت.. من بەیانییان تاوێ دوای تۆ دەگەڕێمەوەو شوێنەوارت بەسەر ئەو ڕێگایانەوە دەبینم.. بەژێر درەختی گوێزەکاندا تێپەڕیوی، کە ڕێواوڕێ لەو قەراغەدا خۆڕسکانە ڕواون.. پایز دوای بێنەوبەردەیەکی زۆر سەرجەمی گەڵاکانیانی هەڵوەراندوون و گوێزە سوور سوورەکانیان هەر پێوە ماون.. تەنها خۆت دەزانی بیر لەچی دەکەیتەوەو چ چێژێکی سەیر لەو دیمەنە دەبینیت. جێگای سەرسوڕمانە درەختێکی ڕووت، کە هەر لەمردوو دەچێت و بەرەکەیشی ئاوا لیك لەناو دەمەکان دەڕێژێت.. دوور نییە ئەمە تەنها گەمەی ڕەنگەکان بێت و هیچی تر.. لەژێر قاچی ناڵکراوی ئەسپ و تایەی ئاسنی گالیسکەکەتدا گەڵا وشکەکان ورد ورد دەبن.. جا نازانم دەتگریەنن، یان گۆرانیی خەمناك خەمناکت پێدەڵێن.. یان هەردووکیان پێکەوە.. گریان و گۆرانی لەیەك کاتدا.. من بەدەم ڕێوە چنگ چنگ ئەو گەڵایانە کۆدەکەمەوەو قووڵ قووڵ بۆنیان هەڵدەمژم،

بەبێئەوەی چاو لەسەر شوێنەواری تۆ هەڵبڕم.. بەسەر شوێنەواری تۆدا هەنگاو بەرەو گەڕەکەکەمان هەڵدەنێم.. تاسەری کۆڵانم دەگەیەنیت.. لەویٚ ڕێك لەبەردەم ماڵی (گوڵبەهاری گۆرانیبێژ)دا جیادەبینەوە.. لەوە زیاتر نایەیتە پێش و ڕێگای خۆت دەگریت.. لە پیرەمێردێکی پەککەوتە دەترسیت، کە تەنها ناوی ماوە.. جا بۆ نەترسیت..!! قازەکانم لەپێش تۆوە دەگەنە جۆگەی ئاوەکە.. فریا ناکەوم لە گەڕانەوەدا بتبینم، کاتیٚ دەپەڕیتەوە، تابزانم چ هەستێکم لەدڵدا دەخولقێنیت.. زۆر جاریش خەیاڵم بۆ ئەوە دەچێت تۆ لە ماڵی (گوڵبەهار) دەژیت.. بەدزیی چاوە زیتەکانەوە ئەسپ و گالیسکەکەت لەو حەوشە گەورەیەدا رادەگریت و بەئەسپایی دەچیتە ژووریٚ.. چاکت دۆزیوەتەوە.. بەڵام ئاوا بەئاسانی بۆت ناچێتە سەر.. با زیاتر لەو راستییە دڵنیا بم، ئەوسا دەزانیت چۆن بەخەونیش ئاوەدانی نابینیتەوە.. من کە تا ئێستا نازانم لایەنگری تۆم یان هی باوکم، بەڵام کارێکی ئاوا پاڵم پێوە دەنێت ببمە دوژمنێکی سەرسەختت.. لەمەوە هیوای گەڕانەوەت بەتەواوی نامێنێت.. شتێکی دیکەم پیٚ نەوتووی.. باوکم باوەڕی وایە مرۆڤ وەکو شوێن نییە، ئەگەر لەبنەڕەتەوە بەپیرۆز لێی بڕوانن، ئەوا تاسەر ئاوا بمێنێتەوە.. دەیوت بەدەگمەن بنیادەمی پیرۆز هەڵدەکەوێت و ئەو پیرۆزییەش زۆر بەئاسانی لەدەست دەچێت.. شەوێکیان لەگەڵ یەکیٚ لەو ژنانەدا، کە بەباوەڕی خۆم لەپاڵ سیٚ کەسی دیکەدا هەواڵیان لە شوێنە دوورەکانەوە بۆ دەهێنا، گفتوگۆیەکی گەرمیان دامەزراندو تا بەرەبەیان نەیانبڕییەوە.. راستە من لە زۆربەی تێنەگەیشتم و تا بۆشیانبکرایە نەیاندەهێشت گوێم لێیانبێت، بەڵام توانیم ئەو ئەنجامە لە سەرجەمی گوتەکانیاندا هەڵهێنجم، کە ئێستا بەتۆم وت.. باوکم سەرەتا بەردی رەشی موسڵمانانی بەنموونە هێنایەوە، کە دوای هاتنی پێغەمبەریان هەر بەپیرۆزی مایەوە، بەڵام هەزاران عەرەب لەوانەی ئەو بەردە رەشەیان بەپیرۆز دەزانی و دەیانپەرست، لە زنجیرە شەڕە خوێناوییەکاندا کوژران و ناوی تۆپییویان لێنرا..

ئینجا بابە هاتە سەرباسی مزگەوتی ئومەوی، کە لەسەرەتا پەرستگایەکی ئارامی بـوو.. یۆنانییـەکان کردیانـە پەرسـتگای خواوەنـدی جۆپیتـەری دیمەشـقی.. بیزەنتییـەکان کردیانـە کەنیسەو دواجـار ئیسلامەکان کردیانـە ئـەو مزگەوتـە.. باوکم دەیـوت مـرۆڤ هەرچـی بێـت، ناگاتـە ئـەو شـەیتانەی لـە ئاسمـان مامۆسـتای فریشتەکان بـوو و وانـەی زانسـت و مەعریفـەی بەفریشتەکانی قوتـابیی دەوت.. دوای بێدەنگییەکی زۆر ئەمەیشی خستەسەر: (مرۆڤ لەمێژ نییە وەکو میوان پێی خستۆتە ناو شـوێنەوەو زۆریـشی نـەماوە بـۆ هەتاهەتایـە لێـی دەربـچێت، چونکە ئەو دوانە پێکەوە هەڵناکەن).. تۆ ئاسنی سارد دەکوتی.. تا ئەو باوکەم لە ژیاندا بێت و ئەمانـە بیروبۆچوونی بن، ئەوا دووپێـت نایەتـەوە ماڵ.. منـیش تـا تـەواو لێـت تێنەگـەم، نـاتوانم هـیچ بڕیارێکت لەسـەر بـدەم.. تـۆ لـە هـەموو ئـەو بکوژانـە جیاوازی، کە لەکێوان گەڕاونەتەوە، بەوەی ئەوان کەسوکاریان هەموو هـەوڵێکیان دەدا بیانهێننەوە، بەڵام تـۆ کێشەی یەکـەمت لەگـەڵ خانەوادەکـەی خۆتـە.. ئـاخر قوربانییەکـەی دەستیـشت لـە هـی ئـەوان ناچـێت.. مـن چـاك دەزانم مەبەسـتی یەکـەمت هاتنەوەیـە بـۆ نـاو مـاڵ.. لـەوە دڵنیـای شـار هـیچ ئاسوودەییەکت پـێ نابەخشێت و بۆ تۆ لەگەڵ کێوە سەختەکاندا جیاوازیی نییە، ئەگەر نەگەڕێیتـەوە ئـەو شـوێنەی تێیـدا لـە دایـك بوویـت.. ئـەو شـوێنەی پیـاوەتیی خۆتـت لـەناودا سەلماند.. ئەوسا بەهەندێك جوداوازی لـەو گورگـە دەچوویت، کـە دایکم دەیـوت لەپێناوی گەیشتن بـەڕەنگی سـوور، پـەلاماری بـەرخی سپی دەدات.. تـۆ قازێکت خنکانـد.. بـەڵام لـەپێناوی چـی..؟! ویـستت هـەموو نهێنییـەکان بـشاریتەوە.. باوەڕت نەدەکرد ئاوا دەبیتە چیرۆکێکی لەزەتبـەخش و شـارەو شـار دەگـەڕێیت.. لـە هـەر ماڵێـك شتێکت دەخرێتـە سـەرو رۆژ لـەدوای رۆژ تیـژتر رێگـا دوورەکـان دەبڕیـت.. ئـەو ناوبانگـەی باوکـە مێژوونووسەکەشـم بـەهۆی بیروبـاوەڕە سـەیرو نامۆکانییەوە بەدەستیهێناوە، بۆ تۆ خراپ شکایەوەو چیرۆکەکەت زیـاتر دەنگی دایەوە.. لەگەڕانەوەشتدا، پێش هەموو شتێك پۆلێك قاز هاتنـە پێشوازیت.. وەك

بیانەوێت پێت بڵێن (ئارەزووەکان نامرن.. ڕێگای هەموو شوێنەکانیش لەئێمەوە دەستپێدەکەن).. بەڵێ، تۆ لە کێشەیەکی گەورەدایت.. هەر ڕۆژێکە دەزانی ئەو فیزو لوتبەرزییە دادت نادات و بەپێی پەتی، نەك بە ئەسپی هەورین و گالیسکەی ڕازاوەت، دەگەڕێیتەوە.. ئەوسا تەواو لەو ئاژەڵە کەسنەدیوە دەچیت، کە زۆر دەمێکە هاوڕەگەزەکانی لەناوچوون و خۆی تەنیا لەکێوە سەختەکاندا ماوەتەوە.. بەدەنگی کزو ماندووت دەپاڕێیتەوە.. کەساس و هیوابڕاو دەست بەشووڕای شارو دیواری ماڵاندا دەگریت و وەکو منداڵێکی ساڵەوەخت، کە دەیەوێت پێبگرێت، ئاوا هەنگاوی لەرزۆك و ناڕێك ناڕێك دەهاوێیت.. ناولەپەکانت پڕدەبن لە قەوزەی شێدار.. خۆڵ تا قوڕگت دەچێت.. هێندە لەسەر ئەو زەوییە دەخشیت، تا جلەکانت دەدڕێن و دەبنە تیلمەی ورد ورد.. ڕەشەبای ناوەخت بەملاو بەولادا دەیانبات و رووتوقووت و زەلیلانە دەکەوییە بەردیدەی ڕێبواران.. منداڵان دوات دەکەون و هووهات بۆ دەکێشن.. ئەو ئێوارەیە خەونێکی نزیك لەوەم پێتەوە بینی.. لەگەڵ دەنگی گریانم بەئاگا هاتمەوە.. هێشتا فرمێسکەکانم نەدەوەستان و بەردەوام بەسەر سەرینەکەمدا دەڕژان، کە لەپەڕی قازم دروستکردووە.. تەنها خۆم دەزانم چ بۆنێکی سەیر دەچێت بەقوڵاییی لوتمدا، کاتێ پەڕی قازەکان بە فرمێسکم تەڕ دەبن.. ئەوسا شێتانە دەست بۆ چەقۆی ناو تاقەکەی پشت سەرم دەبەم، کە تەنها بۆ ئەو مەبەستە لەوێم داناوەو سەرینەکەم دەدڕێنم.. چنگ چنگ ئەو پەڕانە بەسەر خۆمدا دەکەم.. دەزانم ئەمە حاڵەتێکی کچانەیەو لێی تێناگەیت.. ئەگەر بێبیتە ژورەوەو لوتت بخەیتە ناو سەرینەکەمەوە، بەو مەبەستەی قووڵ قووڵ بۆنی پەڕی قازەکان و فرمێسکی من هەڵمژیت، هێشتا هەر لەسەر باوەڕی خۆت دەمێنیتەوە، کە ئەوەی من دەیکەم، کارێکی هیچوپووچ و بێمانایە.. بەسەرێکیش ڕاستە.. منێك لە ماڵێکی ئاوا پڕ لە لوغزدا چاوم هەڵهێنابێت و باوکێکی هێندە سەیر گەورەی کردبێتم، چاوەڕێی چییم لێدەکەیت.. زۆرجار ویستوومە لەجیاتی سەرینەکەم،

ورگی خۆم هەڵدڕم، بەڵام نازانم چی پەشیمانی کردومەتەوە.. ڕەنگە هەرئەوە بێت، کە نامەوێت لەپێناوی شتێکی هیچدا کۆتایی بەژیانم بهێنم.. من دەمێکە لە (دارای شاعیر) تێگەیشتووم، کاتێ لێیان پرسیوە: مادام هەموو شتێکی ئەم دنیایە بە هیچ دەزانێت، بۆچی خۆی ناکوژێت..؟! وتوویەتی: هەمان ئەو شتانەی شایەنی ئەوە نین بۆیان بژیم، شایەنی ئەوەیش نین بۆیات بمرم.. (دارا)یش وەکو خۆی بەردەوام دەیوت و دەیوتەوە هەر لە ڕێگای قازەکەی ژێر باڵی چەپی دایکمەوە ببووە شاعیر.. (قازی هەورین)، (قازی بەفرین)، (قازی تواوە)و (قازی خوێناوی)، ئەو وشانەن بەردەوام لە شیعرەکانیدا بەر گوێچکە دەکەون.. هەر لەبەر ئەوەیش بوو نەدەچووە دڵی باوکمەوە.. دەیوت ئامادەیە لەپێناو کێش و سەروادا ڕاستییەکان بەئاوەژوویی دەربخات و دەیان چیرۆکی درۆ بۆ خۆی هەڵبەستێت.. دورنییە هەر لە داخی ئەویش ئەو تیۆرە سەیرەی لەوبارەیەوە داهێنابێت.. دەڵێت کاری نووسەرو شاعیران لەو فێڵە دەچێت، کە ئەو خۆی بەمنداڵیی لە زەماوەندەکاندا پەنای بۆ دەبرد، کاتێ دەیبینی هەموو منداڵان لەسەر کورسی و سەکۆکان دانیشتوون و ئەم جێگای نییە، یەکێکیانی بانگ دەکرد، گوایە بەدزیی ئەوانی دیکەوە قسەیەکی نهێنیی پێ دەڵێت.. هەرکە ئەو هەڵدەستا، خۆی لە شوێنەکەی دادەنیشت.. دەیوت لەکاتێکدا زۆربەی خەڵك بەپاشاو سوڵتانەکاندا هەڵدەڵێن، ئەوان لە دژیان دەوەستن، تاوایان لێدەکەن پشتیان تێبکەن و بەگژیاندا بچنەوە.. ئینجا خۆیان سووك و ئاسان جێگایان دەگرنەوە.. بڕوانە چۆن بۆ هەر یەکێ لە ناحەزەکانی بیردۆزێك دادەتاشێت و کەسیش نازانێت چۆن ئاوا بەخێرایی دەیگەیەنێتە گوێچکەکانەوە.. پێم وتی تۆ لە شەڕێکی قورسدایت.. هیچ بەدووری مەزانە ئێستا کە ئاوا خزاوەتە کونجی ژوورەوەو لێی دەرناچێت، مەبەستی ئەوەبێت بیر لە داڕشتنی تیۆرێکی تایبەت بە ئیشەکەی تۆ بکاتەوە، بۆئەوەی لەبەرچاوانت بخات و بەهرەکەت بێنرخ پیشان بدات.. ئەنجام ڕیسوا دەبیت و تاماوی ڕوو لە ئاوەدانی ناکەیتەوە.. تۆ

خـۆت بــە چـاوانت (دارای شـاعیر)ت دەدی و چـۆن کـاتیّ دەگەیـشتە حاڵـەتی مەستیی، شێتانە دەکەوتە گێڕانەوەی ئەو ڕۆژگارەی، کە لەگەڵ دایکمدا بەسەری بردبـوو.. هەڵدەستایەوەو بەشێوەیەکی سـەرنجڕاکێش تەمـسیلی ڕووداوەکـانی دەکرد.. هەر ئەو جووڵـە سـەیر سـەیرانە زیـاتر دەیـانبردە نـاو دنیـای بێئاگایی و لێرەوە گوتـەکان پـچڕ پـچڕو بـیّ ویـستی خـۆی لـەدەمی دەردەچـوون.. بـەیانیان هەڵمدەگرتــەوەو تــا بــەردەمی کەلاوەکــەیم دەگەیانــد.. بــەم حاڵەیــشەوە بــیری نەدەچووەوە پێم بڵێت:

– ئێستا دەزانم من شـاعیرم، بـەوەی جـاران هیـوام دەخواسـت لەگـەڵ دایکـت ماڵێك پێکەوە بنێم، کەچی ئەوەتا تۆ بەسەرخۆشیی بەکەلاوەیەکم دەسپێریت.

هەسـتێك پێـی دەوتم لـەم نزیکانـە (دارا) گیـانی دەردەچێت، بـەڵام نەمـدەزانی ئـەو کاتەیـە، کـە دەسـتی لـە ملـم ئاڵانـدووە.. بـۆنی لۆکـەی سـووتاو دەگەیـشتە کۆڵانەکانی سەروو.. دەچوو بەقووڵایی لوتماندا.. لەپڕ وتی:

– گریان لەکتێبەکانم بەرداوە.

دەتوت بەدەم خەوێکی قوڵەوە دەدوێت:

– هەر دەمزانی بەم دەردەیان دەبەن.. بەڵیّ، چاکم دەزانی.

بەبێئەوەی شانم لەژێر سەری دەربهێنم، وتم:

_بۆنی لۆکەی سووتاوە.. لەوە دەچێت ماڵێك لەم نزیکانە..

_ماڵ نییە، کەلاوەکەی منە.. خۆت نازانی کتێبیش هەر لەلۆکە .. .. ..؟

***

لـە زۆربـەی ئـەو چیرۆکانەی کـچان سـاڵانە بـۆ تاقیکردنـەوەکانیان دەنووسـی، دووکەڵ وەکو سومبولی ناخۆشی و نائومێدی نیشان دەدران، بۆیـە لـە ئەنجامـدا دەڕەوینــەوەو ڕونــاکی جێگــای دەگرتنــەوە.. یــاخود تیــشکی ڕۆژ بەناویانــدا ڕۆدەچوو و پەرشوبڵاوی دەکردنەوە.. بەڵام تۆ ئێستا ترسی گەورەت نەمانی ئەو دوکەڵەیـە، کـە لـەودیو لـە نوێنـە سـوتاوەکانی (گوڵبـەهاری گۆرانیبێـژ)دا بـەرز

دەبێتەوە.. (دارای شاعیر) دەیوت لە شیعردا دووکەڵ لە ئاگر گرنگترە، چونکە ئاگر دەنگێکەو خۆی دەدوێت، بەمەش هەموو ماناکانی ئاشکرا دەکات و شتێك بۆ لێکدانەوەو تێفکرین جێناهێڵێت، بەڵام دووکەڵ بەو هەموو ئازارو نهێنییەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بێدەنگ دەبێت و رێگا بەئێمە دەدات بۆی بدوێین.. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مردنەکەی (لایەنی کەم بۆ تۆ) زیاتر لە ئاگر دەچوو هەتاوەکو دووکوڵ، بەوەی لە باوەشتا گیانی دەرچوو و نەبووە مەتەڵێکی زۆر ئاڵۆز.. واتدەزانی منداڵەو لە سکتایە.. لە سکتایەو وا لەباردەچێت، بۆیە چرکە بەچرکەی ئەو حاڵەتەت هەستپێدەکرد، بگرە نەتدەزانی کامتانن دەمرن.. تۆ یان ئەو.. یان هەردووکتان پێکەوە.. دەتویست هاوار بکەیت: (پیاوێکم لەناودا مردووە) یان: (وا شاعیرێك لە هەناومدا گیان دەدات)، بەڵام دەنگت دەرنەدەچوو.. یاخود نەتدەویست ئەو وشە بێتام و بێمانایانە بەسەر زمانتدا تێپەڕن، کە ئەوەندەی ئازار دەبەخشن، دوو هێندەش قێز دەکەنەوە.. دەتوانم بڵێم تۆ لەو رۆژەوە وەکو مردووێك، دوای هەزاران ساڵ لە گۆڕستان هاتبێتەوە، ئاوا دەوروبەرت دەبینی.. شتەکان بەشێوەیەکی سەیر دەکەوتنە بەر دیدەت.. تەنانەت ئەوانەیش، کە پێشتر هیچ گومانێکیان هەڵنەدەگرت.. مەودای زەمەنەکانت لێتێکچوو.. تێنەدەگەیشتی کات خێرا یان سست تێدەپەڕێت.. بەسەرهاتەکان تێکەڵ بەیەکدی دەبوون.. نەتدەزانی کام بەشەی تەمەنت راستییەو کام بەشەی خورافەیە.. سەرت لەو چیرۆکانە دەرنەدەچوو، کە بەردەوام دەخرانە ناو ژیانتەوە.. هەر جارەی بەشێوەیەك رابردووت بیردەهاتەوە.. هەموو روداوێکی دوای ئەو ساتە لای تۆ لە خەون و دوکەڵ دەچوو.. هەر کاتێکت دەزانی شتەکان گریان دەگرت.. رەشەکان دوکەڵی سپی و سپییەکان دوکەڵی رەشیان لێهەڵدەستا.. لەپڕ دەتقیژاند.. جلەکانت لەبەر خۆت دادەڕنی و دەتویست گیانی شتەکان لە سوتان بپارێزێت.. سوراحی و کوپی سەر مێزەکانت پێکدا دەدا.. قاپی مەی لێرەو لەوێ بەسەر ئەو زەوییەدا

دەڕژان.. کاسی سەر تاقەکانت دەخستنە خوارەوە.. ئەنجام گڕی سوور سوور لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقەیان دەدایت.. رووتوقوت بەوناوەدا رات دەکرد.. زمانت دەگیرا.. ئەنجام دەبووڕایتەوە.. لە باوەشی (گوڵبەهاری گۆرانیبێژ)دا چاوانت هەڵدێنا.. لەوێوە نیگات دەگەیاندە لای (کرمانجی چاوچیمەن).. تەنها ئەوسا دەتتوانی بەجورئەتەوە لێی بڕوانی، بەڵام لەوێت نەدەبینی.. کەمێ پێش ئەوە تەنیاو خەمبارانە پێکەکانی هەڵدەدا.. قژی (گوڵبەهارت) رادەکێشا:

– بۆ کوێ چوو.. ؟

_ کێ بۆکوێ چوو.. ؟

_ چاك دەزانی مەبەستم کێیە.

هەرگیز نەتدەویست ناوی بهێنیت.. شکستێکی گەورەش بوو، کاتێ خۆت لە باوەشی ئەودا دەبینییەوە.. خێرا هەڵدەستایتەوە.. سەرت گێژی دەخوارد.. جارێکی تر جلە دڕاوەکانت لێرەو لەوێ هەڵدەگرتەوەو لەبەرت دەکردن.. چاوی پیاوە مەستەکان لە هەموو لایەکەوە چڵێسانە ئابلۆقەیان دەدایت.. گوێت پێ نەدەدان.. وردە وردە ئارام دەبوویتەوە.. لە شتەکانت دەڕوانی.. پەرشوبڵاو، بەڵام ئاسەواری سوتانت بەهیچ شوێنێکەوە نەدەبینی.. بۆنی دوکەڵ نەدەچوو بە لووتی هەستیارتا.. ئەی ئەو چی بەسەر هات..؟! روویکردە کوێ..؟! رەنگە نەیوستبێت لەناو ئەو هەموو پیاوە خوشکە رووتەکەی ببینێت.. چ نەهامەتییەکی گەورەیە..!! ئێستا بۆ ئەم لە سایەی خانەوادەکەیەوە ئاوەدانی لە کێوە سەختەکان دڵڕەقترە.... ئەوا جارێکی تر شتەکان گڕیان گرتەوەو دووکەڵیان لێهەستا.. .. .. کێشەی تۆ ئەوە بوو نەتدەتوانی جیاوازی لەنێوان ئاگری راستەقینەو ئاگری ناو خەیاڵتدا بکەیت.. ئێستایش لێرە، کە تەنها لە رێی ئاگرو دووکەڵەوە رابردووت بیر دێتەوە، ئاسان نییە چیرۆکێکی راستەقینە بنووسیتو دەربچیت.. دوای خامۆشبوونەوەی ئاگری نوێنەکانی (گوڵبەهاری گۆرانیبێژ)یش، چییتر نابینی شتێك بسوتێت .

بۆنی دووکەڵ بەردەوام دەچێتە لوتتەوەو خەیاڵت بۆ ئەو بەیانییە زووە دەگەڕێنێتەوە، کە شەکەت و ماندوو لە مەیخانە دەهاتیتەوەو گڕ لە ماڵتان هەڵدەستا.. قازەکان دەسووتان و بۆکڕووزیان دەگەیشتە سەری کۆڵان.. بەڵام نەتزانی باوکت لەوێیە، یان جێیهێشتووە.. ئەوەندە هەیە لەوساوە جارێکی تر نە ئەم و نە براکەشتت نەبینیەوە.(**).

دانمارک/مارتی ٢٠٠١

*ئەوانەی لە نزیکەوە ئەو مێژوونووسەیان ناسیوە، باوەڕیان نییە ئەو شتانەی وتبێت، بەڵکو (ئیدرسی حیکایەتخوان) بۆی هەڵبەستووە.. راستە وتوویەتی عەرەبەکان دەگەیشتنە هەر ناوچەیەکی دەرەوەی دوورگەکەیان، پێیان دەوتن مەبەستمان ئێوە نییەو یارمەتیمان بدەن با پێکەوە بگەینە (ئەوان!!).. پێشیان نەدەوتن ئەو (ئەوان!!) انە کێن و لە کوێن.. بەمشێوەیە هێزیان کۆدەکردەوەو لەو دەسکەوتانەی بەدەستیان دەهێنا، بەشیان دەدان.. (هەموو ئەوانەیشی بەزمانێکی لوغزاوی دەربڕیوە).

(**)ئەم چیرۆکە کاتی خۆی لەگۆڤاری (نما)دا بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەوەندەی هەڵەی تێکەوتبوو، کە خۆشم نەمتوانی بیخوێنمەوە، بۆیە بەپێویستمزانی دیسان بڵاویبکەمەوە.

**دیدار**

رەووف بێگەرد:

# وەکو گۆڤاری سەردەم کێشەی وەرگێڕانی خراپمان زۆرە



**سازدانی: ئارام سدیق**

گۆڤاری سەردەم یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە تەنیا گرنگی بەوەرگیڕان دەدات و لەم بوارەشدا تائێستا توانیوویەتی سەدان بابەتی جۆراوجۆری فیکری و ئەدەبی لەزمانە جیاجیاکانەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ئەگەرچی بەشێکی ئەو وتارو لێکۆڵینەوە ئەدەبی و فیکریانە لەزمانی یەکەمەوە نەکراوەتە کوردی، بەڵام گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە. گۆڤاری سەردەم بێجگە لەوەی وەکو گۆڤارێك دوومانگ جارێك بڵاو دەبێتەوە هاوکات تائێستا (٦) پاشکۆی تایبەتی دەرکردووە تایبەت بەچیرۆکی جیهانی و شانۆنامە. لەبەر ئەم پرکاریانە بەپێویستمانزانی دیدارێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز "ڕەووف بێگەرد" سەرنووسەری گۆڤاری سەردەم ساز بکەیت بەو هیوایەی بتوانین تیشك بخەینە سەر چەند لایەنێکی ئەو گۆڤارە.

**دەکرێت بڵێین "سەردەم" یەکەم و بەتەمەنترین گۆڤاری وەرگێرانی کوردییە کە تا ئێستا لەنێو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بەردەوامی هەیە، یان پێشتریش گۆڤاری لەو جۆرە هەبووە؟**

ڕاستە گۆڤاری (سەردەم) بەتەمەنترین گۆڤاری کوردییە کەتەرخان بێت بەوەرگێڕان، بەڵام پێش ئەو گۆڤاری دیکە هەبووە بایەخ بەوەرگێڕان بدات یان تەواو خۆی بۆ تەرخان کردبێت. بۆ نموونە گۆڤاری (دەروازە) کە دوو ژمارەی لەدەرەوەی کوردستان دەرچوو، هەروەها گۆڤاری (وەرگێڕان) کە ئەویش هەر دوو ژمارەی لێدەرکرا. دیارە ئەم دیاردەیە بۆ ئەو حاڵەتە نادروستەی مەعریفەی کوردی دەگەڕێتەوە کە نەیتوانیوە کارایی نێوەندێك بێت کە شادەماری فەرهەنگ و پێناسەی فیکرو داهێنانی گەلانە بەنەوەکانی خۆی، دەنا تەمەنی وەرگێڕان لەمێژووی کەلتووری و ڕوناکبیریی میللەتانی پێشکەوتوودا سەدان ساڵە، بەتایبەتی لای یۆنانییەکان کە لەپێش زایینەوە ئەو بزاوتە دەستی پێکردووە.

**دوای پەنجا ژمارە لەبەردەوامبوونی گۆڤاری "سەردەم" هەستناکەن ئەو میکانیزمەی کاری لەسەر دەکەن پێویستی بەگۆڕانە، واتە کاری داهاتووی "سەردەم" گۆڕان بەخۆوە نابینێت؟**

کارکردن لەگۆڤارێکی وەك (سەردەم)دا، بەو بەرنامەو پرنسیپەوە کە لەسەرەتاوە بۆخۆی دەستنیشانکردووەو لەسەری راهاتووە بەو بەرپرسیارێتییەوە کە ستافەکە لەئەستۆی خۆی گرتووە، ئاسان نییە. ئەم راستی وتنە لەبەرئەوە نییە کە خۆم سەرنووسەری گۆڤارەکەم و زۆربەی ئەرکەکانیم لەسەرە، بەڵکو بۆ دەرخستنی راستییەکە کە گەلێکجار لەمێژووی کەلتووریماندا وەك بوارگەلی تری ژیانمان. کراوە بەژێرپێی فەرامۆشی، یان ئارەزووی چەوتی ئەم و ئەو و فلان و فیسار گروپ و باندەوە، بۆیە ئەو گۆڕانەی تۆ باسی لێوە دەکەیت پەیوەندی بەدۆخ و دەرفەت و هەلومەرجی رەخساوی زۆرەوە هەیە. هەر لەفراوانکردن و گەشەپێدانی ستافەکەیەوە تابودجەو کارئاسانیی چاپ و دەرگاکردنەوە لەسەر ئەودەنگە نوێ و نەتەوەخوازو بەهرەمەندانەی لەبواری وەرگێڕاندا کاران و بەرهەمە ناوازەکانیان شایەتی ئەم راستییەن. بێگومان خەونی ئێمە گەشەپێدانی گۆڤارەکەیە تا ئەو ئاستەی ببێتە روویەکی درەوشاوە لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردیداو سەرچاوەیەك بۆ بوارە جیاوازەکانی زانستە مرۆییەکان. باهەموومان ئەو راستییە بزانین کە هەمیشە تەنگژەو ئاستەنگی لەرێگای ئەم جۆرە پرۆژەیەدا لەجووڵەدایە، ئەوانە مەبەستیانە ئەگەر نەیشتوانن بمانوەستێنن هەر هیچ نەبێت نەهێڵن پێشکەوین، ئەمە نەخۆشییەکە گەلێك لە وارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی ئێمەی گرتووەتەوە، فاکتەری سەرەکیشی نەبوونی هۆشیارییە بەبوارە مەعریفییەکان کە چەندە کاریگەرە لەئایندەی ژیانی خەڵك و نەتەوەدا.

**لەژمارەکانی گۆڤاری سەردەمدا وەرگێڕان لەزمانە جۆراوجۆرەکانەوە دەبینرا بەنمونەش (ئیتاڵی و فەرەنسی و ئیسپانی و سویدی و ...هتد)،**

**بەڵام لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا کەمتر لەو زمانانەوە بابەت وەرگێردراوە، ئایا ئێمە لەو بوارانەدا وەرگێرمان نییە، یان چ هۆیەکی تر؟**

هەرلەسەرەتاوە، دەرگای گۆڤاری سەردەم بۆ هەموو بەرهەمێکی بەپێزو ناوازە لەسەر پشت بووە، خۆشمان زیاتر ئەو کارانەمان لاپەسەندە کە لەزمانە زیندووەکانەوە، یان لەخودی زمانە رەسەنەکەوە وەرگێڕانی لێدەکرێت، ئەگەر نەکرا، یان ئەوانەی زمانە هەرە زیندووەکان دەزانن لایان لێنەکردینەوە ئێمە لەوە بەرپرس نین، راستە هەندێك لەژمارەکانی سەردەم وەرگێڕانی لەزمانی ئیسپانی و ئیتاڵی و فەرەنسی و سویدییەوە تێدابووە ئەمەش بۆ ئێمە جێی خۆشنوودییە، بەڵام ئێستایش هەر لەو وەرگێڕانانەی تێدایە، بۆنمونە لەژمارە (٥٠)دا وەرگێڕانی لەزمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، سویدی تێدایە. بێجگە لەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسی کە بەرفراوانترن.

**کردنەوەی چەند تەوەرێک بۆ بیرمەندان و فەیلەسوفانی خۆرئاوا کارێکی گرنگی سەردەم بوو، بەڵام ماوەیەکە ئەو جۆرە فایلانە کەمبوونەتەوەو بیرمەندی زۆریش ماوەیەکە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، هۆکاری ئەمە چییە؟ کەمی سەرچاوەیە، یان کەمی وەرگێرە لەو بوارانەدا؟**

ئێمە لەیەکەم ژمارەوە فایلی تایبەتیمان هەبووەو بەئەرکی سەرەکیشمان زانیوە، وەك لەیادم بێت فایلی یەکەممان بەناوی (رۆمانی نوێی فەرەنسی)ەوە بوو کە لەساڵەکانی شەستی سەدەی رابردوودا (ئالان روب گریێ و میشال بوتور و ناتالی سارۆت) پێشڕەوایەتی ئەو شەپۆلەیان دەکرد، کەچی ئێستاش لای ئێمە کەمتر دەنگ و سەنگی هەیە، پاشان لەسەر کۆمەڵێك فەیلەسوف و بیرمەندو قوتابخانە رەخنەییەکانی ئەوروپاو شۆڕشی قوتابیانی پاریس و دیاردەی توندوتیژیی و عەلمانییەت و دیموکراسیی و دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەقڵانییەت و هەندێك نووسەری گەورەی وەك بۆرخیس و یۆرگن هابرماس و مارکیزو ئەدۆنیس کردەوە، دیارە ئەم پرۆژەیە ئاسان بەدەستەوە نایەت،

وەرگێڕی بەتواناو شارەزاو زمانزانی ئاکتیڤی گەرەکە، بێجگە لەوەی کە هەر بوارێك لەوانە پێویستی بەوەرگێڕی تایبەتی خۆی هەیە، لێت ناشارمەوە ئەگەر بڵێم لەکردنەوەی ئەو فایلانەدا، چەندانجار پەیوەندیمان بەکەسانی پسپۆڕ لەمامۆستای زانکۆو دەرەوەیدا کردووە. کەچی هەرگیز بەدەنگمانەوە نەهاتوون، ئەگەر ئێستا تەماشای هەموو ئەو ژمارانە بکەین کە لەو فایلانەی تیایە بەدەگمەن ناوێك و دوان دەبینین کە لەو مامۆستاو پسپۆڕانەی تیابێت، (زۆرجار پێش کردنەوەی هەر فایلێك، بەچەند مانگێك هەر لەگۆڤارەکەدا بانگەشەمان بۆ بابەتەکان کردووەو داوامان لەگشت نووسەرو وەرگێڕێك کردووە بەشداریمان بکەن)، بەڵام بەداخەوە دواجار نائومێدبووین، بۆیە بەناچاریی خۆمان –ستاف نوسین– و هەندێك هاوڕێیانمان کە لێمان رابینیون کارەکەمان لەئەستۆ گرتووەو ماوەیەکی زۆری خۆمان بۆ وەرگێڕان تەرخانکردووە، توانای ئێمەیش لەسنوری هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیدایەو جاریش هەیە هاوڕێیەکی ئینگلیزی زانمان بەرەو رووی وتارێك کردووەتەوە، ئەگەر ئەویش کردبێتی. حەزدەکەم لێرەدا راستییەکی تریش بدرکێنم کە ئێمە کێشەی وەرگێڕانی خراپمان زۆرە بەهەموو ئەوانەی وەرگێڕان دەکەن زۆر کەمیان جێگای بڕواو پەسەند کردنن.

**ئەو ئاستەنگانە چین کە توشی سەردەم بوون، دەکرێت گرنگترینیان دەستنیشان بکەین و چۆن هەوڵی قوتاربوونتانداوە لێیان؟**

هەرلەسەرەتاوە، ئێمە نەریتێکمان بۆ گۆڤارەکە داهێناو خۆمان پێوە بەست کە هیچ بەرهەمێك، بەهی خۆشمانەوە، بەبێ بەراوردکردنی زمانی دووەم لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەداو دەستنیشانکردنی لایەنە رووناك و تاریکەکانی و دەست پاکی لەوەرگێڕاندا. بەرهەمەکە بڵاوناکرێتەوە. لەپێشەوە لەخۆمانەوە دەستمانپێکردو تائێستاش پەیڕەوی لێدەکەین. لەئەنجامی ئەو ئەزموونەوە دەڵێم کەوەرگێڕی باشمان زۆر کەمە. ئەوانەی لەڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاودەبنەوە، یان ئەو هەموو کتێبە وەرگێڕاوانەی لەکتێبخانەکاندان، هەرگیز بەومانایە نییە کە ئاراستەی بزوتنەوەکە تەواو دروست و سەقامگیرە. بەداخەوە

ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی هیچ سانسۆرێکی هونەریان لەسەر وەرگێڕان نییە، بەپێچەوانەوە لەڕێگای بڵاوکردنەوەی زۆری بەرهەمی ئەو جۆرە وەرگێڕانەوە کاریان لەزەوقی خوێنەریش کردووە–دیارە بەلایەنە سلبیەکەیدا–هەروەها لەشکرێك وەرگێڕی خراپیان بەخەڵك ناساندووە.

**بوونی پاشکۆی تایبەت بەشانۆ و چیرۆکی جیهانی کە تائێستا (٦) ژمارەی لێدەر چووەو دوا ژمارەی لەزستانی (٢٠٠٥) بووە، هۆی وەستانی ئەم پاشکۆیە چی بوو؟**


لەبارەی پاشکۆی سەردەمەوە ئەویش جوهەدێکی ترە لەسەرووی کاری گۆڤارەکە. ئەرکی ئەوشەش ژمارەیە بەزۆری لەئەستۆی من بوو، چونکە پەیرەویم لەونەریتە نەکردووە، کە بەرهەمی بڵاوکراوەی ناو گۆڤاری سەردەم جارێکی دی بکەم بەپاشکۆ، بەڵکو تائێستا پاشکۆکان بەرهەمی ئەو چیرۆك و شانۆگەرییانە بوون کە بۆ گۆڤارەکە هاتوون، ئیتر یان لەبەر درێژی مادەکە، یان لەبەر کەڵەکە بوونی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەسەر "سەردەم" کراون بەپاشکۆ. ئێستا ژمارە حەوتمان بەڕێوەیە کە تایبەتە بەچیرۆك و لێکۆڵینەوەو ڕەخنە لەچیرۆك. ئەگەر مەبەست هەر دەرکردنی پاشکۆ بێت ئەوا هەر فایلێك لەوانەی کە پێشتر باسمکردن کەرەستەی نەك پاشکۆ، بەڵکو کەرەستەی نیمچە کتێبێکن.

**لەئێستادا باس لەچەند گرێبەستێك دەکرێت کە لەگەڵ چەند نوسەرێك کراوە بۆ ئەوەی لەزمانە زیندووەکانی جیهانەوەو زمانی یەکەمەوە وتارو لێکۆڵینەوە بکەنە کوردی دەکرێت چۆنێتی ئەم گرێبەستانە روونبکەیتەوە؟**


ئێمە تەنها گرێبەستێکمان لەگەڵ کاك(عادل باخەوان)دا کردووە کە بۆ هەر ژمارەیەك وتارێکمان لەفەرەنسییەوە بۆبکات بەکوردی . بەومەرجەی لەو بوارانەدا بێت کە پرنسیپی گۆڤارەکەن و تائێستا لەسەریان بەردەوامە. پاشان وتارەکان دەکرێن بەکتێب و وەك بەرهەمی دەزگای سەردەم بڵاو دەبنەوە.

| | |
|---|---|
| نزار قەبانی<br>بەوشە وێنەدەکێشێت | لەتیف هەڵمەت |
| هەندێ سەرنج لەسەر ئایدیای ئەشق<br>لای سەنپۆل | مەنسوور تەیفووری -<br>برایم شەوقی |
| ئاییندە.. جیهانێک لەنادڵنیایی | عەبدوللا مەحمود زەنگنە |
| دیالۆگ لەگەڵ ژۆزێ ساراماگۆ | دلێر محەممەد |
| ئەڤینداریێکی شیعر<br>پۆل ڤالێری | هەندرێن |

# وەرگێڕان








# نزار قەبانی
# بەوشە وێنەدەکێشێت

### لەتیف هەڵمەت پێشەکی بۆ نووسیوەو کردوویەتی بەکوردی

ڕۆژی ٢١ی ئاداری ١٩٢٣ نزار قەبانی لەماڵێك لەماڵە دێرینەکانی دیمەشقدا لەدایکبووە هەروەك خۆی دەڵێت: لەکاتی لەدایکبوونی مندا بەهاریش خۆی ئامادە دەکرد جانتا سەوزەکانی بکاتەوە..



نزار قەبانی لەگەڕەکی (ئەلشاغوور)دا چاوی هەڵهێناوەو ئەو دەمە ئەو گەڕەکە قەڵایەك بووە لەقەڵاکانی بەرگریی دژی فەرەنسای داگیرکەری ئەوساو سەرکردەکانی ئەم گەڕەکە بازرگان و پیشەگەرو دووکاندار بوون و باربووی بزووتنەوەی نیشتمانییان دەکردو لەماڵ و دووکانەکانیانەوە سەرکردایەتیی شۆڕشیان دەکردو باوکی نزار قەبانی یەکێك بووە لەو سەرکردانەو نزار زۆر جار لەماڵی خۆیاندا گوێی

لەسیاسەتمەدارانی ئەوسای سوریا گرتووەو چاوی لێبووە کە چۆن ئەو سەرکردانە لەبانیژەو گوێسەبانەی ماڵەکانیانەوە گوتاری شۆڕشگێڕانەیان خوێندووەتەوەو هانی جەماوەریان داوە ڕاپەڕن و بەشداریی شۆڕش بکەن و داوای ئازادیی سوریاو گەلی سوریا بکەن.

بەڵام جێی داخە کە قەبانی باسی رۆڵی گەلی کورد ناکات لەو شۆڕشەداو وەکو مێژوو سەلماندوویەتی گەلی کورد لەو دەمەدا سەرەڕمی خەبات و راپەڕین و شۆڕش بووە دژی فەرەنسای داگیرکەرو لەپێناوی ئازادییدا قوربانی زۆری داوە.

نزار وەکو خۆی دەڵێت باوکی حەڵواچیی بووەو لەهەمانکاتیشدا سەرکردایەتیی راپەڕینی کردووەو ماڵیان بنکەی بەرگریی بووە دژی داگیرکەرانی نیشتمان.

نزار دەڵێت: ئەگەر باری چینایەتیی باوکم پۆلێنبکەم دەیخەمە خانەی رەنجدەرانەوە، چونکە هەمیشە رووخساری نوقمی تەپوتۆزی خەڵووزی حەڵوا دەماندن بوو. هەروەها جلوبەرگەکەی بەری هەمیشە پەڵەپەڵەو سووتاوی رۆن و پریشکی ئاگری شەکر کولاّندن بوو.

هەروەها نزار رای وایە کە کاری وێژەیی جۆرێکە لەپەرستنکاری و سرووتی تایبەتی و دابونەریت و مەرتاڵی تایبەتی و پاکژکاری و پاکیزەیی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها نزار دەڵێت: ئەفسانەی دەسەلاّتی خودایەتی پادشاو نووسەران کۆتاییهات و ستەم لەکەس ناکەین و رێگەش نادەین لەمڕۆ بەدواوە کەس ستەممان لێبکات و بواریش نادەین نازناوگەلی سەردەمی سوڵتانێتیی عوسمانی بەسەر ئەم و ئەودا دابەشبکرێت و بەفەرمان و بڕیار ئەم بکرێت بەشاعیری گەورەی عەرەب و ئەوی دی بکرێت بەشاعیری مەزنی شام و ئێمە هەموومان لەکارگەی گەورەی وێژەدا کرێکارین و هەریەکێك لەئێمە بەگوێرەی بەهرەکەی ئەو بەشە دروستدەکات کە لەتوانایدا هەیە لەو پەیکەرە گەورەیەی کە دەمانەوێت پێشانی هەموو جیهانی بدەین.

نزار لەبارەی شێوازی شیعری خۆیەوە ئەوە روونیدەکاتەوە کە لەشیعردا چەپڕەوەو ئەوەش دەسەلمێنێت کە ململانێی چەپ و راست کارێکی ئاساییە لەکۆمەڵگەیەکی ساغ و تەندروستداو تەنیات کۆمەڵگەی کەنەفت ململانێ لەنێوان خڕۆکە سپی و سوورەکانیدا نییەو راستڕەوەکان رایانوایە کە کۆن پیرۆزەو دابونەریتی بۆ سازدەکەن و بوخوردو مۆمی بۆ دەستوتێنن و چەپڕەویش

وەچەیەکی بیرکراوەیەو سەرسامی تەوژمە هزرییە نوێکانەو لێیانەوە فێری یاخیبوون و شۆڕش بەرپاکردن دەبێت و وەچەیەکە مێژوو دەخوێنێتەوە، بەڵام دژی ئەوەیە گڵکۆی مێژوو قووتی بدات، هەروەها لەکتێبی (قصتی مع الشعر)دا نزار دەڵێت: شیعر چاوەڕوانکردنی شتگەلێکی چاوەڕواننەکراوە، ئەمە بەرنامەی کاری من بووەو هەر لەسەرەتای شیعر نووسینمدا پەیڕەومکردووەو ئەو شیعرە هیچ بایەخێکی نییە کە شتە دۆزراوەکان دووبارە دەکاتەوەو بەردی جیهانی کۆن وەکو خۆی بەکار دەهێنێتەوەو سرووشت دووبارە بوونەوەو دووبارەکردنەوە پەسنددەکات، بەڵام شیعر پێی پەسندناکرێت، زەوی دوودار زەیتوونی چوونیەك پەسنددەکات، بەڵام بوار نادات دوو شاعیر هەمان قسەی یەکدی دووبارە بکەنەوە.

ئینجا نزار لەپڕ دەپرسێت: شیعر لەکوێوە دێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوەو کەس چاوەڕوانی ئەوەش نەکات من وەڵامی بدەمەوە.

نزار لەهەندێك نووسیندا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هەموو نوێیەك دوژمنی هەیەو بەئاسانی پەسندناکرێت، لەڕاستیشدا نزار قەبانی خۆی ئەو نوێیە بوو کە بەئاسانی پەسندنەکرا، من جارێکیان گوتارێکی ڕەخنەیی قەشەیەکم دەربارەی دیوانێکی نزار قەبانی لەگۆڤارێکدا خوێندەوە زۆر زۆر توندوتیژ بوو دیوانەکەی بەسۆزانیی ناوزەد کردبوو، هەروەها گەلێك قسەلۆکی ناشایستەی ئاراستەی نزار کردبوو.

شایانی باسە نزار دووجار بەشێوەی فەرمی دراوە بەدادگا، جارێکیان لەسەر شیعری (خبز و حشیش و قمر) کە باسی ئەوە دەکات کۆمەڵگەی عەرەبی ئەوەندە چاوبەستراوە، ئەفسانەو بەندوباو بۆ مانگگیران و مانگبەربوون دروستدەکات و ئاهەنگ و سرووتی تایبەتی بۆ دەگێڕێت، جاری دووەمیشیان لەسەر شیعرێك بەناوی (القصیده الشریره) کە تێیدا باسی عەشق و خۆشەویستی و دڵداریی دوو کچ دەکات لەگەڵ یەکداو لەژوورێکدان و دەرگاکەیان کلیلداوەو هەست و سۆزی سێکسبازیی لەگەڵ یەکدیدا دەگۆڕنەوە، من دڵنیام کە نزار قەبانی لەو شیعرەدا ویستوویەتی بڵێت: ئەم ڕەفتارە

نەخۆشـییەکی ڕۆژئاوایـەو لەئـەنجامی کـەمبوونی پیـاودا لـەڕۆژئاوای نـوقمی دووشـەڕی گـەورەدا، مێینـە تووشـی ئـەو جـۆرە نەخۆشییە سێکییە بـووە، بـەڵام کۆمەڵگـەو دەسـەڵات لەمەبەسـتی نـزار نەگەیـشتوون و رووبـەڕووی دادگایـان کردووەتەوە.

لـەکۆتایی گورزەیـەك شـیعری نـزار قـەبانی دەکـەم بەپاشـکۆی ئـەم نووسـینە، بزانین نزار لەم شیعرانەدا وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوە، کە پرسـی بـووی شیعر لەکوێوە دێت؟

## پێشانگەیەک لەوشە

(١)

بەماندوێتی

لەسەر لمی مەمکەکانت

خۆم گرمۆڵەدەکەم

وەک منداڵێک

لەو رۆژەوە

کە لەدایکبووە

نەنووستبێ...

(٢)

من مامۆستانیم تاکو فێرت بکەم

چۆن عاشق بی

ماسی پێویستی بەمامۆستا نییە

تاکو فێری مەلەکردن بێ

چۆلەکەش پێویستی بەمامۆستا نییە

تاکو فێری فڕین بێ

بەتەنها خۆت مەلە بکە

بەتەنها خۆت هەڵبفڕە

(٣)

عەشق دەفتەری نییە

گەورەترین

عاشقانی دونیاش

لەمێژوودا

نەخوێنەدەوار بوون..

(٤)

باران بەسەر هەردووکماندا

دەبارێ

هەزاران گیا لەسەر پاڵتۆکەمان

شین دەبێ

دوای ئەوەی دەڕۆی

باران بەتەنیا بەسەرمندا

دەبارێ

هیچ شتێکیش لەسەر پاڵتۆکەم

ناڕوێ

(٥)

دەمەوێ لەتەکتدا

ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێ

سواری شەمەندەفەری شێتی بم

شەمەندەفەرێ شۆستەکانی خۆی و

هێڵەکانی خۆی و

ناوی سەرنشینەکانی خۆی

لەیاد بەرێتەوە

ئەمەویٚ ئەگەر بۆ جارێکیش بیٚ

لەوێستگەی شێتیدا پێشوازی من بکەی...

(٦)

جوانترین شتی عەشقمان ئەوەیە

کە نەئاوەزی هەیە

نەلۆژیک

شۆخترین شتی عەشقمان

ئەوەیە

کە بەسەر ئاودا

دەڕواو

ناخنکیٚ



(٧)

حەز ناکەم وەک خەڵک

عاشق بم

حەز ناکەم وەک خەڵک

بنووسم

حەزم دەکرد

زارم کەنیسەیەک بوایەو

پیتەکانم

زەنگۆڵە...

(٨)

لەعەشقی تۆدا قەڵەمەکانم

تواندەوە

قەڵەمی شین و سوورو سەوز

تاوەکو وشە کۆتایی هات

عەشقی خۆمم

لەبازنەی کۆترەکاندا

هەڵواسی

نەشم دەزانی خۆشەویستم

عەشق وەکو کۆتر دەفڕێ

(٩)

هەرچەند دوای

لێکدابڕانێکی دوورو درێژ

ماچت دەکەم

واهەست دەکەم

نامەیەکی دڵداری

بەپەلەپەل

دەخەمە

سندوقی سووری

پۆستەوە...

(١٠)

هەرچییان دەربارەم گوتووە

راستە

هەرچییان دەربارەی ناوبانگم گوتووە

لەعەشقی ژناندا

قسەگەلێکی راستن

بەڵام نەیانزانیوە

من لەعەشقی تۆدا

وەکو مەسیح

خوێنم لێ دەچۆڕێ...

(١١)

لەسەر بادا ناوی ئەو کەسەم نووسی

کە خۆشمدەوێ

لەسەر ئاودا ناوی ئەو کەسەم

نووسی..

نەمزانی با

نازانێ ورد گوێ بگرێ

نەمزانی ئاو

ناوەکان

ئەزبەر ناکات

(١٢)

ئەی ژن، ئەی چۆلەکە سەوزەکەم

لەبەرئەوەی

کە تۆ

خۆشەویستی

منی

کەواتا

خوا

وا

لەئاسماندا

(١٣)

سکاڵات لەلای ئاسمان

دەکەم

سکاڵات لەلای ئاسمان

چۆن توانیت

چۆن

جوانی هەموو ژنانی

زەوی

لەخۆتدا

کورت بکەیتەوە...!

(١٤)

هەر پیاوێک لەدوای من

ماچت بکات

ڕەزێکی بچکۆڵە

لەدەمتدا

دەدۆزێتەوە

کە من

چاندوومە..

(١٥)

ئەگەر تۆ ئەی هاوڕێکەم

لەئاستی شێتێتی

مندا بوویتایە

هەرچی گەوهەرت هەبوو

تووڕت دەدا

هەرچی بازنگت هەبوو

دەتفرۆشت و

لەناو چاوەکانمدا

دەنووستی...

(١٦)

رووت بەرەوە

ئەوە سەردەمێکی دوورودرێژە

لەسەر زەویدا

پەرجوو رووی نەداوە

رووت بەرەوە

رووت بەرەوە

من لاڵم و

لەشت

هەموو زمانێک دەزانێ

(١٧)

تکات لێدەکەم رێزی بێدەنگیم بگرە...

بەهێزترین چەکی من

بێدەنگییە

ئایا کە بێدەنگ دەبم

هەست بەڕەوانبێژیم دەکەی؟

ئایا هەست بەجوانی

ئەو شتانە دەکەی

کە دەیڵێم

لەوکاتەدا کە هیچ ناڵێم؟



# هەندێ سەرنج
# لەسەر ئایدیای ئەشق لای سەنپۆل

نووسینی: موراد فەرهادپور
وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:
مەنسوور تەیفووری . برایم شەوقی

بەئایدیایەکی هێزەوە[١] دەست پێدەکەین کە ئەرێکاری ئینپۆزەتیڤ، پڕو نادیالێکتیکییە، هێزێک بەبێهیچ درز یان نەرێکارییەک. هێزێک کە هەبوونی لەکاریگەریی یان بوونبەی[٢] جودا نییە. هەیەو کردە دەنوێنێت، هێزێکە چالاک، لەنێو هۆکارێتی راستەوخۆوە کردە دەنوێنێت، بۆ ئەو هێزە بوون و بوونبە، خۆپاراستن و کاریگەریەتی، کارایی و بەرکاریی هەموویان یەک شتن. لەبواری ئەخلاقیاتدا، خۆی وەک ئیرادەیەکی بەتاڵ لەتووڕەیی و دژکردەوە دەردەخات، وەک ئارەزوویەکی چالاک بۆ خۆپێگەیاندن[٣] کە بەتاڵە لەهەر چەشنە دەوس و نیشانێکی چەپاندن یان سەرکوت. هەر لێرەشەوە رێگە بەهیچ جوداییەک لەنێوان بوون و کردەوەیان (هەیە)[٤] و (دەبێ (ببێ)) دا نادات، چونکە ئەخلاق و ئۆنتۆلۆژیی ئەو یەک شتن. ئەم هێزە کە بەبوونبەیەکی چالاک و بەدووپاتکردنەوەی خۆسەلماندنی خۆی لەرێگەی کردەوەوە هەیە، ناتوانێت بەسانایی خۆی بسەلمێنێت، چونکە ئەم (خۆسەلماندن)ە رەنگە یەکسان بێت بەملدان بۆ ئاستەنگ و سنوورو پەرچەکردارێکی نەرێکارانە بەرامبەر ئەو شتەی لەپشتەوەیدا خەوتووە. ئەم هێزە ناونشینە گەلێک ناوی هەیە: جەوهەر، سرووشت، ژیان، دەسەلات[٥] ... لێرەوە سپینۆزا، نیچە و ژیل دۆلۆزمان لەسەر رێگەیە، لەم سێ کەسە لانیکەم دوانی یەکەمیان واتە سپینۆزاو نیچە نیشانەکانی گەڕانەوەو لادانی تەواو[٦] یان هەندەکییان[٧] بەرەو سروشتگەریی[٨] رووت یان سروشتگەریی رۆمانتیک نیشانداوە. ئەمە وەک هەڵبژاردنە لەنێوان سروشتگەریی و هەندێک چەشنی ژیانگەریی ناونشیندا، بەڵام ئەوی دواییان

(واتــە دۆلــۆز) ویـڕای نزیککەوتنــەوەی لەحەقیقــەت لەهەنــدێك خاڵــدا، هێــشتا نوقسانەکانی پێشووی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەگەریش لەنێو دۆخی ژیانگەرادا بمێنینــەوە نــاتوانین لەنوقــسانەکانی رزگــار بــین. پــەنابردن بــۆ دوو نــاوی تــازە دەتوانێــت یارمــەتیمان بــدات ئــەم نوقــسانانە روونــتر ببیــنین. ویلیــام بلــەیك و سەنپۆل لەزۆر لایەنەوە بلەیك لەنیچە خۆی نیچەییترە. بۆ نموونە کاتێك دەڵێت: یەك قانوون بۆ شێر و گا زاڵمانەیە. وەکوتر، بلەیك ئارەزووی پەرچەکردارانەی شێوێندراو بەڕیشەی شەڕ[٩] دەزانێت: ئەوەی ئارەزوو دەکات و کەچی هیچ کارێـك ناکــات، پــەتا پــەروەردە دەکــات و لەڕەخنەیــەکی تونــدی (ئــەخلاقی پرۆتــستاندا) لەمــەش تێدەپــەڕێنێ و دەڵێــت: کوشــتنی منــداڵێك لەلانکەکەیــدا باشترە لەبەخێوکردنی ئارەزووی بێکردە. هەڵدانی ئەو بەسەر ئەقڵ، جەستەو خەیاڵدا وەك (بازنەو هەرێمی هەڵچوون یان هەڵقوڵینی ئێنرژی) بێسنوورە، بەڵام بیرکردنەوەی بلەیك سیاسی و رادیکاڵترە لەنیچەو مرۆڤ ناتوانێت لەئەگەری ئەوە غافڵ بێت کە ئەمە بەجۆرێك پەیوەندیی بەو نیشانانەی دیالێکتیکەوە هەیە کە لەبیرکردنەوەیدا ئامادە دەبن: بێ ناتەبایی هیچ پێشکەوتنێك نابێت.

حــەز[١٠] و بێــز[١١]، ئــەقڵ و ئێنــرژی، ئەشــق و نــەفرەت، بــۆ هــەبوونی مــرۆڤ پێویستن. لەڕاستیدا دیالێکتیکی بلەیك لەلاکانییەکان (یان پاش بونیادگەرەکان) نــزیکترە تــاکو لەنموونــە هێگڵییــە(ئۆرتــۆدۆکس)ەکــان. واتــە دیــالێکتیکی بلــەیك زیــاتر بۆشــایی زێدەڕۆییــە[١٢] تــاکو یــەکێك بێــت لەدیالێکتیکــەکانی ســووبژە – ئۆبــژە. ئــەم دیالێکتیکــە (رێگــەی زێــدەڕۆیی)یــە، کــە لەڕوانگــەی ئــەوەوە (بــەرەو کۆشــکی حیکمــەت دەچــێ) (هــەموو نموونــەکان لــەکتێبی زەوجــینی بەهەشــت و دۆزەخی بلەیك وەرگیراوە). کاتێك دێینــە لای سەنپۆل هــەموو شتێك لــەپڕ روون دەبێتــەوە، چــونکە لەڕاســتیدا ئــەو چاوەڕوانی ئــەم هێڵەگشتیانەی بیرکردنــەوەی کــردووە. کارەکــەی ئــەو تــەنیا بنەڕەتــەکانی یوونیۆیرســاڵیزم ناگرێتــەوە، بــەڵکو ئایدیایــەکی تــەواوی ئارەزوویــەکی چــالاکی لــەخۆ گرتــووە، ئارەزوویــەکی سەربەست لەسەرکوت و رەنجان و تووڕەیی، کە بۆخۆی دەگەڕێتەوە (لەڕاستیدا، هێرشــی تونــدی نیــچە بۆســەر پــۆل، بەئاشــکرا دەنگێکــی دوژمنانــەی هەیــەو لەڕاســـتیدا بەهەڵەمانـــدا دەبـــات و تـــەنیا ئەوکاتـــە مانـــای دەبێـــت کـــە وەك

پەرچەکردارێکی نیچە دژی رابردووی خۆی چاولێبکرێت). تەنیا لەچوارچێوەی داهێنانی پۆل بۆ ئایدیای فەیز[١٣] یان رەحمەت دایە کە بۆ یەکەمجار چەمکی پۆزەتیڤ یان ئەرێکارو چالاکی هێز مانای بەبەردا دێت. بەپێی داهێنانەکەی سەنپۆل فەیز چ نییە جگە لەوەرگرتنی خوا بۆ ئێمە بەبێ گرنگیدان بەخراپەو چاکەمان، هەمووشمان دەبێت ئازادانە بەم وەرگیرانە رازی بین.

ئەمە مانای حەقیقی ئیمان و سەرفرازییە[١٤] بەناوکۆی ئیمان. ئێمە هەبوونی هەڵبژێردراومان هەڵدەبژێرین و وشیارانە دەگۆڕێین بۆ ئەو شتەی پێشتر هەین. لێرەدا هیچ باسێك لە(دەنگدان)، (پاکبوونەوە)[١٥]، (قوربانیی خودایی) یان شتێك کە بەجۆرێك لە(قەرزێکی هێمایین) بچێت، نییە، رەحمەت یان فەیزی خوا، یان ئەشق ئازادانەو بەرفراوان بۆ هەموانە. مارکس هەر ئەم شتە دەڵێت کاتێك وەسفی دوایین قۆناغی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی وەك کۆمەڵێك دەکات کە تێیدا هەمووکەس ئەوشتە بەدەست دێنێت کە دەیەوێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێداویستی یەکسانی یان هیچ بەرامبەرێکی پڕ بەپێست. لێرەدا عەدالەت مانای یەکسانی یان ترازکردنی جیاوازییەکان نییە، بەپێچەوانەوە لێرەدا لەرێگەی بێخەمیی تەواو بەرامبەر جیاوازییەکان، جڵەویان بۆ شلدەکرێت. ئابووریی رەحمەت، وەك ئابووری دیاری تێکڕای سرووشتی دانوستاندن بەئازادیی و بەرفراوانیی خۆی، وەردەچەرخێنێت. تەنیا رەحمەتێکی بێسنوور دەتوانێت بۆشایی بێکۆتایی ئارەزوو وەڵام بداتەوە یان پڕ بکاتەوە. کەوابوو هەرکەس زیاد لەداوای خۆی یان لەڕادەی توانای وەردەگرێت، هیچ ئارەزوویەك بەدینەهاتو و نوقسان نامێنێتەوەو هیچ دەرفەتێك بۆ رق و تووڕەیی و لەخۆ بێزاری نامێنێت. بەڵگەیەکیتر بۆ بێسنووریی رەحمەتی خودا سروشتی خولقێنەرانەی هێزی چالاکە. وەها هێزێك ناتوانێت خۆی تەنیا بۆ بەرهەمهێنانەوەی خۆی کورت بکاتەوە، ئەم هێزە دەبێت بۆ زیاتر بگەڕێت و لەوەی هەیە زیاتر ببێتەوە، هەربۆیەش نیچە لەباتی (ئیرادەی ژیان)، (ئیرادەی دەسەلات)ی پێدەگوت، ئەم (ئیرادیە)، ئیرادەیە بۆ (ژیانی زیاتر). ئەگەرچی ئەنجامی هەرەگرنگ و مەتەڵئاسای (ئەخلاقی مران)[١٦] فەوتاندنی شەڕو هەر بۆیەش ئەخلاقی خۆیەتی . کە ئەمە نیشاندەدات پاول لە(رەچەڵەکناسیی ئەخلاق) غافڵ نەبووە. مادام هیچ

نوقسان و ناتەواییەك و لەڕاستیدا هیچ ناتەباییەك نەبێت، ئیتر بۆ کەسێك خراپە بکات؟ تیۆری ڕەحمەتی پۆل بەمجۆرە لەساویلکەیی ئەم پرسیارە تێدەپەڕێت. وەك پۆل دەڵێت: ژیانی ڕۆح، هێزی چەواشەنەکراوی ئارەزوو، لەم مانایەدا خوڵقێنەرە کە داهێنان هەبوونی بوونبەیەتی.

بۆ ئارەزوو، دۆڕاندنی خوڵقاندن یەکسانە بەدوڕاندنی بوونبە، هەر بۆیەش ئارەزوو تووشی خراپە نابێت، چونکە شەڕ مانای دۆڕاندنی بوونبەیە- چەمکی کاتۆلیکیی (شەڕ وەك دۆڕاندنی بوونبە) لەم ئایدیا پۆلیەوە هەڵهێنجراوەو بەزۆری ڕووی لەپارێزکارییە(تالکین). بەم پێیە، ئەوانەی ئایین لەپشتیانە گوناه ناکەن و ناشمرن، چونکە لەگوناه و لەخۆبێزاری و خۆڕووخاندن سەربەستن، بەڵام خوڵقاندن و بوونبەی ئەوان، چۆن لەگەڵ خوڵقێنەری ئەوانی دیکە پێوەندیی دەگرێت؟ پۆل لەگەڵ پرسیاری هەمیشەیی چۆنیەتی پێوەندیی نێوان ئیمان و ئەشق، نێوان خۆشەویستی خوداو خۆشەویستی کەسانی دی، بوون دەستەویەخە بووە. ئەم پرسیارە(لەلایەن هانا ئارێنت و مارشال بێرمەن و کەسانێکی دیکەشەوە) لەسەر کارلێکی بەرامبەری تاکەکان یان بونیادی سیاسی کۆمەڵ لەکۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا بەرز کرایەوە. ئایدیای مارکسیانەی (بەشداریی ئازادانەی بەرهەمهێنەرانی ئازاد) شتێکە زۆر لێڵ و پێڵ. ئەو وێنەی مارکس لە(ماسی گرتن لەبەیانداو خوێندنەوەی هێگل لەئێوارانـدا) دەیکێشێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ هەر چەشنە کارلێکێکی ئازاد، هێشتا زۆر بۆرژوایی و تاکخوازانەیە. هەروەك نەفیی ئانارشیستیی دەوڵەت، (لێرەشدا مارکس) لەنەفیی نادیاری[١٧] و دەرهەست تێناپەڕێنێت، چونکە جەمسەرەکەی دیکەی پێوەندی بەجێدێڵێت، واتە تاك ناگۆڕدرێت، ئەم (ئایدیایەی مارکس) بەسەر لێکدانەوەی ساکاردا کراوەتەوە، لێکدانەوەی گێلانەو سادە بۆچ (خەڵك بێ ماندوو بوون یەك دەکوژن) کە ئەم ئایدیایە خۆی بەئاشکرا لادانێکە بەرەو ئایدۆلۆژیای پێتی . بۆرژوای شۆپنهاوەر لەسەر ڕەنج– ماندوویی وەك دوانەیەکی ئۆنتۆلۆژیکاڵی بنەڕەتی دامەزراوە، بەراورد بەمە ئایدیای نیمچە قانوونیی کانت بەڕاستی پێشکەوتووە، مادام ئەشق وەك ئارەزوویەکە فەرمانی بەسەردا نادرێت هەر بۆیە (خۆشویستنی دراوسێکەمان)

پێویستە وەك ئەشقێکی ناپاتولۆژیکاڵ[١٨] یان کردەوەیی فەرمان بدرێت. بادیۆ زۆر راست دەکات کاتێك جەخت دەکاتەوە کە خۆ خۆشویستن[١٩] لای پۆل پێش مەرجێکە بۆ خوشویستنی ئەوانی دی، بەڵام ئایدیای پۆل بۆ خۆشویستنی کەسێك بۆ خۆی لەتاکخوازییەکی بۆرژوایی دەروونناسانە تێماندەپەڕێنێت. بۆ پۆل ئەشق بۆخۆ مانای ئازاد بوونە لەگوناھ، تاوان، چەپاندن، تووڕەیی و قانوون. بەم پێیە، پرسیاری ئاڵۆزی خۆشویستنی ئەوانیدی و پێوەندیی ئەم خۆشویستنە بەخۆشویستنی کەسێك بۆ خۆیەوە ئەگەر لەگوشەنیگای تەسکی تاك وەك ئەتۆمێکی دەروونناسانەوە سەیر بکرێت، چارەسەر نەکراو دەمێنێتەوە. بێوەلامدانەوەی پرسیاری جەستە (لەنێوان جەستەکاندا)، قانوون و کۆمەڵایەتی (بوون)، هەموو ئەو شتەی بەدەستی دێنین تەنیا بەزەیی شۆپنهاوەری و ئەو خراپە بێژمارەی هەناویەتی. پۆل بەرێکەوت لەرێگەی ئەزموونی کۆنکرێت یان هەستپێکراوی خۆیەوە تووشی کێشەی ئەشق هات، نەك لەرێگەی بیرکردنەوەی خوداناسانەوە. ئەم رەهەندە مێژووییە، بەداخەوە لای بەدیۆ لەبیردەکرێت، واتە ئەو رەهەندەی کە لەهەموو نامەکانی پۆلدا دەبینرێت. ئەم راستییەی کە پۆل ئەشق لەدوو بەهاکەی دیکە، واتە لەئیمان (بەخوا)و هیوا جوێ دەکاتەوە، بەشێکی دانەبڕاوی پرسیاری گشتیتری سەرفرازیە[٢٠] لەروانگەی پۆلەوە، سەرفرازی پرۆسەیەکە بەهەموو ماناکانی وشەکە بەجەستەوە گرێدراوە. رۆحی ناسکی خەڵکی یۆنانی کەونارا لەجیهانی پاش مەرگدا[٢١] بەتاسەی بوونێکی فیزیکییەوە بوو. ئەوان دەیانەویست جەستەو ئەویش جەستەیەکی کۆمەڵایەتییان هەبێت، ئەوان دەیانەوێت وەك تاکەکان و وەك ئەندامێکی کۆمەڵ زیندوو ببنەوە. ئەم تاسەیە هێند سەرنجڕاکێشە کە تەنانەت شا، قارەمانێکی وەك ئاشیلیش ئامادەیە لەکەوڵی شوانێکی پلەنزم و ئاساییدا گیانی بەبەردا بێتەوە (ئەگەرچی رەنگە حەز نەکات لەشێوەی ژندا هەستێتەوە!) ئەمەش نیشاندەدات کە ئایدیای ژیانی جەستەیی پاش مردن، لەهەموو کات و شوێنێکدا، بەجۆرێك پەیوەندیی بەتێمی عەدالەتەوە هەیە. مەعادناسیی رۆحیی[٢٢] ئەفلاتوون، تەنانەت بۆ یۆنانییە پێش مەسیحییەکانیش پەسەند نییەو هەر ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی لێکدانەبڕاوی جەستەو جەستەکانە (واتە

لێکدانەبڕاویی) جەستەی فەردی و جەستەی کۆمەڵایەتی. ئەفلاتوون ناچار، بەوازهێنان لەیەکێك لەم دوو جەمسەرە واز لەجەمسەرەکەی دیکەش دەهێنێت. تەنانەت ئەم راستییەی کە کتێبی (جەهەننەم)ی دانتی خەڵکیترین بەرگی کۆمێدیای ئیلاهی ئەوە، لەسەرێکەوە بەهۆی ئەم راستییەیە کە جەستەی (خەڵك) لەجەهەننەمداو هاوبەشییان لە(سزایەکی بەکۆمەڵ)دا دوان لەو شتانەن کە بەتوندی لەبەهەشتدا تێدا دەچن و نامێنن. لایەنی ماتریالیستی و دژە گنۆستیکی تیۆری رزگاری پاول تەنیا جەستەیەکی رزگاربوو کە لەگۆشت وەك دەرکەوتەی ئارەزووی بەدینەهاتوو جویٚ کراوەتەوە، ناگرێتەوە، بەڵکو هەروەها کەنیسە وەك جەستەی ئیماندارانیش دەگرێتەوە. سەرفرازیی مەسیحی رەهەندێکی فیزیکی دیموکراتیکی هەیە، بەپێچەوانەی گۆڕانی جەوهەریی رۆحی و نوخبەوی مرۆۋ لەهەموو ئایینە گنۆستیکەکاندا.

ئەگەرچی، وەك پێشتر وتمان، ئەزموونی مێژوویی واقیعی سەرفرازی، پۆلی لەگەڵ هەندێك کێشە رووبەڕوو کردەوە، کە گرنگترینیان ئەگەری گەڕانەوە بۆ گوناه و سزای گوناهەکە بوو: مەرگ، ئەمە ئەگەرێکی گەلیٚ ناخۆش و تاڵ بوو. هیچ کەس ناتوانێت بەدڵنیاییەوە بیسەلمێنێت کە تێگەیشتنی پۆل بۆ سەرفرازی تەواو لەهەر چەشنە نیشانەو شوێنپێیەکی بڕاوی ئاخر زەمانی بەتاڵە، یان ئەو رۆژگاری خۆی وەك رۆژگاری نێوان هەر دوو دەرکەوتنەوەی مەسیح ئەزموون نەکرد، یان لای وانەبوو ئاخرزەمان نزیکەو هەروەها لای وانەبوو دەکرێت بەئیمان بەتەواوی بەسەر مەرگی جەستەییدا زاڵبێت، بەڵام ئەگەرچی ئێمە لاشمان وابیٚ کە سەرفرازی لای پۆل پرسێکی (هێماییں) بووەو ئەو بەتەما بوو ئیماندارانی رۆژگاری خۆی و ئەو رۆژگارانەی بەڕێوەن، بەر لەکۆتایی جیهان بمرن، هێشتا ئەگەری گەڕانەوە بۆ گوناه یان (مەرگی هێماییں) وەك هۆیەك بۆ نیگەرانی و خەم دەمێنێتەوە. زیاد لەهەر گوشارێکی دەرەکی، ئەم نائاسوودەیی و ئاژاوە ناوەکیە بوو کە کێشەکانی ناخی ئایدیای سەرفرازیی مەسیحیی ئاشکرا کرد. مادام هیچ قانوونێکی خودایی بۆ داپۆشین یان دامرکاندنەوەی ئەم پرسیارانە نییە، هەر بۆیە پۆل دەبێت خۆی وەڵامی هەموویان، یان لانیکەم هەندێکیان، بداتەوە. هەندێك پرسیار لەنێو زەمینەی

ئیمپراتۆریای رۆمیدا –وەك تاقە فۆرمی ئەگەرداری ژیانی کۆمەڵایەتی بێوەڵام بوون، بۆ پۆل ئیمپراتۆریا ناوکۆیی و بەستێنی زەمینیی راسپاردەکەی بوو، کە خودا هەر لەبەر ئەو هۆیە درووستی کردبوو، هەر بۆیەش نەیدەتوانی داوای واقیعێکی سیاسی رزگاربوو بکات، نەئەو و نەهیچ یەك لەلایەنگرانی وەڵامی ئەم پرسیارانەیان نەداوەتەوە. ئەگەرچی پۆل دەیزانی کە ئیمان لەخۆیدا تەواوکەر نییە، کە (خۆشەویستی خوا) ناتوانێت خێراو بێ ناوکۆ بەفەرمانی (دراوسێکەتت خۆش بوێ) بناسرێتەوە، کە خۆ خۆشویستن، ئەو خۆ خۆشویستنەی بەئازادیی لەبەندی قانوون و گوناه رەخسابوو، بۆ چاندنی ئەشق بۆ ئەوانیدی تەواوکەر نییە.

من رەنگە بتوانم بەهەموو زمانەکانی مرۆڤ و تەنانەت بەزمانی فریشتانیش بدویم، بەڵام ئەگەر ئەشقم نەبێت، قسەکانم جگە لەزرینگانەوەو شەقە شەقی زەنگێك نابن. رەنگە من توانای لێدوانی زیندووکەرەوەم هەبێت، رەنگە مەعریفەو زانایی هەموو سرێکم هەبێت، رەنگە ئیمانم بەشی تەکاندانی کێوەکان بکات، بەڵام ئەگەر ئەشقم نەبێت، هیچ نیم... سێ شت دەمێنێتەوە: ئیمان، هیوا و ئەشق، لەمانەش گرنگترینیان ئەشقە I،Corinthians ،13-1-3 ،13 پۆل، ئەشق لەئیمان و هیوا ناوازە دەکاتەوەو هیچ کات ئەشق وەك توخم یان هێزی سێیەم کە پانتایی خۆی هەیە، سەیر ناکات، چونکە ئەشق دەتوانێت درزە بکاتە پانتایی دوانەکەی دیکەوە، ئەشق دەسەڵات و کاریگەریی ئیمان و هیوا بونیاد دەنێت. لەبەر ئەمەشە کە بەبێ ئەشق ئەوان هیچ نین. بەپێچەوانەی ئایینە رۆژهەڵاتییەکانەوە، لێرەدا ئەشق یەکیەتی ئەم سیانە نییە، واتە یەکێك کە خۆی و ئەوانیشی لەخۆیدا هەڵگرتبێت، ئەشق خۆی جودایەو هێزێکی جوداکەرەوەشە. لەوانەیە کەسێك بتوانێت بڵێت کە ئەشق بوونبەی ئیمان و هیوایە، هێزێکی لەڕادەبەدەر کە لێیەوە ئیمان و هیوا دەتوانن ببنە ئەو شتەی پێشتر بوون، واتە هێزێکی چالاك و داهێنەر. بێ ئەشق ئەوان بوونێکی سست و بەتاڵن لەچاوەڕوانیی پڕکرانەوەدا. (هەروەها، وەك مێژووی هەموو ئایینە پۆزەتیڤەکان نیشانی دەدات، ئیمان و هیوا دەتوانن بەسانایی بەنەفرەت و رق پڕ بکرێنەوەو بگۆڕدرێن بۆ دەمارگرژی و قەدەرگەرایی)، بەڵام ئەمە هۆگرییەکی

نزیك لەنێوان چەمكی پاولیی ئەشق و فەیز یان رەحمەتدا دەسەلمێنێت. لەم رێگەیەوە ئەشق دەكەوێتە نێو دیالێكتیكی بۆشایی و زێدەڕۆییەوە، ئەشق وەك هێزێك كار دەكات، وەك پێدراوێكی ئازادانە، كە بەردەوام سەردەكەوێت، ئەشق بۆشایی نییە، بەڵكو ئەو شەڕەیە كە دەیەوێت ئەشق پڕبكاتەوەو بیگۆڕێت بۆ مۆڵگەی خۆی. ئەشق وەك هێزێك كە بەردەوام لەڕێگەی بوونبەی خۆیەوە بەسەر شەڕدا سەردەكەوێت، ئەشق نەفیی نەفییە كە هیچ كات بەئەنجام ناگات، بەڵكو بێبڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، واتە بۆ ریسك، هەڵچوون و ئازادیی ئەشق، بۆ ئەو ناهاوسەنگی و تاسەو بەگژاچوونەوەی كە ئەشق بەجیهانی دەناسێنێت، بەرەو تەكانی (رووداو) و ئازارو شادیی ئیمانداران بەو رووداوە. وەها ئەشقێك بوونبەی هەستپێكراوی دیالێكتیكێكی مەنفییە. ئەم ئەشقە بۆ سپینۆزاو نیچە نەناسراو بوو. نیچە لەخراپترین حاڵەتدا، لەئوستوورە ناتۆرالیستییەكەی خۆیدا لەشێوەی داروینیزمی كۆمەڵایەتیدا بەخراپترین چەشنی تووڕەیی رازی دەبێت و بەناوی زانستەوە شەرعییەت دەداتە رق و كینە و لەباشترین حاڵەتیشدا پەنا دەباتە بەر هێزێكی بەرزەجیٚ، بۆ ئەوەی مێژوو دوولەت بكات و رێگە بۆ مرۆڤ بكاتەوە بگۆڕێت بۆ شتێكی زیاتر لەخۆی.

چەمكی (ئەشقی ژیرانە بۆ خوداوەند)ی سپینۆزاش بەسانایی ئینكاری ئەگەری هەر چەشنە جیاوازی یان بۆشاییەك لەنێوان ئیمان و ئەشق و لەنێوان فەیزدا وەك خەڵاتێكی خودایی و كاری مرۆیی ئەشق لەوەرگرتن و بەشكردنی ئەم خەڵاتەدا، دەكات. وێڕای دینامیزمەكەیان، (پۆتێنتیا)ی سپینۆزاو (كەڵەپیاوی) نیچە بەسەر بوونبەی ئەشقدا داخراون، یەكەمیان وەك ناونشین و پۆزەتیڤ و دووەمیان وەك نەرێكارو بەرزەجیٚ، ناگەنە پلەی نەرێكاریی ناونشینی پۆل.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

[1]- Force
2- becoming
[3]- Self – Fulfilling
[4]- Is
[5]- Power
[6]- Complete
[7]- Partial
[8]- Naturalism
[9]- evil
[10]- Attraction
[11]- Repulsion
[12]- Void / excess
[13]- grace
[14]- salvation
[15]- atonement
[16]- ethics of fulfillment
[17] indeterminate
[18]- non Pathological
[19]- self love
[20]- salvation
[21]- Hades
[22]- spiritualist eschatology

،Notes on the paullian idea of love
Rokdaad.com

# ئاییندە.. جیهانێک لەنادڵنیایی

ن: د. ئەحمەد ئەبو زەید

و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

نیگەرانیو رەشبینیو ترس لەڕوخانی جیهان بەتەواوی سیستەمەکانییەوە، ئەمە ناونیشانی ئەم قۆناغەی ژیانی ئێستامانە، ئاخۆ تا چ ئاستێك تاریکیی ئەم رەشبینییە بەرقەرار دەبێت؟ لە چ لایەکەوە تیشکی هیوامان پێدەگات؟

لەو بیرۆکانەی لەنێوەندە رۆشنبیرییەکانی دەرەوەدا بڵاوەو لەزۆرێك نووسینە بایەخدارەکان بەئاییندە برەویان هەیە، ئەوەیە کە جیهان لەئێستادا بەقۆناغێکی داڕوخاندا دەڕوات، کە بەڕوخانی سیستمی جیهانی ژێر باری خۆرئاوا کۆتایی دێت، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو رواڵەتە دیارانەی ئاماژە بەپێچەوانەی ئەم بیرۆکانە دەدەنو وێنەیەکی سەرنجڕاکێش دەخەنەڕوو کە گەشبینیی دەخاتە دڵی زۆرێك لەخەڵکان لەبارەی ئاییندەو لەخود رازییبوون لەڕۆشنایی پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆژیی گەشەسەندنی ئێستای باری ئابووریی، رەشبینانە بەئاییندەی جیهان ئەوە دەکەنە بەڵگە کە خۆرئاوا بەلای ئەوانەوە سەرچاوەی هەموو شتەکانی ئێستایەو زۆر بەخێرایی تواناکانی لەدەست دەدات لەکۆنترۆڵی سیاسییانەی بەسەر جیهاندا، ئیدی لەتوانایدا نەماوە سیستەمەکانی بەسەر بەرامبەریدا بسەپێنێت، وەك لەسەدەی نۆزدەیەمو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ئەو توانایەی هەبوو، تا ئەو کاتەی وڵاتانی خۆرئاوایی یاخیی دەبوونو کەوتنە رەتکردنەوەی ژێر دەستەییو ملکەچبوونو بۆ سیاسەتو کەلتوورو دیدی خۆرئاوا بۆ شتەکانو گەڕانەوە بۆ مێژوو و کەلتووری خۆیانو لەویٚ رەگەزو ئەو بنەمایانەیان وەرگرت کە یارمەتیدەریان بێت لەدامەزراندنی تواناکانی خۆیانو گێڕانەوەی شوناسی دیاری خۆیانو نەخشەسازیی ئاییندەی تایبەتیان.

ئەوەی لەتوندی ئەم هەستکردنە بەنیگەرانییو رەشبینییە زیاتر دەکات، ئەو گرفتو ململانێیانە کە روو بەڕووی جیهان بوونەتەوەو هەروەها بەئاسانیش

مایـەی تێگەیـشتن و هاوکـات چارەسـەرکردنیش نـین.. وەك گرفتـەکانی ژینگـە، بێتوانـایی لـەکۆنترۆڵکردنی دەرەنجام و ئاسەوارەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لەسـەر کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی، یـان کاریگـەریی جیهـانگیریی لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان کۆمەڵگـەو کـەلتووره جیاوازەکـان و هاوکـات لەسـەر هەڵسوکەوتی تاکە کەسی و نەمەت یان جۆری بەهاکان و ئـەو دوا دەرەنجامانـەی لەتوێژینـەوە بەردەوامـەکانی بـواری ئەنـدازەی بۆمـاوەیی دەکەوێتـەوە، وێـڕای چـەندین گـرفتی دی کـە زانـاو بیرمەنـدان دڵنیـا نـین لەپێـشبینیکردنیان، چ جـای توانـای ڕووبـەڕوو بوونـەوەو سـەرکەوتن بەسـەر دەرەنجامـە نێگەتیڤەکانیانـدا کـە ڕەنگـە شـێوەی گـۆڕان و وەرچـەرخانە کۆمەڵایـەتی و ئـابووریی و سیاسـییەکان لـەخۆ بگرێـت، وێـڕای گۆڕانکـاریی و تێکـچوونە سـایکۆلۆژییە ترسـناکەکان کـە زۆرێـك لەمرۆڤـەکان دووچاری دەبن.

## کۆتایی مێژوو

ئەم هەلومەرجە نەچەسپاو و نائارامە وای لەهەندێك نوسەر بیرمەندان کرد، کە ئەم قۆناغەی ژیانی مرۆڤایەتی بەکۆتایی مێژوو ناوبەرن، یان قۆناغێکی (تاك ڕەهەندی) و خاڵی وەرچەرخانە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کە بە (تێکچڕژاوی پـڕ داهێنـان) دەناسـرێتەوە، مەبەسـت و مانـای ئـەم دوا دەربڕینـە هەرچییەك بێـت لەهەنـدێك لەڕەهەندەکانیـدا پێـشبینی ئـەوەی لێـدەکرێت کـە ئـەم نـاڕوونی و ناگرفـت و کێـشە زۆرو خێـرا سـەرهەڵدەرانەو ململانـێ کەڵەکـەبووەکان کـە هـیچ چارەسـەرێکیان لەئێـستادا بـۆ دەسـتەبەر ناکرێـت، ڕەنگـە دواجـار جیهـانێکی نوێیـان لێبکەوێتـەوە بەزەحمـەت بـەوردی و دڵنیـایی سـیماکانی و بنـەما سـەرەکییەکانی لەئێـستادا بناسینەوە، بەتایبـەتی لایـەنێکی گـەورەی ڕوداوەکـان ژێربـاری هەنـدێك فاکتـەرو هێـزی نادیـارن کـە کـۆنترۆڵ نـاکرێن و نـاتوانین بـەپێی ویـست و خواسـتی مرۆڤایـەتی ئاراسـتەیان بکـەین، بـەجۆرێك کەلەگـەڵ بەرژەوەندییەکانیـدا تـەبابن، لێرەشـەوە زۆرێـك لەخـەڵکانی دەرەوە وادەبیـنن کـە وێـڕای دەسـتکەوتەکانی مـرۆڤ لەپێـشکەوتنی زانسـتی و تـەکنۆلۆژی، ئاییندە بەتـەم و هـەورێکی نادڵنیـایی دەورە دراوە(unceratainty) ئـەم دڵنیاییـەش

دەبێتــە یــەكێك لەســیما ســەرەكی و دیارەكــانی هەلومــەرجی مرۆڤایــەتی لەئاییندەیەكی نادیاری پڕ لـەئاڵۆزیی و ناكۆكییـەكان، كـە مرۆڤایـەتی بێپـەروا بەرەو ئەو جیهانە مل دەنێت، وەك "فۆن میزس" پێیوایە شتێكی سرووشتیش دەبێت كە ئەم ئاڵۆزیی و تەمو مژو دڵنیا نەبوونە لەئاییندە، مشتومڕێكی زۆر بهێنێتە ئارا لەنێوان بیرمەندانی بایەخدەر بەچارەنووسی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەكان، بەتایبەتی ململانێكانی بانەڕۆژو گەورەبوونی ئاڵۆزییەكان ژیان لەئەنجامی زیاتر چڕبوونەوەی كارلێكەكان وەك دەرەنجامێكی سروشــتی تەوژمــەكانی جیهانگــەرایی، بــووە هــۆی رووخــانی لەمپــەرو بەربەستەكانی نێوان كۆمەڵگە جۆراو جۆرەكان لەجیهاندا، ئێستا هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بەتەنیا دوور لەمرۆڤێكی تر گوزەران بكات، كە سەردەمانی زووتر ئەو جۆرە گوزەرانە مەحاڵ نەبوو، ئێستا بازنەی پەیوەندی و پەیوەستی لەنێوان تاك و گەلان و كەلتوورەكاندا بەرفراوان بووە، میدیاكانی گەیاندنی ئەلیكترۆنی هاوكارە لەنەهێشتنی ئەو گۆشەگیرییە كۆمەڵایـەتی و فیكرییـەدا، كاریگـەریی راگەیاندنیش زۆر ناوچەو بواری بەرفراوانی گرتووەتەوە، سەیركردنی زانیاری جــۆراو جــۆرو دژ بەیــەكیش لــەبارەی تــەواوی بابەتەكانــەوە چــڕبووەتەوە، پەیدۆزكردنە زانستە نوێكانیش زۆر فرەیی بوون، كە لەزۆر باردا دەرەنجامەكانی پێشووی زانست هەڵدەوەشێننەوە، بەجۆرێك عەقڵەكان دووچاری گومان هاتوون لەئاستی ئەو پرسانەوە كە پێشتر بە (حەقیقەتی چەسپاو دادەنران)، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆكاری بەیەكداچوونی بەهاكان و شێرزەبوونی پێوەرەكان، بەجۆرێك لەجۆرو شێوازی ژیانی ئاییندەمان دڵنیا بین.

فرەیـی جـۆراو جـۆری دیـدو بیرۆكـەكانیش كـە هـەوڵی تێگەیـشتن و راڤـەی گـۆڕان و وەرچـەرخانەكان دەدەن، لەدەسـەڵات و توندوتیـژیی ئـەم نادڵنیاییـەیان زیـاتر كـردووە، لەوێـدا كـە لـەبارەی رووداوەكانـەوە گۆشـەنیگاو فەلـسەفەكان بەیەكـدا دەدەن و نـاكۆكن بەیـەك، هـەروەك راوبۆچـوونەكانیش لـەبارەی راسـت و هەڵـەوە جیـاوازن و مـرۆڤ لەوەدایـە نـەزانێت مرۆڤایـەتی بـەرەو كـوێ ئاراسـتە دەگرێت، یان دەبێت ئەو ئاراستەگیرییە بەرەو كوێ بێت، كەش و هەوای گشتی و

باو لێوانلێوە لەشیمانەو ئەگەرو پرسیارو زانیاریو تواناو ئەڵتەرناتیڤ، هەموو ئەم دژایەتیو فرەییە لەتواناکاندا کە بە بەڵگەی پێشکەوتن دانراوە، دەشێت ببێتە هۆی شڵەژانو ئاژاوە، هەروەك ئاماژەشە بۆ حاڵەتی نادڵنیایی جیهان کە لەئاییندەدا ئەو نادڵنیاییە زیاتر دەبێت.

## سبەینێی نادیار

ڕەنگە بیرکرنەوە لەئاییندەو خۆسەرقاڵکردنی زیاد بەچۆنییەتی ئەو ئاییندەیەوەو بەوردی زانینیو بایەخدان بەپلانەکانی وابەستە بەمەعریفەی جەخت لێکراو و یەقینی ئاراستەیەکی تاڕادەیەك نوێ بێت، هەرچەندە مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو دەربەستی دوارۆژ هاتووە، بۆ نموونە هۆزەکانی (ئیرۆکۆی) هیندییە سورەکان هەمیشەو بەرلەوەی هەر بڕیارێك دەربکەن دەڕواننە حەوت نەوەی دوای خۆیان، زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا لەم نموونەیەو لەنموونە هاوشێوەکانیشدا، بەڵگەی سەرقاڵیی زانینی دوا رۆژ، بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ کتوپڕییە چاوەڕواننەکراوەکانو ڕێکخستنی ژیان لەسنوری تواناکانی بەردەستدا.

بەچاوپۆشی لەئاستی ڕاستیو هەڵەبوونی ئەمجۆرە حوکمانە، لەواقیعدا بۆچوونی گەلانو تیرە سادەکان لەبونیادی کۆمەڵایەتیو ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئاماژە بەبوونی جیاوازیی گەوهەریی ناکات لەنێوان ڕابردوو ئێستاو ئاییندەشدا، بەپێی نەمەتیبوونی ژیانو دەگمەنی جیاوازی جۆراو جۆریو گۆڕانکاریی دوا گۆڕانەکان، وێڕای کەمیی فرەیی لەشێوازی ژیانو هەڵسوکەوتو پەیوەندییەکان، ئەمەش وا دەکات هەرسێ ڕەهەندە زەمەنییەکە لەڕووی کەلتووریو ژیانەوە بەپلەیەکی ئەوتۆی ڕۆتینی پێکەوە وابەستەبن کە بەدەر بێت لەکتوپڕیو وەرچەرخانە لەبەرچاو نەگیراوەکان، کات لای ئەم گەلانە سادەو تەنکە، بەپێچەوانەی چەمکی کات لای کۆمەڵگە هاوچەرخەکان کە گۆڕانو فرەییو وەرچەرخانیان بەزۆری تێدا ڕوو دەدات، بۆیە سەرەڕای بایەخدانی سرووشتی- هەرچەندە لەسنورێکی بەرتەسکدایە- و وێڕای

نیگـــەرانی ڕەوا لای ئـــەو گەلانـــە، وەك كۆمەڵـــە مرۆییـــەكانی تـــر بەئایینـــدە، تاڕادەیـەكی زۆر یـەقینیان هەیـە بەچۆنییەتی سبەی كـە جیاوازییـەكی ئـەوتۆی نابێت لەگەڵ دوێنیو ئەمڕۆدا، بەڵام گەلانی پێشكەوتووتر ئەم یەقینەیان نییە، بەتایبەتی لەژێر باری تەكنۆلۆژیای خۆرئاوای هاوچەرخدا.

ئـەو حـەوت نەوەیـەی هـۆزی (ئیركـۆی) بـۆ بڕیارەكانیـان لەبەرچـاوی دەگـرن لەواقیعدا شتێكی ئەوتۆ ناگەیەنێت.

ئـــەو دڵنیاییـــە تاڕادەیـــەكی زۆر پەیوەســـتە بەچەقبەســـتنو نەكەوتنـــە نێـــو حاڵەتـەكانی گۆڕانكارییو وەرچـەرخانی كتـوپڕو بازە خێراكان كـە ڕووبـەڕووی كۆمەڵگـــە هاوچـــەرخەكان دەبنـــەوە، لـــەدەرەنجامی پێـــشكەوتنی زانـــستیو تەكنۆلۆژی كە بەماوەیەكی كەم بەخێرایی ڕواڵەتی ژیان دەگۆڕێت، بـەجۆرێك كـە مـرۆڤ لـەدەرەنجامی ئـەو پێـشكەوتنە ناگـات گـۆڕانی تریـان بەسـەردا دێـتو هاوسەنگییەكان ئاوەژوو دەبنەوە.

ئێـستا بۆچـوونو دیـدەكان بـۆ دواڕۆژ گـۆڕانی گەوهـەرییان بەسـەردا هـاتووە لەچاو سەردەمە دێرینەكاندا، ئیدی ئەو پێكەوە گرێدراوە زەمەنییە لەسەر هەمان ڕەوت نییـــە، ئـــەویش لەلایـــەك لـــەدەرەنجامی خێرایـــی ڕووداوە جیهانییـــەكانو لەلایـــەكی تریـــشەوە بـــەهۆی پێـــشكەوتنی تـــەكنۆلۆژیو بـــازە بەرفراوانـــەكان لەتوێژینەوەی زانستیو چوونە نێو بـواری نـوێترەوە، هـەموو ئەمانـە بوونـە هـۆی دەرخستنی چـەند ڕاستییەك كـە دیـدیان بـۆ شـتانێك گـۆڕی كـە ماوەیـەك پێـشتر بەحاڵەتە زانستییە نەگۆڕەكان دادەنرا، وەك هەنـدێك لەنەخۆشییەكانو تەنانـەت مێژوو پێكهاتەی گەردوونیشەوە، ئیتر هەرسێ ڕەهەنـدە زەمانییەكـە، یەكەیـەكی لەیـەك جیـاواز پێكـدەهێنن، ئـەویش لـەدەرەنجامی ئـەو فاكتـەرانـەی وایـانكردووە كۆمەڵگـەی هاوچـەرخ لـەبارەی شـێوەی دوا ڕۆژەوە هەسـت بەمتمانـەو دڵنیـایی نـــەكات، ڕەنگـــە خواســـتێكی بـــەتین هـــەبێت بـــۆ ناســـینی ئایینـــدە، بـــەڵام لەبەرامبەریشدا دژواریی زۆر هـەن ڕێگرن لەبـەدیهێنانی ئـەم خواستەدا، ئـەویش لـــەئاكامی گۆڕانكارییـــە خێراكـــان كـــە زیـــاتر مرۆڤـــەكان دەخەنـــە بازنـــەی نـــا دڵنیاییەوە.

**چاو خشاندنەوە بەکەلتووردا**

هیچ گومانێك لەوەدا نییە كە سیستمە كۆمەڵایەتییە باوەكانی ئێستا لەكۆمەڵگەی هاوچەرخ زۆر لەسیستمە تەقلیدییە بۆماوەكان جیاوازترە، ئەو سیستمە تەقلیدییەی لەبەردەم شتە نوێكانی زادەی زانستی نوێ لەهەموو بوارەكاندا لەداخوراندایە، لەزۆرینەی كۆمەڵگەكاندا شتە تەقلیدییەكان باویان نەماوەو چیدی وەك سەردەمانێكی نزیك جۆرە بەهاو رەوتە بیركردنەوەكان و نەریتە تاكە كەسە تەقلیدییەكان رۆڵی كارایان نەماوە لەژیانی رۆژانەدا، چونكە جیهانگەرایی و شێوازەكانی گەیاندنی ئەلیكترۆنی توانی كۆمەڵگەو كەلتوورە جیاوازەكان داگیر بكات و ژیانی ئاسایی تاك بەشێوەیەكی گەوهەریی بگۆڕێت كە جارێكیتر هیوای گەڕانەوەیان لێنەكرێت.

جیهانگەرایی هاوكات ئەو گەلانەی ناچاركرد جارێكیتر چاو بگێڕنەوە بەبۆماوەو سیستمە باوەكان و دیدو بۆچوونیان راستبكەنەوە لەئاستی ئەو پەیوەندییانەدا كە ئەندامانی كۆمەڵگە پێكەوە دەبەستێتەوە، هەروەها روانینی خۆیان بۆ ئاییندەو خۆپێوە سەرقاڵكردنیان بگۆڕن، ئەوەی سەیرە ئەوەیە كە وێڕای گۆڕانكاریی و فرەییە جیاوازو بەردەوام و بێ وەستانەكان، هەندێك لەبیرمەندان پێیانوایە كە ئێمە لەسەرەتای قۆناغی گۆڕانكاریداین، بۆ گەیشتن بەوەی (ئەنتۆنی جیدنز)ی كۆمەڵناسی بەریتانی بەكۆمەڵگەی كۆزمۆ پۆلیتانی هەسارەیی ناوناوە (globl cosmopoli tan society) كە ئێمە نوێنەرایەتی نەوەی یەكەمی دەكەین، ئەو كۆمەڵگەیەكی تا ئەوپەڕی سنوور كراوەو ئاڵۆزەو گۆشەگیری لەجیهان نازانێت، زۆر دوورە لەگرمۆڵە بوون و قاوغبەستن و خۆ جیاكردنەوە لەبەرامبەر.

ئەم كرانەوە بێسنورەش بێگومان لەسەر حسابی نەریت و سیستم و بیرو باوەڕە بۆماوەكان دەبێت، كە بنەمای توندو تۆڵی ژیانە لەكۆمەڵگەی تەقلیدیی سەقامگیردا.

دیاره لەدەستدانی ئەم بنەمایە لەگەڵ گۆڕانكارییە كتوپڕو خێراو یەك لەدوای یەكەكاندا، مرۆڤ دەگاتە نێچیری گومان و نادڵنیایی لەبارەی هەلومەرج و ئایندەی خۆی و تەواوی جیهانەوە.

كەواتە بیرۆكەی بوونی ئایندەیەكی حەتمی سیما دیاریكراو كە پێشوەخت بەدڵنیاییەوە بناسرێتەوە چیدی لای زۆرینەی بیرمەندان و بایەخدارانەوە بەدواڕۆژی مرۆڤ و كۆمەڵگەو ئاییندەشەوە قبوڵكراو نییە، بەلای ئەوانەوە چەندین ئایندە لەپێشدایە، ئەوەی لەسەر مرۆڤەكانە بیكات ئەوەیە كە مەعریفەو بەهاو ئەزموونەكانی لەژیاندا بەگەڕ بخات بۆچاككردنی بوارو جۆرێتی ئاییندە، یان ئاییندەكان دەتوانێت لەگەڵیاندا گوزەران بكات.

پێكهاتەی ئەم ئاییندە لەیەك جیاوازانەش ژێربارى چەندین فاكتەری كارلێكەر دەبێت كە تێیدا بەها كەلتووری و هەلومەرجە سیاسی و بیرو باوەڕە ئایینی و سیستمە فێرخوازییەكان و توێژینەوە زانستییە پێشكەوتووەكان بەشدار بن، لەگەڵ گۆڕانەكانی بازاڕو كارەساتە سروشتییەكان و بەكارهێنانەكانی وزەو جەنگەكان و روداوە نائاساییەكان و هەندێك ئاراستەی ئایدلۆژی كە پێشتر نەبوون، بەڵام رەنگە بەرقەرار بن لەسەر بنەمای بەكارهێنانی توندوتیژیی لەمامەڵەكردن لەگەڵ بەرامبەردا، وەك حاڵەتی بزووتنەوەو رێكخراوە تیرۆرستییەكان، شانبەشانی خود هەستی ناوەكیی خەڵكی ئەم كۆمەڵگە نەچەسپاوەدا بەدڵنیا نەبوون بەئەگەرو توانای دامەزراندنی شێوازێكی كۆمەڵایەتی چەسپاو و هەستكردنیان بەنادڵنیایی لەئاستی تەواوی بیروڕاكانی بەردەست لەبارەی ئاییندەوە، رەنگە تاكە شتی یەقینی ئەوە بێت كە ئاییندە كۆپییەكی تەواوی ئێستا بێت، بەڵكو لەهەلومەرجەكانی ئێستادا چەندین لق و جۆرێتی و فرەیی دەبێت، كە ناتوانین پێشبینی بارودۆخەكەی و توانای خەڵكی لەكارلێك لەگەڵیدا بكەین، وێڕای جۆری ئەو كارلێكەو ئاسەوارەكانی؟!

**تراژیدیای نادڵنیایی**

کەواتە ئایندە پڕ دەبێت لەباری نادڵنیایی ڕێژەیی لەبارەی چەندین پرسەوە کە ناتوانین پێشبینییان بکەین‌و بەیەکجاری حوکومیان بەسەردا بدەین‌و لەزۆر باریشدا ڕەنگە لێشیان تێنەگەین.

لەهەندێك نووسین‌و کۆڕو سیمینارردا هەوڵدراوە گرنگترین ئەو حاڵەتە نادڵنیاییانە دیاری بکرێن کە ئەگەریان هەیە تاساڵی ٢٠٢٠ ڕووبەڕووی جیهان ببنەوە، بێگومان وروژاندنی ئەمجۆرە پرسەش هەمیشە کۆمەڵێك پرسیاری جیاوازکاری بووە لەبارەی ئەو پرسیارانەوە کە گومانیان لێدەکرێت‌و وەڵامی تەواو و یەکجارییان بۆ دەستەبەر ناکرێت.

بۆیە ئەوانەی لەبارەشیانەوە دەوتران، هەموو ڕاو بۆچوون لەسەر بنەمای ئەگەرو خەمڵاندن.

وەك حاڵەتەکانی پرسیارکردن لەبارەی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران، ئایا زیاتر بوونی پەیوەستییەکانی نێوان گەلان لەلایەك‌و جۆرەها کەرت‌و گروپ‌و توێژەکانی نێو یەك کۆمەڵگە لەلایەکی ترەوە، دەکرێت ببێتە ململانێکردنی حکومەتەکان و یاخیبوون لەدەسەڵاتداران؟

ئایا زیاترو بەرفراوانتربوونی ئاراستەگیرییەکان بەرەو ئایینداریی دەبنە هۆی هاتنە ئارای کێشە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی جیهان؟ ئایا ژمارەی خاوەن چەکی ئەتۆم زیاتر دەبن یا کەمتر؟ ئایا ململانێ‌و کێشە لەنێوان گەورە داهێنەراندا لەسەر داهات‌و سەرچاوە سروشتییەکان دەشێت نەمێنێت، بەتایبەتی ئەو سەرچاوەو داهاتانەی لەجیهانی سێیەمدا هەن؟ ئایا پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی ئاکاریی؟..هتد.

بەڵکو دڵنیا نەبوون لەدواڕۆژ ڕەنگە هاوکات ببێتە تەمومژاویبوونی هەڵوێستەکان لەئاستی هەندێك کاروباری پرسی ژیانی ڕۆژانەش، وێڕای جۆری ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان وڵاتاندا دەبەسترێن، ئەمەش وا دەکات دەرکردنی بڕیارە سیاسییە گرنگ‌و یەکلاکەرەوەکان کارێکی زەحمەت بێت‌و ببێتە کۆمەڵێك سیناریۆی شیمانە لێکراوی دامەزراو لەسەر گریمانەگەلێك کە ڕەنگە بەدی بێن

یان بەدی نەیەن، بێئەوەی بەدڵنیایی هیچ کامیان ببێتە حەتمییەتێك کە لەسەر زەمینەی واقیع بەرجەستە بکرێت، رەنگە باشترین نموونە کە بکرێتە بەڵگە لەمبارەیەوەو بیرۆکەیەکی روونمان بداتیٚ لەبارەی ئاستی نەبوونی دڵنیایی و دەرەنجامەکانی لەهاتنەئارای نەبوونی دیدێکی روون بۆ پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان، ئەو پرسیارانە نەبێت لەئاستی رابوونی هەر یەك لە(چین)و (هیند) سەریانهەڵداوە کە ئاخۆ ئەو رابوونەیان بەبیٚ کێشە سەر دەگرێت؟ ئایا سیستمی ئێستای جیهانی رێگە دەدات بەدەرکەوتنی هێزی دیکەی کاریگەر لەسەر ساحە جیهانییەکە؟ هەموو ئەم پرسیارانە وەڵامی تەواو، یان یەکڕایی و بڕیارێکی تەواو دڵنیا کەرەوەیان دەستەبەر نابێت، بەڵکو جیهان لەئاستیاندا دەستەوەستانن و دووچاری چەندین کێشە هاتووە لەئاستی چەندین ئەگەرو شیمانەدا کە هیچیان ناگەنە ئاستی دڵنیایی و بکرێت بوترێت ئایندە لەمشێوە هەلومەرجەدا بێت.

لەڕاستیشدا لایەنێکی زۆری ئەوەی ئێستا لەکۆنگرەو سیمینارەکاندا لەبارەی دوا رۆژەوە دەکرێت، تایبەتە بەدۆزینەوەو پەیبردن بەباشترین رێگە چارەکان بۆ خۆ دوورگرتن لەو دیدە نێگەتیڤانەی بەدەرن لەئەندێشەی ئەفرینەرانە لەبارەی جۆری ئەو بەهایانەی دەکرێت دڵنیا بین لێیان وەك بنەما مرۆییەکان، کە دەبێت لەکۆمەڵگەی داهاتوودا بچەسپێن، یان هەلومەرجی مرۆڤایەتی لەئاستی نەبوونی دڵنیایی بۆ زۆرێك لەکارو بارەکانی ژیان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە زۆربەی خەڵکی بگرە زۆربەی رێکخراو و دامودەزگا گەورەکانیش بەشێوەیەکی لۆژێکی و بەرنامەدار بیر لەفۆرمەکانی ئایندە ناکەنەوە، هەرچەندە هەوڵی بێسەرو بەرە هەن بۆ وێنەکێشانی هێڵەکانی ئایندەی شیمانەکراو، ئەگەر مرۆڤ سەرکەوتووبێت لەپەیبردن بەهۆکارگەلێکی کارا کە بەهۆیانەوە بتوانێت ئەگەر بەشێوەیەکی هەندەکیش بێت ئاراستەگیریی و کۆنترۆڵی روداوەکان بکات، بەڵام دوای ئەوەش پرسیار هەر دەمێنێت لەئاستی ئەو هێزو فاکتەرانەی لەدەرەوەی ویست و توانای مرۆڤدان و زۆر جاریش ئەم هێزو فاکتەرانە هەلومەرجی هێندە نویٚ و کتوپڕ دێننە ئارا کە بەبیری مرۆڤدا هەر

نەهاتووەو کاریگەریی گەورەشیان هەبووە یان دەبێت لەسەر رەوتی رووداوەکان، وەك گۆڕانەکان لەکەش و هەوادا، بەهەمانشێوە چەندین پرسیاری دیکە دەمێنێتەوە لەبارەی چارەنووسی رەگەزی مرۆڤایەتییەوە بەگشتیی، لەئاستی پێشکەوتن لەهەندێك لایەنەکانی زانستی پەیوەندیدا، بەپێکهاتەی فیزیکیی و بایۆلۆژیی و سایکلۆژیی مرۆڤدا، وەك دەرەنجامە دوورەکانی پرۆسەکانی کۆپیکردن و توێژینەوەکانی ئەندازەی بۆ ماوەیی، ئەوەی جێی مەترسییە لێرەدا، ئەوەیە هاوکات لەگەڵ بایەخدانی زانست بەپێشکەوتنی ماددی بەشێوەیەکی گشتیی جۆرێك لەخۆ بێئاگاکردن بگرە بەهەدەردان و بەها مرۆڤایەتییەکانی پەیوەست بەکیانی ئادەمیزادە بوونیان هەیە، کە دەبێت بەردەوام لەبەرچاو بگیرێن، وێڕای نەبوونی شتێکی دڵنیا لەبارەی ئەمجۆرە بەهایانەوە لەجیهانی دواڕۆژدا.

سەرچاوە: گۆڤاری العربی ژمارە(٥٨٢)ی مانگی مایۆی ٢٠٠٧

**دیالۆگ:**

# سارلماگۆ: ئەگەر باشترین نووسەری خۆم هەڵبژێرم، ئەوا بەبێ دوودڵی دەڵێم ئەو نووسەرە (فرانتز کافکا)یە

سازدانی: لوسی جیفرۆی
و.لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد



**بێگومان ژۆزێ ساراماگۆ-ی رۆماننوسی بەناوبانگی پۆرتوگال و جیهان و براوەی خەڵاتی نۆبل-ی ئەدەبیی ساڵی ١٩٩٨، پێویستی بەناساندن نییە، بەتایبەتی پاش ئەوەی رۆمانەکانی لەرێگەی وەرگێڕانەوە، بەشێکی زۆری زمانە زیندووەکانی جیهانیان داگیرکردووە، ساراماگۆ-ی رۆماننووسیان لەسەر ئاستی جیهان کردە خاوەنی خوێنەرگەلێکی هێندە زۆر، کە ئەستەم و مەحاڵە ژمارەیان بزانرێت، دوای ئەوەی ساراماگۆ بەم دواییانە رۆمانی (ئاشکرایی یان روونی: الوضوح)ی چاپ و بڵاوکردەوە، لەخانووە سادەکەی خۆی لەشاری (لیشبۆنە) پێشوازیی لەخاتوو (لوسی جیفرۆی) پەیامنێری پاشکۆی ئەدەبی (ئۆریان) کردو خانمی ناوبراویش ئەم دیدارەی لەگەڵدا ئەنجامدا.**

**رۆمانی (روونی) بەجۆرێک وەسفکرا کە گەورەترین رۆمانی تێکدەرانەیە کە تۆ نووسیبێتت، هۆکاری ئەم وەسفکردنە چییە؟**

لەکۆمەڵگەکانماندا بۆ سیاسییەکان و هۆیەکانی راگەیاندن، چەند پاڵنەرێك بوونیان هەیە، تاوەکو بێدەنگبن و دەمیان داخەن و هەندێك بابەتیش هەن وەك ئەوەی بەبەرگێك لەبێدەنگیی داپۆشرابن و لابردنی ئەم بەرگەش بریتیی دەبێت

لەکارێکی تێکدەرانە، لەبەرئەوەی لەڕۆمانی (روونی)دا فەنتازیای ئەوەم کردووە کە ڕێژەی (٨٠٪)ی دەنگدەران کاغەزی سپی دەخەنە ناو سندوقەکانی دەنگدانەوە، هەندێك کەس باوەڕیان وابوو کە من بەم کارە لایەنگری گشتاندن (تعمیم)ی دەنگدانی سپی دەکەم و دواتریش من دوژمن و نەیاری (دیوکراسی)م، من لەپێگەیەکدا نیم پاساو بۆ دەنگدانی سپی بهێنمەوە، بەڵکو هەموو ئەو کارەی هەوڵمداوە بیکەم، بریتییە لەجیاکردنەوەی ئەمجۆرە دەنگدانە لەشێوازی وازهێنان لەدەنگدان، چونکە ئەوانەی کە بەکاغەزی سپی دەنگدەدەن، بەدەست چوونەدەرەوە لەماڵەکانیانەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان ماندوودەبن، یاخود ئەمجۆرە دەنگدانە بەو مانایە دێت کە ئەوەی پێشنیازتانکردووە جێگەی گرنگیپێدانی من نییە، هەروەها مایەی شورەییە کە دەنگدانی سپی لەفەرەنسا بەخراپ و هەڵە دانرا.

**دەکرێت ڕۆمانەکەت، بەرەخنەیەکی سەرزەنشتکەریی سیستمێکی دیموکراسی دابنرێت، کە لەو دارماندایە، ئایا دیموکراسی لەتێڕوانینی تۆدا بەمەترسی دادەنرێت؟**

نەخێر، دیموکراسی بەمەترسی دانانرێت، بەڵام هەنووکە سیستمی دیموکراسی لەتوپەتکراو، گەندەڵە، بەڵکو هەتا بووەتە مایەی گاڵتەجاڕیی و ئێمەش لەناو حوکمی دەوڵەمەندەکاندا نووقم بووین، ئەگەر بزانین هاوولاتی بریتییە لەقوربانیی یەکەمی درۆ گشتێنراوەکە، جەنگ لەعیراق ئەگەر درۆیەکی مەزن نییە چی ترە؟. ئێمە لەسەردەمێکداین، کە بۆمان هەیە تێیدا مشتومڕ لەسەر هەموو کاروبارێك بکەین جگە لەدیموکراسی، دیموکراسی بەرەو کوێ ملدەنێت و ئایا مەبەست چییە لەدیموکراسی؟ ئەمانە ئەو دوو پرسیارەن کە بێگومان ئەگەر بیانخەینەڕوو دەگەینە پێداویستی و زەرورەتی ریفۆرمکردنی دیموکراسی، چونکە ئەرستۆ ئاماژەی بەوەداوە، کە لەسیستمی دیموکراسیدا پێویستە زۆرینەی پەرلەمان لەهەژارەکان پێکبێت، لەبەرامبەر کەمینەی ئەرستۆکرات و دەوڵەمەندەکاندا، بەڵام هەنووکە پێموایە کە ئەرستۆ لەکۆمیدیاو گاڵتەجاڕی رەشدا پێشڕەو بووە.

**لەسەرەتای رۆمانی (روونی)دا نووسیوتە: (بابەیەخ بەوەڕینی سەگەکە بدەین) لەکۆتایی رۆمانەکەشدا جاریکی تر ئاماژەت بەو سەگە داوەتەوە کە دەوەڕێت، ئایا ئەم سیمبول و ئاماژانە چین لەڕۆمانەکەتدا؟**

ئەو سەگەی کە دەوەڕێت، بریتییە لەتۆو من و هەموو خەڵکی، کەسێکە کە بەدرێژایی ژیانی زمانی بەقسەکردن کول بووە، لەگەڵ ئەوانەدا کە قسەکردن بەس نییە لەگەڵیاندا، لێرەوە وەڕین دەبێتە پێداویستی، لەکۆتایی رۆمانەکەشدا سەگەکە دەوەڕێت، چونکە شاهیدی بینینی تاوانێکە، کە دەکرێت بەتاوانی دەوڵەت دابنرێت، هەروەها لەپاڵ سەگەکەشدا، کەسێکی کوێر هەیە، کە بێزارە لەو سەگانەی کە دەوەڕن، بەمجۆرە، وێنەی ئەو حاڵەتە دەکێشم، کە چۆن هەر کەسێك نەیەوێت حەقیقەتی شاراوە کە لەبەرچاویدایە ببینێت، لەئاستیدا چاوەکانی دادەخات، هەروەها لەگۆشەنیگای ئەدەبییەوە بیرۆکەی کۆتایی رۆمانەکە کە بەوەڕینی سەگێك کۆتایی پێدێت، گونجاو و شایستەیە، ئەم وێنەیەش سیمبولێکە بۆ پرسیاری (مانای ژیان چییە؟) کە لەهەموو رۆمانەکانمدا خستوومەتەڕوو.

**لەواقیعدا گەلێجار سەگ لەڕۆمانەکانتدا کاراکتەرێکی سەربەخۆیەو هەندێکجاریش خاوەنی هێزی ئەفسوناوییە، ئایا لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟**

بەڵێ، بەلای منەوە سەگ بەبەرجەستەکەری بێگەردی و بەرائەتی مەعنەوی دادەنرێت، چونکە لەڕۆمانی (روونی)دا بەهانای خانمەکەی خاوەنییەوە دەچێت و فرمێسکەکانی دەوەرێنێتە سەر کولمەکانی، کاتێکیش ماڵئاوایی لەم جیهانە دەکەم و پێش ئەوەی کتێبەکەم بچێتە خانەی لەیادکردنەوە، پێمخۆشبوو (سەگی فرمێسك-کلب الدموع) وەك کاراکتەرێکی نەمر بمێنێتەوەو ئامادەیی هەبێت، من بەداهێنانی کاراکتەری ئەم سەگەو هەروەها بەبەخشینی ناوێکیش بەو زۆر دڵخۆشم.

**تۆ بەشداری شۆڕشی (القرنفل)ی ساڵی ١٩٧٤ت کرد، کە بووە هۆی تێکشکاندنی رژێمە دیکتاتۆرەکەی سالازار، هەروەها هەرگیز**

**پابەندبوونە سیاسییەکانی خۆتت نەشاردووەتەوە، ئایا هێشتا ئەندامی حزبی کۆمۆنیزمی؟**

بەڵێ، تۆ پرسیاری ئەوەم لێدەکەیت کە چۆن توانیومە وەك کۆمۆنیزمێك بمێنمەوە، لەدوای تێپەڕبوونی نزیکەی بیست ساڵ بەسەر رووخانی دیواری بەرلیندا!، زۆر بەئاسانی دەڵێم لەبەرئەوەی کە من هەرگیز نەمتوانیوە ببمە لایەنگری سەرمایەداریی، ئایا بەهۆی هۆرمۆنەکانەوە نییە کە ریش گەشەدەکات، کەواتە بڵێ منیش بەپێی هۆرمۆنەکانی کۆمۆنیزمم، چونکە لەناوەوەمدایەو ناتوانم دەریبکەم، بەهەمانشێوە کۆمۆنیزم حاڵەتێکی فکریشە، هەریەك لەبێژنێف و ستالین و زۆر کەسی تر، خێرا حاڵەتە فیکرییە کۆمۆنیستەکەی خۆیان لەدەستدا، ئەوەش دەرئەنجامەکەی بوو، بەڵام سەبارەت بەچین، لەوە گەڕێین کە بەوڵاتێکی کۆمۆنیزمی دابنێین، چونکە لەچین ماوەی چەند ساڵێکە، ئابوورییەکی سەرمایەداریی بەئیمتیاز پەرەی سەندووە.

**لەرۆمانی (روونی)دا، کاراکتەرێکی مێینە بوونی هەیە، کە بەهێزە مەعنەوییەکەی و بەملکە چنەبوونەکەی جیادەکرێتەوە، هەروەها لەرۆنانێکی ترتدا، کەسایەتییەکی دیکەی ژن بەدیدەکرێت، کەنهێنی دڵ و دەروونی بوونەوەرەکانی تر دەزانێت، ئایا ژن کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر ژیانت بەجێهێشتووە؟**

سەرەتا دانبەوەدا دەنێم، کە من ژیانم زۆر خۆشدەوێت، پێشموایە کە لەپیاوان، بەهێزترو ناسکترو بەئاگاترن، بەڵام تەواوی ژنانی جیهان بەمشێوەیە نین، بەڵکو دەڵێم کارێکی ئاسانە، کە خەسڵەتە ئینسانییەکان، زیاتر لەژناندا بدۆزینەوە، وەك لەپیاوان، چونکە پیاوان هەژموونی خۆیان بەسەر هەموو دەسەڵاتە سیاسی و ئابووریی و سەربازییکاندا سەپاندووە، هەروەها بەدرێژایی چەندین سەدە، ئاقرەت بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك ناچار بووە مۆڵەت لەهاوسەرەکەی یاخود لەباوکی وەربگرێت، چۆن بەدرێژایی ئەو ماوەیە توانای ژیانمان هەبووە، کە لەسەرزەنشتکردن و ملکەچپێکردن، فەرمانڕەوا بووین بەسەر نیوەکەی تری مرۆڤایەتییەوە؟ لەرابردوودا کێشەی پێکەوەژیانی پیاوان و ژنان لەئارادابووە، لەئەمڕۆشدا بووەتە کێشەی جوولەکەو فەلەستینییەکان تا

هەنووکەش لاوازی خەڵکی لەسەر پێکەوە ژیان بەپێی بنەمای ڕێزگرتنی یەکتری دووچاری شۆکم دەکات، وەك ئەوەی کە بەرامبەر بەناچاری دوژمن و نەیار بێت، لەکاتێکدا ئاشکرایە، کە بەرامبەر بریتییە لەئەودیوی و بەئاسانیش وەك (من) وایەو مافی ئەوەشی هەیە کە بڵێت (من–أنا).

**ئایا وا دەتبینن، کە پێدانی ئەم پێگەیە بەژنان لەڕۆمانەکانتدا، بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەرییە لەگەڵ ئەواندا؟**

لەڕاستیدا دەوترێت من پشت بەمە نابەستم، چونکە کاتێك دەچمە ناو نووسینی ڕۆمانێکەوە، بەهیچ جۆرێك بەدوای کاراکتەرێکی مێینەدا ناگەڕێم، چونکە ئەوە چیرۆکەکەیە کە بوونی هەر کاراکتەرێك دەسەپێنێت، کاتێك دەبینم ئافرەتێك بەڕوانینی وردو بەوپەڕی هێزەوە پێیەکانی دەخاتە ناو تێکستەکەوە، زۆر بەسادەیی پێی دەڵێم، بەئاسانی هاتیتە ناوەوەو جێگەی خۆتت کردەوە.

**لەڕۆمانی (ڕێنمایی خەت و وێنەکێشان)دا، چیرۆکی پیاوێك نمایشدەکەیت کە پرسیار لەمەڕ بنەماکانی هونەر دەکات، چونکە لەڕۆمانەکەدا بەڕێز (ئوش) ئەو شێوەکارەیە کە نووسین دەبێتە تەواوکەری، تۆ بۆچی هەر بەتەنیا نووسەریت؟**

لەو باوەڕەدام کە نووسەر لەپێناو خودی خۆیدا دەنووسێت، چونکە بوونی نووسەر بۆ ئەوە نییە، کە جیهان لەنەهامەتیی بپارێزێت، هەروەها نووسەر لەگەڵ خوێنەردا درێژە بەکۆمەڵێك رایەڵ و پرد دەدات، ئەو ڕۆژە پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان خوێنەرو نووسەردا دروست دەبێت، کە خوێنەر خۆی لەو تێکستەدا بدۆزێتەوە کە دەیخوێنێتەوەو بیر لەوە بکاتەوەو بڵێت: (گەر منیش بمزانیایە بنووسم، ئەوا هەر ئەمەم دەنووسی)، چونکە کتێب پردێکی تاکە ئاراستەیە، کە لەخوێنەرەوە بەرەو نووسەر دەڕوات و وابەستەبوونێکی سۆزدارانە لەنێوانیاندا دادەمەزرێنێت.

لەواقیعدا بەگونجاوی دەزانم، کە هەندێك نامەی خوێنەران بخرێنە ناو چاپی کۆی بەرهەمی نووسەرانەوە، کاریگەرییەکەش لەوەدا نییە کاتێك خوێنەر ناوی کتێبێك بەرێت، کە پێی سەرسامە، بەڵکو کاریگەرییەکە لەوەدایە کە خوێنەر دەربارەی کتێبەکە بدوێت، بۆیە لەو کاتەدا جگە لەهەڵڕشتنی فرمێسکی

کەریگەریی هیچی ترت لەدەست نایەت، چونکە بوونی مرۆڤایەتی لەوێدایە لەناو ئەو پنتانەدا پەرش و بڵاوبووەتەوە.

**تۆ یەکێکی لەوانەی کە بە(فرناندۆ بسوا)ی شاعیری پورتۆگالی سەرسامیت، کە بوو بەئیلهامبەخشی یەکێک لەڕۆمانەکانت بەناونیشانی (ساڵی مردنی فرماندۆ رەییس)، کە تۆ تێیدا فەنتازیای ژیانی یەکێک لەکاراکتەرە خەیاڵییەکانی ئەو دەکەیت، بەشێوەیەکی گشتی مامۆستاکانی تۆ لەبواری ئەدەبدا کێن؟**

ئەگەر بتەوێت وێنەی درەختی خێزانە فیکرییەکەی خۆمت بۆ بکێشم، ئەوا تێیدا هەریەك لەگۆگۆڵ و کافکاو مۆنتانیۆو سێرڤانتس، دادەنێم، سەرەڕای دانانی (ئەنتۆنیوڤییل) کە نووسەرێکی پۆرتوگالی، یەسوعی سەدەی حەڤدەیەمەو بەبۆچوونی من هیچ نووسەرێك هێندەی ئەو جوانتری نەنووسیوە بەزمانی پورتوگالی، بەڵام ئەگەر بتەوێت نووسەری تایبەتی خۆم هەڵبژێرم، ئەوا بەبێ هیچ دوودڵییەك دەڵێم ئەو نووسەرە (فرانتز کافکا)یە، دیارە بەشێوەیەکی سروشتی فۆکنەرو پروست و هەندێك نووسەری تریش هەن، بەڵام بەتێڕوانینی من کافکا دیارترین رۆماننوسی سەدەی بیستەمە، چونکە ئەو بانگەشەی سەرهەڵدانی زەمەنێك دەکات، کە ئێمە هەنووکە تێیدا دەژین، ئەویش زەمەنی بیرۆکراتییەتی رەهایە.

**ئایا نووسینی ئەدیبە هاو چەرخەکان دەخوێنیتەوە؟**

لەئێستادا من رۆمانی (دەرگای خۆر)ی نووسەری لوبنانی ئیلیاس خوری دەخوێنمەوە، کە ئەویش رۆمانێکی تازەیە، هەروەها رۆمانی (جامی خۆشەویستی) ژنە نووسەری کوڵۆمبی (لۆرا ریستربۆ)م خۆشدەوێت، بەڵام لەفەرەنساو ئیتاڵیا هەندێك نووسەری کەم سەرنجیان راکێشاوم و بەدڵم بوون، بەداخەوە ئەدەبی سووك و بێ ئەرزش، کتێبخانەکانی داگیرکردووە، گرفتەکەش لەوەدایە کە من چیتر کاتێکی وام نییە بۆ خوێندنەوە، چونکە من سەرلەنوێ ئەو کتێبانە دەخوێنمەوە کە پێشتر خوێندومنەتەوە، پتر لەوەی کە بەدوای کتێبی تازەدا بگەڕێم، هەربۆیە من لەئێستادا جارێکیتر لەناو خوێندنەوەی کتێبە ناوازە

هونەرییەکـەی (جـایمس بۆسـۆیل)دا بـەناوی (ژیـانی سـامۆئیل جۆنـسۆن)دا ڕۆچووم.

**وادیارە دوایەمین ڕۆمانت لەچاو ڕۆمانەکانی پێشووترتدا پتر واقعییە، ئایا چۆن ئەم پەرەسەندنە لەنوسینەکانتدا، شیدەکەیتەوە؟**

لـەو بـاوەڕەدام کـە ڕۆمانەکـەم (ئینجیـل بـەپێی یەسـوعی مەسـیح-١٩٩٢)، وەرچەرخانێکی دروستکرد، چونکە ئەگەر هەموو ڕۆمانـەکانی رابردووم لەسـەر ئاستێکی نزیك لەوەدا هاوبەش بن، کە لەبارودۆخێکی پوچگەرایی وەك (پـەتاو کـوێری و... هتـد) دەست بـەڕێڕەوی خۆیـان بکـەن، ئـەوا مـن لـەو بـاوەڕەدام کـە لەڕۆمانـەکانی دواترمـدا، پـتر لـەوەدا قووڵبوومەتـەوە کـە ویـستوومە بیڵـێم، دواجاریش وام کردووە ئـەم بیرۆکەیـە، بیرۆکەیـەکی وێنـەیی بێت، لەگەڵ وێنـەی پەیکەرو بەرددا، چونکە پەیکەر نمایشی ڕواڵەت و بەردیش نمایشی کەرەستەو ماددەکە دەکات، هەروەها بەر لەڕۆمانی (ئینجیل بەپێی یەسوعی مەسیح)، جگە لـەرووکارو ڕواڵـەت وەسـفی هیـچی تـرم نـەکردووە، پاشـان زیـاتر بـەناو ڕۆحـی مرۆڤایەتیدا قووڵبوومەتەوە، بەجۆرێك کە بەرد نەیزانیوە ئەو پەیکەرە.

**لەساڵی ١٩٩٢داو لەئاکامی چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (ئینجیل بـەپێی یەسوعی مەسیح) کە حکومەتی پورتوگال وەک لەکەدارکردنی کەلەپووری ئـاییني پورتوگالییـەکان گوزارشـتی لێکـرد، دوورخرایتـەوە بـۆ دورگـەی کەناری، ئایا لەسەر بڕیـاری دورخـستنەوەکەت ڕۆژێـک لـەڕۆژان خـەمبارو بێزار نەبوویت؟**

مـن وەك (سـەلمان ڕوشـدی) نـەبووم!، ڕۆمـانی (ئینجیـل بـەپێی یەسـوعی مەسیح) لـەکاتی بڵاوبوونەوەیـدا بڕیـاربوو، کـە بەشـداری پێشبڕکێی خـەڵاتێکی ئـەدەبی ئـەوروپی بکـات، بـەڵام حکومـەتی پورتوگـالی، تۆمـارکردنی ڕۆمانەکـەی ڕەتکـردەوە، ئەمـەش وەك لـەڕابردوودا گوتوومـە، ڕەفتـارێکی نەفامانـەبوو، ئـەم کێشەیە لەپەرلەماندا بۆ مشتومڕکردن خرایەڕوو، دواتریش (بیلار)ی هاوسەرم، پێشنیازی دەستەبەرکردنی خانوویەکی لە (لانزاروت) بۆ کردم کە بڕۆین لەوێ بژین، پەرچەکرداری یەکـەمی نێرگەراو نموونـەی من، ڕەتکردنـەوەی پێشنیازی هاوسـەرەکەم بـوو، بـەڵام پەرچـەکرداری دووەمـم ئـەوەبوو کـە ئێمـە بـاس لـەو

مەسەلەیە دەکەین، ئەمە لەکاتێکدا کە پەرچەکرداری نێرگەرایی سێیەمم ئەوەبوو، کەئەم بیرۆکە چاکە بگێڕمەوە بۆ خودی خۆم (پێدەکەنیٚ)، ئیدی ژیان بۆمن لەویٚ خۆش بوو، لەناو ئەو خانووە پەراوێزەدا، کە لەناوەڕاستی نادیاردا بوو، بەڵام لەوێش من هەرگیز پەیوەندیم لەگەڵ وڵات و زێدی خۆمدا نەپچڕاند، چونکە من خانوویەکیشم لەزێدی خۆم هەبوو، کە زۆرجار دەگەڕامەوە ناوی.

**هەنووکە کار لەسەر چی دەکەیت؟**

بڵاوکردنەوەی دوایەمین کتێبم (یادەوەرییە چکۆلەکانم)، کە پێکهاتووە لەو یادەوەرییانەی خۆم، کە دەکەونە نێوان تەمەنی (٦) ساڵی تاوەکو (١٥) ساڵی تەمەنمەوە، کە لەئەمریکای باشوورو ئیسپانیاو ئیتاڵیا بڵاوبوونەتەوە، گریمانەی ئەوەش دەکرێت کە بەم نزیکانە بۆ زمانی فەرەنسیش وەرگێڕدرێت.

هەروەها بیرۆکەیەکی تازەشم لەلا گەڵاڵە بووەو دەستم بەنووسینی چەند سەرە قەڵەمێك کردووە، بەڵام هێشتا کاتی نووسینیان نەهاتووە، هەروەها وەکچۆن بەردەوام دەڵێن مەرجی یەکەمی نووسین بریتییە لەدانیشتن، وابزنم بەم نزیکانە کاتی ئەو چرکەساتە چێژبەخشە دێت، کە خۆی لەدانیشتن لەسەر مێزێك و رۆچوون بەناو نووسیندا دەنووێنێت، بۆئەوەی لەبەهاری داهاتوودا، وەك خوازیارم کتێبەکەم تەواو بکەم، ئەم کتێبە تازەیە ناکرێت تێکستێکی شانۆیی یاخود کۆمەڵە وتارێك بێت، بەڵام جگە لەوەی کە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کەدەکرێت کتێبە تازەکەم کتێبێکی ناڕەحەت و ئەستەم بێت و لەوانەیە دواکتێبیشم بێت، هیچی تری لەبارەوە نادرکێنم.

وەك ئەوەی دەرگایەك دابخرێت و لەو باوەڕەشدا بووم کە دوایەمین کتێبی خۆمم لەنێو دەستەکانمدا هەڵگرتبێت، بۆیە ئەم حاڵەتە زۆر بەتوندی بێزاری کردوم، بەڵام هەنووکە دەزانم کە ئەمە دواکتێبم دەبێت کە رۆژشنایی بەخۆیەوە ببینێت، چونکە ئاسان نییە لەتەمەنی هەنووکەی مندا پێشبینی ئاییندە بکرێت، لەبەرئەوەی دەکرا لەحەفتا ساڵی تەمەنمدا بڵێم، کاتێك دەگەمە تەمەنی هەشتا ساڵیی، بەڵام لەهەشتاو چوار ساڵی تەمەنمدا دەکرێت چی بڵێم؟.

**(مەرگ نەبەزیندویی و نەبەمردوویی، هیچ بایەخێکی نییە بۆ تۆ، چونکە لەکاتی ژیانتدا تۆ بوونت هەیەو کاتێکیش دەمریت ئیدی بوونت**

**نامێتێت) -مۆنتانیۆ- دەبارەی مەرگ ئەمە دەنووسێت، ئایا پێتوایە ئەم دەربڕینە نمایشی تۆش بکات؟**


وەکچۆن بەردەوام گوتومە: کە دەژیت، پێویستە کەبشمریت، باوك و دایك و براکەم هەموویان مردن و رووداوەکانیش هەر رووداون و کەسیش قودرەتی گۆڕینی ئەو رووداوانەی نییە، چەند ساڵی تر لەتەمەنم ماوە، سێ یان چوار یاخود پێنج ساڵ، لەمردن ناترسم، بەڵکو خوازیارم هەتا دواڕۆژی ژیانم توانای نووسینم هەبێت، چونکە نووسین لەم جیهانەدا پێگەو شوێنگەیەکی بۆ داگیرکردم، رۆجیە مارتن دوگار-ی نووسەر دەڵێت: (ژیانی جوان شایستەی کتێبێکی جوانە)، من پێمخۆشە کە ناتوانم بیر لەهیچ شتێکی تر بکەمەوە جگە لەکتێبێکی جوان کە ژیان لەسەر ئاستێك لەجوانی بخرێتەسەری کە بەهاوسەنگی کەسیەتی راست و دروست جیا بکرێتەوە، ئاشکرایە (ئیدواردۆ لۆرنسۆ)ی نووسەری پورتوگالی ژیانی منی بەپەرچوو (معجزة) وەسفکردووە، چونکە من بۆ ئەوە لەدایکنەبووم کە خەلاتی نۆبڵ بەدەستبهێنم، بەڵکو لەخێزانێکی جوتیاردا لەدایکبووم، بۆئەوەی وەك جوتیارێك پێبگەم و پیر ببم، بەلام لەگەڵ کۆچی باوکمدا بۆ شاری (لیشبۆنە) بەخت یاوەرم بوو. بۆیە ئەمڕۆ بەکارەکەم بەختیارو دڵخۆشم و بەو نارەحەتییەش کە لەژیانمدا بەدەستییەوە نالاندوومە دڵخۆشم، وەك چۆن بەناسینی هاوسەرەکەشم بەختیاربووم، لەکاتێکدا کە من لەتەمەنی شەست و سێ ساڵی و ئەویش سی و شەش ساڵ بوو بەیەکگەیشتین، ئەمەش پاڵی بەزۆر کەسەوە نا بۆ زۆر بلێیی، بەلام ئەو ئافرەتێکی چاکبوو، لەئەمڕۆشدا دەتوانم شایەتی بدەم کە بەختەوەری بوونی هەیە.

*سەرچاوە: رۆژنامەی (الحیاة)ی رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٥

# ئەڤینداریێکی شیعر

ن: پۆل ڤالێری*

و. لەسویدییەوە: هەندرێن



ئەگەر من لەهێکڕا لەبیرکردنەوەی خۆمەوە رابمێنم، ئەمە واملێدەکات کە بێ خەمڕەوێنێک خەمی ئەو ئاخاوتنە ناوەکییە بێ خاوەنە یان بێ بنەچەکەیە، ئەو وێنا بێ مانایانە، ئەو ئەرکە بێکۆتاییانە هەڵبگرم کە لەتوانای خۆیاندا پچڕاون، کە لەشتێکەوە بۆ شتێکی تر دەگۆڕێن، بێئەوەی هیچ گۆڕانێکیش رووبدات. ئەو بیرکردنەوەیە لەسروشتی خۆیدا، پەرش و بڵاوە، بێئەوەی وا خۆشی بنوێنێت، یەکسەر لەچاوتروکانێکدا نەک رەمەکییانە، ئەو بیرکردنەوەیە شێوازێکی گەرەکە.

لێ من هەموو رۆژێک لەتوانامدا نییە کە تواناکانم بۆ بەشێک لەشێوەکانی نیشانبدەم، یان ئەو بەرەنگارییە روحییە رابگەیەنم، کە لەبری سەرهەڵگرتنە لەتوانابەدەرەکەم، توانی لەدەسپێکدا کاریگەرییەک، دانسقەییەک، کۆتاییەک ببەخشێت.

شیعرێک چەشنە شوێنکاتێکە، کە من وەک خوێنەرێک، بەهاوئاهەنگییەک لەگەڵ قانوونێکی ئامادەکراودا هەناسە دەکێشم، من هەناسە و چۆنییەتی

دەنگم، یان تەنیا وزە ناوەکییەکەی پێدەبەخشم، کە وا لەخۆی رادەبینێت لەگەڵ بێدەنگییدا یەکبگرێت.

ئەز بەناو بزوانێکی ئەسپ ئاسای دڵڕفێندا دادەڕمێم: بخوێنەوە، لەو شوێنەدا بژی کە پەیڤەکان سەنگی خۆیان هەیە، شێوەی بەرجەستەکراویان نووسراونەتەوە، دەنگە لێکچووەکانیان مشتومالکراون، لەرینەوەکانیان دوای رامانێکی پێشتر لێکچنراون، لەکۆپلە کۆپلەی جوانڕێژییاندا یان پاکیاندا، لەزرینگانەوەکاندا دەگەشێنەوە، تەنانەت ناچاوەڕوانییەکانیشم روودانیان شیاوە: پێشتر حەشاردراون، بەشێك لەیەکاتییەکەی پێکدەهێنن.

ئەو نووسینە چارەنووسسازە وزە بەخشە، ئەگەر یادوەرییەکەشم بێڕێزانە بەئاییندەیەکی هەمیشەی کێش و سەرواکان بەند بێت، ئەوا من وشە لەدۆخی هێزە کرێتییەکەشیدا ئەزموون دەکەم، چونکە من دەمێك بوو چاوەڕوانی ئەو لەپێوانەبەدەرییەم دەکرد، ئەو پێوانەیە، کە من رەنگ دەکەم مەستم دەکات، لەڕاست و چەوتیدا پەنام دەدا، گومان دوو لەتم ناکات، بگرە ئاوەزیش ئازارم نادات، رێککەوت نییە، وەلێ بەختێکی دانسقەیە کە تەنیا تۆکمەتر دەبێت، من بۆ ئەو سەرکەوتنە بێ هەوڵدان زمان دەدۆزمەوە، بەکۆمەکی کەرەسەوە دەهەزرم، بیرکردنەوەیەکی بێ دوودڵیی، زانایییەکی کارامە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنێکی پێشتری دەریچەکان، دوور لەسێبەرە بێ مەبەستەکان، کە لەگەڵ ئاراستەکەیاندا ناچارم دەکەن و تا لێوانڕێژم دەکەن: بیرکردنەوەیەکی نموونەیی دانسقە.


دەقێکی ڤالێری

(*) پـۆل ڤـالێری (١٨٧١-١٩٤٥) ئـەو شـاعیرەیە کـە بەیـەکێك لـەزرنگترین شاگردو نزیکترین هاوڕێی مالارمێی شاعیر دەناسرێت. دەڵێن ڤالێری لەکاتی بەخاکسپاردنی مالارمێـدا هێنـدە گریـا بـوو هـەتا نـەیتوانیبوو ژێـر بێتـەوە. سیمبوولیزم لەشیعری ڤالێریی گەنجدا دەگاتە ترۆپك، ڤالێری لەساڵی ١٨٩٢ەوە کە ئەوکات تەمەنی بیست و یەك ساڵ دەبێت واز لەشیعر دەهێنێت و لەبری شـیعر بیـست سـاڵ لەتەمـەنی خـۆی، وەك خـۆی دەیگـوت، بـۆ "خەملانـدنی بیرکردنەوەکەی" تەرخاندەکات، پاشان وەك ئەوەی هیچ شتێك رووی نەدابێت، دەسـتدەکاتەوە بەنووسـینی هـەمان شـیعرە زرینگـاوە جوانـەکانی خـۆی، دواجاریش لەئاکادیمیای فەرەنسیدا هەڵدەبژێردرێت.

سەرچاوە:

گۆڤـاری "Pequod"، ژمـارە ٤٠، ٢٠٠٧. گۆڤـارێکی ئـەدەبیی و هونەرییـە بەزمانی سویدی دەردەچێت، ئەم دەقەی ڤالێری لەلایەن دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارەوە لەفەرەنسییەوە کراوە بەسویدی.

**بەشی شەشەم**

**دەروازەی چوارەم**

# گەورە تراژیدی نووسان

**نووسینی: باکنەر ب . تراویك**

**و: حەمەکەریم عارف**

**ئورپیدس (٤٨٥- ٤٠٨ پێش زایین):**

**شاعیری تراجیدیخوانی ئاتینییە. لەدورگەی سالامیس و شایەدا لەڕۆژی سەرکەوتنی مەزنی دەریاییدا"٢٢" هاتووەتە دنیاوە. لەقسان زۆرانبازو بۆکسەریش بووە. وادیارە لەبەر ئەوە بووە کە بابی بۆ وەرزش هانیداوە. لەگەنجیدا ماوەیەکیش خووی داوەتە نیگارکێشیی. ئورپیدس یەکەمین شانۆنامەی خۆی لەساڵی ٤٦٢ پێش زایین نووسیوە، لیٚ هیچ شانۆنامەیەکی تاساڵی ٤٥٥ پێش زایین دەرنەهێنراوە. وا باوە کە سەفەری ئاتینی کردووەو لەشاگردانی ئاناکساگوراس"٢٣" پروتاگوراس"٢٤"، و سوکرات بووە. لەقسان ئورپیدس گرفتاری کێشەێن زەوجین بووەو لەشکەفتێکی کەناری سالامیس وەکو عابیدان رۆژگاری قەتاندووە. لەدەوروبەری ساڵی ٤٠٩ پێش زایین لەمەقدونیا رێی کەوتووەتە دەرباری ئارکلایوس، و سەرەنجام لەساڵی ٤٠٨ پێش زاییندا گوایە سەگە راویەکانی ئارکلایوس کوشتوویانە.**

**تازەگەرییەکانی:**

**گرنگترین داهێنانی ئورپیدس لەواری شانۆنامەی یۆنانیدا :**

**١- کەمکردنەوەی بایەخی گروپی کورالٚ.**

**٢- سوود وەرگرتنی زیاتر لەو پێشەکیەی کە لەشێوەی مەنەلۆگی سەرەتای نمایشدا کە راستەوخۆ تەماشاڤانان دەدوێنێت.**

**٣- سوود وەرگرتن لەئەشقی رۆمانتیکی وەکو ناواخنی سەرەکی نمایش.**

**٤- سوود وەرگرتن لەمونودی.**

**بەرهەمەکانی:**

**نزیکەی نەوەد شانۆنامە دەدرێتە پاڵ ئورپیدس، لێ تەنیا هەژدە شانۆنامەی وی وەکو: منالانی هەرکول، ئاندروماك، هیکاپ، و ژنانی شینگێڕ لەبەر دەستدایە. شانۆنامەی دیکەی وی بریتییە لە:**

**ئالستیست (دەوروبەری ٤٣٨ پێش زایین):**

**چوارەمین بەشی شانۆنامەیەکی چوار بەشییە (تترالوجی) کە جێی درامای ساتیرێکی گرتووەتەوە. ئەم شانۆنامەیە تراجیدی –کۆمیدیەکی ریالیستییە کە چەندین دیمەنی خەندەداری (وەکو جوێنە مەستانەکانی هەرکول–ی تێدایە)و ئەنجامێکی خۆشی هەیە. بابەتی شانۆنامەکە بریتییە لەچاکبوونەوەی ئادمیتوس لەئەنجامی مەرگی ژنەکەیدا کە ئالسیست–ە کە بە تاسەوە گیانی خۆی فیدای نەجاتی گیانی شووەکەی کردووە. کەسایەتی ئالسیست، کە لەکۆتایی شانۆنامەکەدا بە دەستی هەرکول لەهادیس (بنکی دۆزەخ) رزگار دەکرێت، بە جۆرێکی کاریگەرو واقعی پەروەردە کراوە.**

**میدیا (٤٣١ پێش زایین):**

**یەکێکە لەناودارترین و دڵگیرترین شانۆنامانی یونانی و شاکاری ئورپیدس–ە، بابەتی شانۆنامەکە بریتییە لەسەرکردنی هەستێن مینا تورەیی و حەسودی کە لەگینە بەسەر ئاوەزدا زاڵبن و ئادەمیزاد بەرەو کاری نامرۆڤانی، کارەسات و خۆکوژی بەکێش بکەن. میدیا کە ژازونی مێردی ئەوی تەرك کردووە، دەکەوێتە بیری تۆڵە ئەستاندنەوە. گلۆسە–ی ماشوقەی تازەی شووەکەی دەرمانخواردو ئەو دوو منالەی خۆی کە لەژازون– بوونی دەکوژێت و پاشان جەنازەکانیان دەخاتە بەردەمی مێردەکەی. لەم شانۆنامەیەدا سیمای میدیا کە لەنێوان مەنگەنەی خۆشەویستی منداڵەکانی و نەفرەت لەبابی منداڵەکانیدا گیرۆدە بووە، وەستایانە وێنە دەگیرێت. ئورپیدس لەکۆتایی شانۆنامەکەدا دیمەنێکی دڵگیرو سەیر دەخولقێنێت: میدیا بە گالیسکەیەك کە چەند ئەژدیهایەکی باڵدار رایدەکێشن بەرەو ئاتین هەڵدێت.**

## هیپولیتوس یان هیپولیت (٤٢٨ پێش زایین):

پاشماوەی تترالوجییەکە کە خەڵاتی پێ بڕابوو (سێ بەشەکەی تری لەبەین چوون)، ئەم بەرهەمە کاری کردووەتە سەر نووسەرانی وەکو: ئوڤید، سنکا، راسین، و دانونزیو. بابەتی شانۆنامەکە بریتییە لەمیانڕەوی لەئەڤینداری و زاڵبوون بەسەر هەستو سۆزی خۆدا. تزەیوس و فەدرا لەهەڵچوونیاندا ئەوپەڕی توندڕەوی دەنوێنن، و هیپولت ئەوپەڕی توندڕەوی کە ئەرستۆ(نوقستانی)ناو ناوە نیشاندەدات. کاتێك هیپولت-ی کوڕی تزەیوس، ئەشقی فەدرای ژنی بابی رەت دەکاتەوە، فەدرا دەست بە خۆکوژیی دەکات و لەیاداشتێکدا کە بۆ تزەیوس-ی بەجێدێڵێت هیپولیت بەوە تاوانبار دەکات کە دەست درێژی کردووەتە سەری. هیپولیت بە دەستی پوزیدونو لەسەر داوای تزەیوس، کە زۆر درەنگ پەی بە حەقیقەتەکە دەبات، دەکوژرێت.

## هەرکولی تورە (دەوروبەری ٤٢٢ پێش زایین):

شانۆنامەیەکی سیاسییە کە ستایشی ئاتین وەکو بە هەشتی بەدبەختان و دوور خراوان دەکات. ئەم شانۆنامەیە هەر چەندە تا رادەیەك لەئاستێکی نزمدایە، بەڵام لەبارەی تۆژینەوەی رەنج و ئازایەتیەوە بایەخی جیهانی هەیە. هەرکول، لۆکۆسی داگیرکەر دەکوژێت و بە خۆشی لەئەنجامی ئەو کارەوە دووچاری شێتی دەبێ. تزەیوس بۆ ئاتین -ی دەبات و هەرکول لەوێندەر پاك دەبێتەوەو تەسەلای دێ.

## یون (دەوروبەری ٤١٧ پێش زایین):

میلودرامایەکە کە لەسەر بناغەی هاڕوژاندن رۆنراوە. ئەم شانۆنامەیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە یونییەکان بە وەجاخی خودایان بژمێرێت و خزمایەتیان لەگەڵ یونانیانی ئاتیندا نیشان بدات. زیاتر هەست دەوروژێنێت تا تراجیك بێت، بەڵام حاڵەتی چاوەڕوانیەکی جوان لەلای تەماشاڤان چێدەکات.

یون–ی کوڕی کریوزاو ئاپولون نزیکە بە دەستی دایکی بکوژرێت. دایکی وا بیردەکاتەوە یون لەمێردەکەی ئەمو ژنێکی دیکەیە. ئاپولون فریا دەکەوێت و ناسنامەی یون کەشفدەکاتو رزگاری دەکات.

## ژنانی تەروا (٤١٥ پێش زایین):

شانۆنامەیەکی زۆر بەهێزە، پلۆتێکی سادەی هەیە– بێ هیچ گرێیەك، رووداو و هەڵگەڕانەوەیەکی بەخت و یەغباڵ– بە روونیو رەوانیو بێ هیچ پێچو پەنایەك، بەڵاو موسیبەتانی تەروا هاتووە رێی هکاب، کە تاقە رەگەزی یەکێتیی بەخشی شانۆنامەکەیە.

## ئیلیکترا (دەوروبەری ٤١٣ پێش زایین):

ئەم تراجیدیایە لەگەڵ کویفور–ی ئاسخیلوس و ئیلیکترای سوفوکلیسدا لەیەك زەمینەدایە. یورپیدس لەم شانۆنامەیەدا لەچاو ئاسخیلوسو سوفوکلیسدا واقیعی ترەو کەمتر ئاوڕی لەلایەنە قارەمانییەکان داوەتەوە، بەڵام بونیادی پلۆتی شانۆنامەکەی ئەو باڵاترو لۆجیکیترە.

چارەسەری نابەجێی ئورپیدس بۆ مەسەلەی گوناه، ئەمەیە کە کیلی تمنسترا شایستەی مەرگ بووە، بەڵام نەدەبوایە جەلادەکەی ئەو ئورستیس بوایە. کاراکتەرسازی یورپیدس لەئیلیکترادا، فەرقێکی زۆری هەیە لەگەڵ بەرهەمێن ئەو دوو شاعیرەدا.

## ئیڤی چینی لەتاوریس دا (دەوروبەری ٤١٤ پێش زایین):

شانۆنامەیەکی رۆمانتیکی، پڕ هەستو سۆزو کاریگەرەو زۆر نزیکە لەمیلۆدراماوە. ئەرستۆ لە(هونەری شیعر)ەکەی خۆیدا زۆر ستایشی ئەم شانۆنامەیە دەکات. ئیڤی چینی کیژی ئاگامەمنون، لەنێو ئەو کەسانەدا کە بۆ قوربانی بەو دەسپێردرێن، ئورستیس–ی برای دەناسێتەوە. ئیڤی چینی رزگاری دەکات و بەجووتە لەتاوریس هەڵدێنو بۆ ئارگوس دەگەڕێنەوە. ئەم شانۆنامەیە باسی دابو نەریتی پەرستنی ئارتیمیس "٢٥" دەکات. لەڕووی چێکردنی حاڵەتی چاوەڕوانی لەلای تەماشاڤان باڵایەو کوتاییەکی خۆشی هەیە. ئەم

شانۆنامەیە کاریگەری بەسەر زۆر نووسەری وەکو: ناڤیس، راسین، گلوك، گوتە، شلگل، کەسانی دیکەوە هەبووە.

## هیلین (٤١٢ پێش زایین):

میلۆدرامایە کە لەسەر بنەمای ئەفسانەی ناردنی هیلین بۆ تەروا رۆنراوەو نەك بۆ میسر. پلۆت و نەخشەی شانۆنامەکە زۆر لەپلۆتی (ئیڤی چینی لەتاوریس) دەچێت. ئەم شانۆنامەیە کە دەخرێتە بەر رامان، هێرش دەکاتە سەر جەنگ، و فالّو باوەڕبوون بە پێشبینی. رەگەزی پێکەنیناوی، وەکو ئەوەی کە لەکۆمیدی تازەدا هەیە، لەم بەرهەمەدا فرەیە.

## ژنانی فینیقی (دەوروبەری ٤٠٩ پێش زایین):

شانۆنامەیەکی عەوام پەسندە کە حیکایەتی نەمانی بنەماڵەی ئودیپ دەگێڕێتەوە. پلۆتی شانۆنامەکە بریتییە لەجەنگی پۆلونیکس و ئیتوکلیس. کاریگەری ئەم شانۆنامەیە بەسەر ئاکسیوس، سنکا، راسین، شیلرو شانۆنامەنووسانی دیکەشەوە دیارە.

## ئورستیس (٤٠٨ پێش زایین):

شانۆنامەیەکی جوان و دڵگیرە، لەڕووی بابەتەوە لەئومندس-ی ئاسخیلوس دەچێت، بەڵام لەڕووی تۆنی دیالۆگەکان و هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکانەوە جیاوازیی زۆری لەگەڵ درامای ئاسخیلوسدا هەیە، کارو جوڵە لەشانۆنامەی ئورستیسدا تا رادەیەك لاوازە، گرێ ڤەبوونی کۆتایی چیرۆکەکەش نابەجێ دێتە بەرچاو بە هەرحاڵ ئورستیس لاسایی کردنەوەیەکی دیکەی شانۆنامەکانی تری ئورپیدس-ە، بە تایبەتی ئیلیکترا، میدیا، ئیڤی چینی لەتاوریس.

## فیداییانی دیونوسوس (دەوروبەری ٤٠٥ پێش زایین):

ئەم شانۆنامەیە کە پاش مەرگی ئورپیدس دەرهێنراوە پێشەکی تراجیدیایەکی بەهێزە و بەڕای گوتەو مکولی، یەکێکە لەجوانترین دراماکانی ئورپیدس. چیرۆکی شانۆنامەکە یەکێکە لەکۆنترین بابەتێن تراجیدی: سزای پانتەیوس-ی بێ باوەڕ، بەدەستی دیونوسوس، مینادەکان"٢٦"و (ژنانی پاسەوان و فیدایی دیونوسوس) ئاگاڤە، دایکی پانتویوس، لەجیهانی مەستی و

بـێ ئاگاییـدا بـەدەنی پانتـەیوس پارچـە پارچـە دەکـەن. شـەرح و شـرۆڤەی شانۆنامەکە دژوارە.

جوانترین دیمەنێن شانۆنامەکە بریتیین لە:

١- هـاتنی ئاگاڤـەی سـامگرتوو بـۆ سـەر شـانۆ بەگورزێکـەوە کـە سـەری منداڵێکی بەسەرەوەیە.

٢- خەمباری ئاگاڤە پاش مەستی و بەهۆش هاتنەوە.

**ئیڤی چینی لەئاولیسدا (دەوروبەری ٤٠٥ پێش زایین):**

ئەم شانۆنامەیە تەواو نەبووە، چونکە ئورپیدس بەسەریا مردووە، ئەم کارە لەگـەڵ شـانۆنامەی (فیـداییانی دیونوسـوس)دا دەرهێنـراوە، میلۆدرامایـەکی رۆمانتیکی و پڕ جۆش و خرۆشە.

حیکایـەتی شـانۆنامەکە بریتییـە لەبـەقوربانیکردنی ئیڤـی چینی بـە دەسـتی ئاگامەمنوون، تا بایەکانی سەر بە ئاولیس هەڵبکەن و کەشتیگەلی یۆنـانی بـەرەو تەروادە ببـەن. کۆتـایی شانۆنامەکە لەگینـە رزگـاری ئیڤـی چینی بووبێت کـە بـە دەسـتی ئـارتیمیس ئـەنجام دراوە، ئورپیـدس لـەم درامایـەدا وێنەیـەکی زنـدووی قارەمـانێکی ژن نیـشاندەدات. سـەربهوردی ئیڤـی چینی ئیلهامبەخـشی راسـین، گلوك، شیلر بووە.

**ریزوس:**

دانەرو مێژووی دانانی ئەم شانۆنامەیە دیـار نییـە. شـایەدا بەهەڵـە داویانەتـە پاڵ ئورپیدس. سەرچاوەی شانۆنامەکە، کتێبی دەیەمی ئیلیادەیە کە بەشێوەی شـانۆنامە ئامـادەکراوە. ئودیـسیوس و دیومیـدس "٢٧" بـە هاوکـاری ئاتینـە بەدزییـەوە خـۆ بـەئۆردوی تـەروادا دەکـەن و رێـزوس-ی هاوپـەیمانی تراکیـەی تەروادە دەکوژن. ئەم شانۆنامەیە لاوازترین تراجیدی یونانییە، نەکەسایەتییەکی تراجیدی هەیەو نەهونەرو شێوازێکی زەریفی هەیە.

**سیکلۆپەکان (دەوروبەری ٤٢٣ پێش زایین):**

تاقە شانۆنامەی ساتیریکە (تەوسئامێز).

چیرۆکی سـیکلۆپەکان لاسـایی کردنەوەیـەکی هـەجوئامێزی بەسـەرهاتو واریقـاتی پولوفیمـوس-ە، کـە بـە دەسـتکارییەکی زۆرەوە لـەکتێبی نۆیـەمی ئۆدیسەی هۆمەرەوە وەرگیراوە. ئەم شانۆنامەیە پڕاو پڕە لەشۆخی نەرم و توند.

## بیروبۆچوونەکانی ئورپیدس:

ئورپیدس وەکو هزرڤانێك زۆر پێش زەمانی خۆی کەوتبوو، لەباری بۆچوونی ئاینیو مەزهەبییەوە ئەگەرچی کافر نەبوو، بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەقڵو ئەخلاقدا، بەتوندی ئیرادو رەخنـەی لەخواوەنـدان دەگـرت، بـەئارەزووی خـۆی دەسـتکاری ئەفسانەی خودایانی دەکردو دەیگۆڕین، گاڵتەی بە قارەمانانی تەقلیدی دەکردو هێرشی دەکردە سەر باوەڕێن پڕوپـوچو فالو پێشبینیان. ئەگەرچی بەتەواوی لەسیاسەت دوور بوو، بەڵام هەستی دەکرد دیموکراسی ئاتین لەسەردەمی ئەودا کەوتووەتـە گـومڕاییو کەوتووەتـە ژێـر دەسـەڵاتی ئەرسـتۆکراتو دەوڵەمەنـدان. ئورپیـدس بەتـەماو بـەهیوای دیموکراسـییەك بـوو کـە لەسـەر پایـەی ئـەقڵو لێهـاتوویی و راسـتگۆیی بێـت. سیاسـەتی دەرەوە بـەلای ئـەوەوە بـریتی بـوو لەبەرەڤانی لەئاتین لەهەنبەر دژمناندا، لیٚ بەدەگمەن باسی کاروباری سوپایی دەکرد، بەزۆری جەنگی وەکو بەڵاو موسیبەتی موتڵەق دەدایە بەر هێرش.

تـەوەرو بناغـەی تیـۆری و بۆچـوونی ئـەخلاقی ئـەو بـریتی بـوو لەبایـەخی سروشـتو تەبیعـەتی هـەر تاکێـك و ئیحتوبـاری ئـەقلانیو ئـەخلاقی ئـەو تاکـە. ئورپیدس هاوسۆزی دەگەڵ هەژاراندا دەکـات، بـەڵام بـاوەڕی بەجـەماوەری خـەڵك وەکو چینێکی تایبەتی نییە، روانینی وی دەربارەی ژن روون نییە، بـەڵام وا بـاوە کە گوایـە لـەژنان دوورە پـەرێز بـووە. ئورپیـدس هـەر بـە تەبیعـەت ئادەمێزادێکی رەشـبینە: هـیچ شـتێك زامـنی بەختـەوەری نییـە، بـۆ وێنـە ئارمـانجێن مەعنـەوی ئەشق، منداڵ، یا تەنانەت نەبوونی منداڵیش. ئەرستۆ لەکتێبی هونەری شیعردا (فەسڵی سیازدەیەم)، ئورپیدس بە تراجیدی ترین شاعیر ناو دەبات.

## شێوازو تەکنیک:

شـانۆنامەکانی ئورپیـدس ئاوێتەیەکـە لەپابەنـدی بەقـەراردادە کۆنـەکان و داهێنـان و تازەگـەری و گوایـە لەزۆربـەی بەرهەمـەکانیا ئەوەنـدە گـوێی بـە

رەچاوکردنی قاڵبو شێوە تەقلیدیو باوەکان نەداوە. فۆرمگەرایی ئورپیدس لەدەسپێکی شانۆنامەکان، لەپرسیارو وەڵامی دوو نەفەری، هاوسەنگی دیالۆگو هەندێکجار سوود وەرگرتن لەگرێکردنەوە بەدەستی خودایان-دا بەرجەستە دەبێت.

ئورپیدس بۆ دەربڕینی تێورییە تازەکانی گۆڕینی زۆری هونەرە کۆنەکان بە پێویست دەزانێت. رەنگە دیارترین گۆڕانکاری لەکارەکانی ئەودا لەکاراکتەرسازیدا بێت. ئەو دەست لەوێنەگرتنی پیاوانو ژنان بە شێوەیەکی نیمچە خودایانو پاڵەوانانی بەتەبیعەت لەمرۆڤ بالاتر هەڵدەگرێتو لەجیاتی ئەوە کاراکتەرانی مرۆڤانی ترو نزیك لەعەوامی خەڵك وێنە دەگرێتو دەخوڵقێنێت.

سوفوکلیس دەڵێت کە ئەو بە خۆی خەڵکان وەکو چۆنی بوێن ئاوا وێنە دەگرێت، بەڵام ئورپیدس وەکو چۆن هەن ئاوا وێنەیان دەگرێت. ئورپیدس دەروناسێکی بالا دەستو بەدەسەڵاتە، بەتایبەتی لەوەسفکردنو وێنەگرتنی ژناندا- هەم ژنانی نەجیبو هەم ژنانی نا نەجیب.

ئورپیدس لەتەکنیکی پلۆتی شانۆنامەشدا کۆمەڵێك داهێنانی هەیە، لەدراماکانی ئەودا نێوەڕۆکی سۆزداریو پڕ جۆشو خرۆش، میلودراماو کاریگەری بێ ئەندازە بەزۆری جێگەی سادەییو ساکاری بەرهەمەکانی ئاسخیلوس دەگرێتەوە.

ئورپیدس لەزەت لەوەسفکردنی شێتایەتیو دەستێوەردانی خواوەندان لەگرێکردنەوە بەمەبەستی چێکردنی ترسو دڵەراوکێ لای تەماشاڤانان دەبینێت. سوود لەمندالانیش بۆ هاروژاندنی هەستو سۆز وەردەگرێت. پلۆتو نەخشەی شانۆنامەکانی لەچاو ئەوانەی پێش خۆیدا ئاڵۆزترو پڕ پێچو پەناترە، ئەمەش پلۆتی شانۆنامەکانی ئورپیدس دەخاتە خانەو ریزی باشترین پلۆتێن سوفوکلیس-ەوە، هەر چەندە هەندێکجار بێ ئەنگێزەو بەردەوامییە، بەدەگمەن چارەنووسو قەدەر دەکات بەبناغەی پلۆتی شانۆنامە.

ئورپیــدس لەبایــەخی گروپــی کــۆراڵ کــەم دەکاتــەوەو لــەواری پراکتیکیــدا پەیوەندی سەرەکی گروپی کۆراڵ لەڕووداوانی شانۆنامەکە جیا دەکاتەوە. زۆر وەسـتایانە دیمـەن ئـارایی، جلوبـەرگ و کەرەسـتەی شـانۆ ئامـادە دەکـات. زۆر سوود لەشۆخیو نوکتە دەبینێتو زمانی سادەو واقیعیو هەندێکجار بەپێی پێوەران روون و روانە.

**کورتەیەکی رەخنەکان:**

ئورپیدس شانۆنامەنووسێکە کە تایبەتمەنییە ناکۆکەکانی زۆر لەئاسخیلوس و سوفوکلیس زیاترە. رەخنەگران لەتراجیدیاکانی ئەودا ئیجابیات و سلبیاتی زۆر دەبینن.

نێوەڕۆکی شانۆنامەکانی هەندێکجار سواوەو هەندێك گاڤ پەیوەستن بە شوێن و کاتی تایبەتەوە، بەڵام عادەتەن زەمینەو هاماجی شانۆنامەکانی سەرو ساخت لەگەڵ ژیانی رۆژانەدا پەیدا دەکەنو گشتگیرییەکی جیهانییان هەیە. هەرچەندە هەندێك لەکاراکتەرانی یەکەم لەبەرهەمەکانیدا رەهەندی قارەمانییان نییە، بەڵام تەقریبەن هەموویان مرۆڤن، حاڵەتی هەستەوەری، پڕ سۆزو گودازیو میلۆدرامی بەرهەمەکانی یورپیدس مایەی ئیرادو عەیبگیری ژمارەیەك لەڕەخنەگرانە، بەڵام زۆری دیکەش بەناوی شێوازێن چێکردنی ئەنگێزە لەشانۆدا کەوتوونەتە بەرگری لێـی. پلـۆتی هەنـدێك لەشـانۆنامەکانی لـەڕووی هۆکـارەوە لاوازە، بەتایبـەتی پەنابردنەبەر خوادایـان بـۆ گرێکردنـەوە، بـەڵام پلـۆتی هەنـدێك لەشـانۆنامەکانی بونیادێکی مکومو وەستایانەی هەیەو شێوەی گرێدانو گرێچن لەڕووداوەکانـدا یان کردنـەوەی گرێیـەکان بەیارمـەتیو کۆمـەکی خودایـان بەمەبەسـتی چێکردنی کاریگـەری نمایـشی، سـەرکەوتووانە ئـەنجام دەدرێـت. ئـەنجام شـرۆڤەکاران رەخنـەی ئـەوە لەئورپیـدس دەگـرن کـە زمانەکـەی قـوڵ نییـە، بـەڵام بەدەگمـەن رەخنـەگرێك پەیـدا دەبێت کە بتوانێت نکۆڵی لەسادەییو راشکاویو روونیو رەوانی زمانی وی بکات.

## بەراوردی نێوان

## ئاسخیلوس و سوفوکلیس و ئورپیدس

| ئاسخیلوس | سوفوکلیس | ئورپیدس |
|---|---|---|
| یەکەمین شانۆنامەنووسی گەورەیە | دووەمین شانۆنامەنووسی گەورەیە | سێیەمین و دوا تراجیدیانووسی گەورەیە |
| زیادکردنی ئەکتەری دووەم | زیادکردنی ئەکتەری سێیەم | |
| داهێنانی شانۆنامەی سێ بەشی | دەست هەڵگرتن لەشانۆنامەی سێ بەشی پەیوەستە | |
| کەمکردنەوەی ژمارەو بایەخی گروپی کۆراڵ | جێگیرکردنی ژمارەی گروپی کوراڵ لەسنووری پازدە کەسداو کەمکردنەوەی پتری بایەخی گروپی ناوبراو | کەمکردنەوەی زیاتری بایەخی گروپی کۆراڵ و بڕینی پەیوەندییان بە کارو جوڵەی نمایش |
| سوودوەرگرتنی کەم لەدیمەن ئارایی | داهێنانی نیگارکێشی دیمەن و شانۆ | زیادکردنی دیمەن و شانۆئارایی جل وبەرگ و کەرەستەو پێویستییەکانی شانۆ |
| دەربارەی خودایان و | خواوەندان دادپەروەرن، | خواوەندان بەزۆری |

| | | |
|---|---|---|
| قەدەرو چارەنووس دوودڵیی ڕەوا نییە، ڕەنج و زەحمەت زادەی گوناهەو گوناه میراتییە ڕەنج مرۆڤ ئاقڵ دەکات | بەڵام بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. چارەنووس حەتمییە. ڕەنج هەندێ جار (نەك هەمیشە) زادەی گوناهە. گوناه میراتیە، گوناه مرۆڤ ئاقڵ دەکات | نا ئەخلاقی و زۆردارن. ژیان مسیبەتبارە، ژیان مسیبەتبارە، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەنجامی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ تەبیعەتی خۆی دایە. |
| کەسایەتی شانۆنامەکان باڵان، لەمیانەی نمایشدا نەشونماو گەشە ناکەن | کەسایەتی شانۆنامەکان لەخەڵکانی واقیعییەوە نزیکترین، بەڵام هێشتا هەر باڵان، دەرونشیکاری بەرزە. کەسایەتییەکان گەشە دەکەن، و خاڵی بەرانبەر یەکن | کەسایەتی شانۆنامەکان مرۆڤی ئاسایین. نەشونمایان زۆرە. دەرونشیکاری بەرزە، بە تایبەتی لەوێنەگرتن و وەسفی ژناندا. جەخت لەسەر تاك دەکرێتەوە. |
| پلوتەکان سادەن، جوڵە کەمە، بەردەوامی هەندێ جار نوقستانە، سودی کەم لەشێوەی گرێکردنەوە بەدەستی خودایان | پلۆتەکان ئاڵۆزترن، جوڵە زۆرترە، هۆکارو پەیوەستەکی بەرز، سودوەرگرتن لەگرێکردنەوە بەیارمەتی خودایان | پلۆنەکان یەجگار ئاڵۆزن، جوڵە هەندێجار توندو پڕخرۆش و پڕ هەستە. بونیادی شانۆنامە هەندێجار سستە، هۆکارو لاوازە، |

| | | |
|---|---|---|
| | | سوودوەرگرتن لەشێوەی گرێکردنەوە بە دەستی خودایان لەدوازدە شانۆنامەدا. |
| زمان بتەو شکۆدارو هەندێکجار ئاڵۆزە | زمان ئەرستۆکراتی، بتەو و روون | زمان سادە، راستەوخۆ و رەوان |
| سود وەرگرتنی کەم لەتەنزی دراماتیکی | سود وەرگرتنی زۆر لەتەنزی دراماتیکی | هەندێکجار سوود وەرگرتن لەتەنزی دراماتیکو هەندێکجار لەنوکتە |
| بابەتەکان کەمتر بابەتی رۆژن، تەنیا یەك شانۆنامە (ئێرانیان) دەربارەی رووداوەکانی رۆژە | سوودوەرگرتنی کەم لەبابەتێن رۆژانەیا سوود وەرنەگرتنی تەواو | زۆربەی شانۆنامەکان دەربارەی بابەتی باوی سەردەمن: شەرحی جەنگو سیاسەتی رۆژە |
| بیٚ گاڵتەو شۆخی | گاڵتەو شۆخی کەم | گاڵتەو شۆخی زۆرو هەبوونی دیمەنی تەواوی پێکەنیناوی |
| ناوداری عەسری خۆیەتی. سیازدە خەلاتی یەکەمی پێشبڕکییانی | ناوداری زۆر گەورەی عەسری خۆیەتی، خاوەنی ٢٤ خەلاتە | تا رادەیەك لەڕۆژگاری خۆیدا گومناو بووە، خاوەنی تەنیا ٥ |

| | | |
|---|---|---|
| **بردووەتەوە** | | **خەڵاتـــــە، بـــــەڵام لەسـەردەمانی پـاش خۆیـــدا، زۆر لـــەو دووانـــەی دی پـــتر کاریگـــەری بەسـەر درامـــای لاتــینی و درامـای کلاسـیکی فەرەنـــــساوییەوە هەبووە.** |

# خوان رۆڵفۆ:

# من تەنیا شەبەنگێکم کەبوونی نییە

ئا : ئاكۆ كەريم مەعروف



بەبۆنەی تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر دەرچوونی رۆمانی (پێدرۆ پارامۆ)ی نووسەری مەکسیکی خوان رۆڵفۆ: لەمدواییانەدا رۆژنامەی (ئۆنیفرسال) چەند برگەیەکی لەو دیدارەی بڵاوکردەوە کە ئێزگەی رۆشنبیریی کۆڵۆمبیا پێش بیست و پێنج ساڵ لەمەوپێش لەگەڵیدا سازیکردبوو، جێگەی ئاماژەیە خوان رۆلفۆ ١٩١٨- ١٩٨٦ یەکێکە لەنووسەرە بەناوبانگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو، لەمەكسيك لەدايكبووەو كاريگەريی نووسينەكانی بەسەر ئەدەبياتی ئەمريكای لاتينيدا هەبووە، بەچەشنێك كە رۆماننووس گابريل گارسييا ماركيز بۆ نووسينی رۆمانەكانی لەژێر كاريگەريی رۆمانی پيدرۆ پارامۆدا بووە، هاوكاتيش بۆرخيس وەسفی رۆلفۆ دەكات بەوەی كە پيدرۆ پارامۆ جوانترين كاری ئەدەبييە بەزمانی ئيسپانی نووسراوە، رۆلفۆ ساڵی ١٩٧٠ خەڵاتی نيشتمانی بۆ ئاداب، لەساڵی ١٩٨٣ خەڵاتی مير ئەستۆرياسی ئەدەبی پێبەخشراوە.

**ئێزگە: ئێمە پێش چەند رۆژێک لەگەڵ یەکێک لەکەسە نزیکەکانتدا قسەمان دەکرد، ئەو رستە باوەمان دەگوتەوە کە بەردەوام لەسەر زمانە، ئەویش: هەموو ئینسانێک لەمنداڵییدا ئینتمای هەیە بۆ خاکێک، ئەمە بۆ تۆ چۆنە، خاکی منداڵیت؟**

رۆلفۆ: زۆرباشە، ئەوە بۆ خۆی سۆزێکە بۆ منداڵیی، نەك تەنیا خاك، با، خۆر، ئەو ژینگەیەی کە تاك لەقۆناغی منداڵیدا گەشەی تێدا دەکات، هەروەها منداڵیی، خاك بۆ خودی خۆی کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزە، ناتوانین تەنیا بەشوێن سنووورداری بکەین زۆرجاریش جیاوازە.

**ئێزگە: ئایا دەتوانیت بەیادی خۆتی بهێنیتەوە؟**

رۆلفۆ: دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ خاك لەڕێی ئەزموونە دیاریکراوەکانەوە، نەوەك لەڕێی شوێنەوە.

**ئێزگە: هەندێک دووبارەبوونەوە هەیە لەکارەکانتدا، وێنەی باوک، دیمەنێکی دیاریکراو، رووداوێکی زۆر تایبەتی.**

رۆلفۆ: نەخێر، لەبەرئەوەی من باوکم نەناسیوە.

**ئێزگە: ئایا لە چیرۆکەکانی تردا لەبارەی ئەوەوە نووسیوتە؟**

رۆلفۆ: نەخێر، هەرگیز، نەمناسیوە، ئەو کە مرد تەمەنم چوار پێنج ساڵان بوو.

**ئێزگە: ئایا لەتواناتدا هەیە بەبیر خۆتی بهێنیتەوە؟**

رۆلفۆ: نەخێر.

**ئێزگە: بەڵام ئەم نائامادەییە رەگەزێکی گرنگ نییە لەکارە ئەدەبییەکانتدا؟**

رۆلفۆ: بەڵێ، من هەست بەوە دەکەم، بەڵام بۆ ماوەیەك، لەڕاستیدا هەستێك نەبووە هێندەی ئەوە نائامادەبوونێکە..

**ئێزگە: لەگەڵ ئەوەشدا، ئایا ئەمە واتلێناکات وێنەیەکی روونی تەنیایی کەسایەتی چیرۆکەکانت بخاتەڕوو؟**

رۆلفۆ: بەدڵنیاییەوە، لەو گوندەی تێیدا لەدایکبووم گواسترامەوە بۆ ژێرزەمینی هەتیوەکان، لەوێدا زیاتر هەستم بەدڵڕەقی و تەنیایی کرد.

**ئێزگە: بێگومان ئەمە ئەو وێنەیەیە کە خوێنەر لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکانتدا رووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها هەندێک کەس پرسیاری ئەوە دەکەن لەبارەی ئەوەوەی کە خودی خۆت**

**لەساتێک لەساتەکاندا وتوتە، کە تۆ لەبارەی رەخنەی خودییەوە وتوتە، کە ئـەوە وێرانکـەرە، ئایـا پێتوایـە ئـەوەی کـە پەیوەنـدیی بـەتۆوە هـەبێت وێرانکەر بووە؟**

رۆلفـۆ: رەخنـە لـەخود تـاوەکو دەگاتـە ئـەو پـەڕی سنوور، هـەروەکو ئـەوەی لەگـەڵ منـدا روویـدا، بـەڵێ ئـەوە وێرانکـەرەو خراپـە، ئەمەشـم لـەنێوان خـۆم و لەنێوان توانای خۆم بۆ کارکردن چارەسەرکرد بەهۆی ئەوەی کە هەریـەك لەئێمـە رازی نییە، هەرگیز بۆ هەموو ئەوانەی بەرهەمی دەهێنێت.

**ئێزگە: بۆ نموونە لەدوایەمین کتێبتدا بەزمانی گاڵتەجاڕییەوە لەبارەی ئەو کتێبەوە دەڵێیت کـە دەرگـات بەڕوویـدا داخـستووە، مەبەسـتت لەمـە چییە؟**

رۆلفۆ: دەمویست بڵێم کە ئیتر بوونی نییە، بەتەواوەتی ونبوو.

**ئێزگە: تۆ کتێبەکەت دڕاندووە؟**

رۆلفـۆ: بـەڵێ، دڕانـدم و فڕێمدایـە نـاو سـەبەتەی خۆڵـەوە، ئارەزووەکـانم و قەناعەتەکانمی تێر نەدەکرد، ئەو کتێبە بەرەو رێگەیەکی داخراو بردمی.

**ئێزگـە: زۆر جوانـە کـە گـوێم لـەم قـسانەی تـۆ دەبێـت، دەمـەوێت پرسیاری ئەوە بکەم کە ئەو شریتە سینەماییەت بینیوە لەڕۆمانی پیـدرۆ پارامۆوە وەرگیراوە؟**

رۆلفۆ: بەڵێ، بەو بۆنەیەوە کاری فیلمسازییەکەی ئێجگار خراپە.

**ئێزگە: کەمێک لەو بارەیەوە قسەمان بۆ بکە.**

رۆلفـۆ: زۆر باشـە، سـەرەتا ئـەوەی ئـەو فیلمـەی دروسـتکردووە بـایۆلۆجی، کارلۆس بیلۆیە، بۆئەوەی کە دەریبخـات زۆر واقیعییە هەموو شتێکی خستەبەر دەست ئەکتەرەکان، ئەوانەی کە بەخراپترین ئەکتەر دادەنرێن، رێگەی پێداون کە بەئازادییەکی رەها بجولێنەوە لەکاتی رووداوەکانی فیلمەکەدا.

**ئێزگە: لەسەرەتای فیلمەکەدا بۆ نموونە گرتەی جوان هەیە؟**

رۆلفۆ: زۆر باشە، بەڵێ.

**ئێزگە: ئەو دیمەنە زۆر باش بوو.**

رۆلفۆ: بەڵێ.

**ئێزگە: بەوردەکارییەکی زۆرەوە دروستکرابوو.**

رۆلفۆ: لەوانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نوسخەی دووەمیان زۆر باشتر بوو لەنوسخەی یەکەم، پێموانییە لێرە نمایشکرابێت، فیلمەکە تەنیا بۆ ماوەی دوو هەفتە لەمەکسیك نمایشکرا.

**ئێزگە: ئایا ئیشێکی زۆر فاشیل بوو؟، هەروەها تۆ کە لەبارەی فیلمەکەتەوە قسە دەکەیت، لەدوای ئەوەی لەبواری نووسیندا توانای خۆت دەرخست، ئایا ئارەزووی ئەوە دەکەیت لەو جیهانە سیحرئامێزەدا بەردەوام بیت؟**

رۆلفۆ: من دەقی سینەمام خۆشدەوێت، لەمبارەیەشەوە ئەزموونم هەیە، هاوکاریم هەیە لەفیلمێکدا بەناوی (الدیك الذهبي)، هەروەها لەفیلمی (السرقە) ئیشم کردووە، دوا کاریشم بەناوی (الوصفە السریە) کە پێشتر ناوەکەی (کوکا کولا في الدم) بووە، چیرۆکەکە باس لەپیاوێك دەکات سەرنجێکی لێدەدەن کە هەڵگری کۆکا کۆلایە، لەبری (المصل) راستەقینە، لەقۆناغی سەرپەرشتی چەند فیلمێکم کردووە، لەگەڵ ئەوەی سینەمام خۆشناوێت وەك پیشە، یاخود وەك کارێك وەریبگرم، ئەگەرچی ئەزموونیشم لەگەڵیدا هەیە.

**ئێزگە: بەردەوام لەکارەکانتدا تەنیایی و مەرگ ئامادەبوونی هەیە، هەندێکجار زۆر بیری لێدەکەمەوە کە وێنەی شەبەنگێکم دێتەبەر چاو تۆ بۆخۆت داتهێناوە.**

رۆلفۆ: من بەو چەشنەم، تەنیا شەبەنگێك کە بوونی نییە، بوونی من هیچ نییە ئەفسانەیەك نەبێت، زۆربەی کات من وابیر دەکەمەوە کە من بوونم نییە.

وەرگێڕانی لەئیسپانییەوە: یوسف یلدا

لەماڵپەڕی (القصە العراقیە)وە

چیرۆك:

# خۆکوشتنێکی ئەڤیندارانە

ن: یاسوناری کواباتا

و. بۆ کوردی: زەینەب یوسفی

ژن، نامەیەکی لەلایەن مێردەکەیەوە پێگەیشت، دووسالْ لەو کاتە تێدەپەڕی وا پیاوەکەی ئیدی خۆشینەدەویست و بەجێیهێشتبوو، نامەکە لەسەر زەوینێکی دوورەوە هاتبوو.

مەهێڵە منداڵەکە تۆپەکەی بکوتێتە زەویدا ئاخر دەنگەکەی دڵی من دەشکینێت،

ژن تۆپەکەی لە کچە نۆ ساڵانەکەی سەند.

دیسان نامەیەکی لە مێردەکەیەوە پێگەیشت.

منداڵەکە بە پێڵاوەکانییەوە بۆ قوتابخانە مەنێرە، من دەتوانم دەنگی پێڵاوەکانی ببیستم ئەم دەنگە دڵی من دەشکینێت.

ژن لەجیاتی پێڵاو، سەرپایەکی ناسکی لەپێیەکانی کچە کرد، کچ دای لە پرمەی گریان و ئیدی نەیوێرا بۆ قوتابخانەکەی بچێتەوە.

جاریکێتر نامەیەك لەلایەن مێردەکەیەوە هات، مانگێکی نەخایاندبوو، دیسان نامەکەی هات، بەڵام دەسنووسەکە زۆر کۆن دەهاتە پێش چاوانی ژنەوە.

مەهێڵە کچەکە لەقاپی بلووردا چێشت بخوات، ئاخر دەنگەکەی دڵم دەشکینێت.

ژن بەکەوچکە دارینەکەی خۆی چێشتەکەی کردە دەم کچەوە، دەقاودەقی ئەو کاتە کە سێ ساڵان بوو. پاشان ئەوە هاتەوە بیری کە بەڕاستی کچەکەی سێ ساڵان بوو، مێردەکەی رۆژگارێکی خۆشی لەتەنیشتی ئەمدا تیپەڕاندبوو. کچەکە خۆی رۆیشت و قاپە بلورەکەی لە کەوانتەری مەتبەخەکەداهەڵگرت. ژن بەپەلە قاپەکەی لێسەندو لەباخچەکەدا کوتایە بەردێکدا، دەنگی وردبووینی دڵی پیاوەکەی.

ژن لەپڕ برۆکانی هەڵخست، قاپی چێشتخۆرییەکەی خۆی کوتایە دیوارەکەی بەرامبەری. ئایا ئەمە دەنگی شکانی دڵی مێردەکەی نەبوو؟

ژن مێــزی نانخواردنــە بــچووکەکەی مەتبــەخی هــەڵگرت و لەدەلاقــەی مەتبەخەکەیانەوە، فڕێیدایە دەرەوەو کوتای بەدیواری باخچەکەدا، ئەم دەنگە چی؟

ژن خۆی کوتایە دیوارەکەوەو دەستیکردە مست کوتین، خۆی خستە سەر (پارتیشن)ە کاغەزییەکەدا، وەکو تیر لەنێوانیدا تێپەڕی و کوترایە زەویدا. ئەم دەنگە چی؟

دایە، دایە، دایە

کچ بەهەراوزەنا، بەرەو دایکی دەرچوو، ژن زللەیەکی لێدا، ئاخ..گوێ لەم دەنگە بگرە.

وەکو زمزمەیەك لەو دەنگەوە دیسان نامەیەکی تر لەمێردەکەیەوە گەیشت، لەپۆستەخانە نوێ و دوورەکانی ئەو سەر زەوینەوە نامەیەکی تر هات.

قەت دەنگتان پێیەوە نەبێت، دەرگاکان نە ئاوەڵا بکەن و نەداشیان بخەن، هەروەها دەلاقەکانیش، هەناسە مەدەن، تەنانەت نابێ بهێڵن لەکاتژمێری خانووەکەوە دەنگێك بێتە گوێدا، هەردووکتان، هەردووکتان، هەردووکتان،

ژن بەدەم چپەکانییەوە فرمێسکی لە چاوان داوەراند.

پاشان ئیدی لە هەردووکیان قەت دەنگێك نەبیسرا، ئەوان تەنانەت بە بچووکترین دەنگەکان، ئاکامێکی هەتاهەتاییان بەخشی. بەم مانایە کە ئەو دایك و کچە، هەردووکیان مردن و سەرسووڕهێنەریش ئەمەیە کە مێردی ژنەکەش، لەتەنیشتی ئەواندا راکشاو مرد.

*پارتیشن= جۆرە دیوارێکە وا بۆ جوانی لە وێنەهایەکی جۆراوجۆر، لەماڵاندا دروستدەکرێت.

*سەرچاوە: گۆڤاری سینەمای ئەمڕۆ ژمارەی ٢٣

## لەچاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




**فەندەمیتالیزم و ململانێی ژیارییەکان**

**وەرگێڕانی دلێر محەممەد**

**کۆمەڵە وتارێکی رۆشنبیری هاشم ساڵحە**




**یادەوەری شەقامێک**

**نووسینی تەها ئەحمەد رەسوڵ**

**رۆمانێکی ئەدەبی نوێیە**




**کەلتوور لەنێوان وەرگرتن و رەتکردنەوەدا**

**نووسینی کامەران محەممەد**

**توێژینەوەیەکی هزرییە**

# هونەر



**هونەری گرافیک**
کاروان کابان

**پابلۆ پیکاسۆ و**
**ئە نجامدانی ئۆبژێکتە کانی**
ئەهرۆ شەوقی



**عەشق و مەرگ** چنور محەمەد
**دیالۆگ لەگەڵ ودی ئالان**

**چارلی چاپلنی** ئاری محەمەد
**دونیای پانتۆمایم**



**جیهانی ئۆپێرا**
**پاڤاروتی لەدەستدا**
هەنار مەحمود

**نووسەرێکی کورد** هەنار
**لەدەروازەی**
**جیهانیی بووندا، ئاوابوو**

# پابلۆ پیکاسۆ و ئەنجامدانی ئۆبژێکتەکانی*

## بەشی یەکەم

و. لەئەڵمانییەوە: نەهرۆ شەوقی



ئەم باسەقسەکردن نییەلەسەر تەواوی کارەهونەرییەکانی پابلۆ پیکاسۆ، بەڵکو لەسەر هەڵبژێرێك لەسەر ئەو کارەهونەرییانەی کەبەئۆبژێکت دەناسرێن.

یەکێك لەناوادارترین کارەئۆبژێکتەسەرەتاییەکانی یان ئەسامبلاژەکانی Assemblage (چەند ئۆبژێکتێك بەیەکەوە)، ئەویش گیتارێکە لەساڵەکانی ١٩١٢-١٩١٣ لەپارچە مقەبای دڕاوو قەدکراو دروستکراوە، ئەگەر کەسێك یان تەنانەت هونەرمەندێك کاتێك ئەمەلەمەرسەمەکەی پیکاسۆ دەبینێت یەکسەر دوچاری شێواوی دەبێت. کەئەم کارەچۆن لەژێر کاریگەری دەمامکەئەفریقییەکاندا کراوە، بەتایبەتی ئەوانەی کەعەشیرەتی گرێبۆ Grebo بەرهەمی هێنابوون و پیکاسۆ لەمۆزەخانەی Trocadero بینیبوونی، ئەم دەمامکانەچاویان لەپارچەتەختەی بچووك دروستکراون، هەرچی لووت و دەم و نێوچەوانیشەلەتەختەی سێگۆشەیی،ئەم دەمامکانەبەجۆرێکی وا سەرنجی ئەم رادەکێشن و وادەکەن کە

هەوڵبـدات یـەکێـك لـەو دەمامکانـەبـۆ خـۆی پـەیـدا بکـات. پیکاسـۆ زۆر بەکراوەیی‌مامەڵەی لەگەڵ کاری هونەریی هونەرمەندانی دیکەدەکـرد،



ئەو کێشەیەکی ئەوتۆی نەبوو تـەنانـەت گـەر شتێکیشی لـەوانـەوەوەربگرتایـە، دەربـارەی ئـەمـەژان کۆکتـۆ تێبـینی کردبوو (لـەپاریـسا کاتێك دەمانبیست پیکاسۆ بەنیازەسـەردانی مـن یـا هاوڕێیـەکـی هونـەرمـەنـدی دیکـەمان‌بکـات، دەرگـای مـەرسـەمـەکـەمـان دادەخست یـان ئـەو شـتانـەی کـەتـازەکارمـان لەسەریکردبوو دەمانشاردەوە) راستییەکەی مەبـەسـتی پیکاسـۆ کـۆپیکردن نـەبـوو، ئـەو دەیویـست دوورتـر لـەوەی هەیـەهـەنگاو هـەڵنێت، بـۆ ئـەو رووبـەڕووبـوونـەوەیـەکـی بـەردەوام هـەبوو بـەرامبـەر ئـەوانـەی پێشتر بوونیـان بووەو کرابـوون، تابتوانێت لەگشت جێیەك جێدەستـی خۆی جێبهێڵێت. پیکاسۆ خوێندنەوەی چڕی بۆ کەڵەهونەرمەندەکانی پێش خـۆی هـەبووە، ئـەو سـوودی لـەشـاکارەکـانی رافائیـل و ڕێمبرانـت و گۆیـاو ڤێلاسکویز وەرگرتووە، ئەوانەی کەلەکاتی خوێندنی هونەریدا سەرقاڵیان بووە. رۆژێکیان پێی وتم: کەئێوارەییەکی درەنگ بەتەنیا لەمەرسەمەکەم کاردەکەم، هەستدەکـەم ئـەوان لێـرەن و لـەپـشتمەوەبـەتێـڕوانینی رەخنـەئامێزانـەیـان تـێم دەڕوانن، چی دەربارەی نیگارکێشێك بڵێن کەلەهەر شتێك شتێکی دیکەدرووست بکـات یـان لاسـایی کـەسێکی دی بکاتـەوە؟ ئایـا ئـەمـەکـارێکی خراپـە! تـەواو بەپێچەوانەوە، ئەم بوارەلایەنێکی پۆزەتیڤ لەخۆدەگرێت، مرۆڤ دەبێت هەوڵبدات بـەرەوپێـشەوەبـچێت، لەشـتێکی دیـاریکراو شـتێکی دیکـەبهێنێتـەگـۆڕێ، خـۆی راستییەکەی ئەمەیەئەوەی کەئەنجامدانی سەختە. خۆی ئەمەزۆر حەز بەکردنی دەکرێـت و هــەوڵی بـۆ دەدرێـت، بـەڵام شکـست دەهێنێـت، ئـیتر دوای ئـەم شکستهێنانەدەگەڕێیتەوەبۆ خودی خۆت.

لەهاوینی ١٩٠٧ کاتێك پیکاسۆ لەسەر گەورەترین شاکاری کوبیزمی خانمەکانی ئەفینیۆن Les Demoiselles d Avignon کاری دەکرد، لەوسەروبەندەدا لەڕێ شاعیری گەورەی فەرەنسی گۆلیۆم ئەپۆڵۆنێروەGuillaum Apollinaireهونەرمەندی کوبیزم گیۆرگ براك Georges Breque دەناسێت و ئەم تابلۆیەی دەبێتەمایەی سەرنجڕاکێشانی ئەو، هەر بۆیە دەبنە هاوڕێ و پێکەوەکاردەکەن بۆ پێشەوەبردنی شێوازی کوبیزم، لەبەرئەوەی هەردووکیان هەمان بازرگانی هونەرییان دەبێت، بەناوی دانیال هێنری کانڤایلەر Daniel-Henry Kahnweiler، پێکەوەبەشدارییان لەپێشانگەکاندا کردووە.

لەهاوینی ١٩١٢ پێکەوەلەسۆرگۆ Sorgue کاریان دەکرد، کاتێك براك یەکەمین کاری کۆلاجی ئەنجام دابوو:(کاتی خۆی پەیکەرم لەکاغەز دروست دەکردو دەمنووسان بەڕووی تابلۆوە، بەم شێوەیەشێوازی کۆلاج بەکاغەز داهێنرا)، براك دواجار بەم شێوەیەرونی دەکاتەوە.

دوای گەڕانەوەی پیکاسۆ بۆ پاریس درێژەبەئەزموونی تەکنیکی کۆلاج بەوەرەقەدەدات، ئەو کاغەزی ساف و وێنەلەسەرکراو یان لەسەر نووسراو و پەڕەی ڕۆژنامەی بەکاردەهێنا. کارکردن لەسەر کۆلاجی کاغەزو بەئیلهامی دەمامکەکانی گریبۆ بۆ ئەم لەداهاتودا بووەئەزمونێکی گەورەلەڕێیەوەسوودی بۆ کارەکانی داهاتووی لێوەرگرت، ئەمەش بۆ خۆی گرنگییەکی تایبەتی هەبوو.

چیتر پیکاسۆ نەدەسڵەمییەوەلەبەکارهێنانی پارچەکارتۆنێك یا تەختەیەك، دواجار تەبەقێك میتاڵی بۆ زیاد دەکرد کەئەو پێشتر بۆی بڕیبو یان بەسادەترین ئامێر پارچەی کردبوو. سەرەتای دەستپێکردنی بەدەست کارکردن دەگەڕێتەوە بۆ زستانی ساڵی ١٨٩٦ لەمەدرید. کاتێك Manuel Pallares ی هاوڕێی ئەوی لە Ecole des Beaux-Arts بەرەو شارۆچکەیەکی بچووکی ناوچەی کەتەلان Horta de Ebro

لەگەڵ خۆدا برد، ئەوجێیەی پیکاسۆ دوای نەخۆشییەکەی لێی حەوایەوە. لێرەیەکەم ئەزمونی سەختی ژیانی دەستپێکرد، کاری بڕین و پارچەکردنی داری دەکردو یارمەتی جوتیارەکانی دەدا لەماڵ و کێڵگەکانیاندا. هێڵکاریی پۆرترێتەکانی خۆی بەرهەمی ئەو کاتەی بووە.ئەو سەلیقەی کارکردن و

دەسترەنگینییەی بەدرێژایی ژیانی سوودی لێبینی، لە Horta der Ebro فێری بوو بوو.

لەیەکێك لەو وتووێژانەی دەربارەی کاری ئۆبژێکت و کۆلاج و ئاسامبلاج Assemblagen (پێکهاتێکی هونەریی سێ ڕەهەندییە لەپێکەوەگونجاندنی هەندێك ئۆبژێکتی جیا دروست دەبێت) کەلەگەڵ هاوڕێی Jaime sabartes ئەنجامی دا، پیکاسۆ دەڵێت (کاتێك ئێمەئەم ئۆبژێکتانەمان دروستدەکرد، ئەوسا ئەوەمان بەرهەم دەهێنا کە من بەپاکترین هەقیقەت نێوزەدی دەکەم، کارماندەکرد بێ هیچ مەبەست و فێڵێك، ئەوەدەدۆزرایەوەکەپێشتر نەکرابوو، بەشێوازێکی سادەو دوور لەئالۆزیی، کاتێك شتەکان بەهایەکیان بەخۆ دەگرت، لەبەر ئەوەبووەکەئێمەهەرگیز مەبەستێکی وەهامان نەبووەکەسوودێکی ماددی لێوەربگرین، چونکەتەنیا هەوڵی ئێمەئەوەبوو چۆن گوزارشت لەهەقیقەت بکەین، بەکەرەستەیەك کەپێشتر نەدەناسرا، دواجار بەهای ئەو کەرەستانەلەناو کارەهونەرییەکەدا دەبینرا، ئەگەرچی ئەو کارەهونەرییانەنەباشترین و نەکاریگەرترینیان بوو. ئێمەبەڕۆح و بەگیان کارەکانمان دەکێشا، زۆر بەعیشقەوەکارمان دەکرد، ڕاستییەکەی ئەوەی ئێمەبەرهەممان هێنا زۆر دوور بوو لەشێوازو کارکردنی ئەو زەمەنەی کەتێیدا بووین، بۆیەبەدڵنیاییەوەدەمانزانی کەهونەرەکەمان وەك هونەرێکی تیجاریی نابینرێت).

کاتێك پیکاسۆ سەرەڕۆیانەسەرقاڵی شێوازی کارکردنەسێ ڕەهەندییەکەی بوو Assemblage، ئەو نەیدەویست تەنیا شیکاریی بۆ کارەجیاوازەئۆبژێکتەکانی بکات، بەڵکو دەیوست دژەشێوازی ریالیزمی خۆی بێنێتەئاراوە. بەپێچەوانەی شێوازی کوبیزمی، بەوەی فیگۆری وێنەکان شێدەکرانەوەدوای ئەوەدەگۆڕران بۆ ئەبستراکت، ئیتر لێرەدا توخمەئەبستراکتەکان پێکەوەدەناسران.

کاتێك پیکاسۆ لەماوەی بزاوتی هونەرییەکەی، لەسەرو هەموویانەوەنیگار کێشان و هێڵکاریی و هەروەها پەیکەرتاشیی ئەنجام بدایە، لەپاڵ ئەمانەدا بەبەردەوامیی کاری ئۆبژێکتی پلاستیکی دەکرد، ئۆبژێکتێك لەکارتۆن و تەختە، کۆلاجکردن لەوەرەقەو هەروەها کاری دیکەش، هەندێك لەهەڵبژاردەی ئەم کارانە لێرەدا نیشاندراوە. پیکاسۆ لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی و لەسەروبەندی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانەکانەوە هەر لەپاریس مایەوەو بەردەوام بوو

لەکارکردنیدا. ساڵی ١٩٤٢ لەسوکان و زینی پاسکیل، ئاسامبلاژی کەللەی گایەکی دروستکرد.




(رۆژێکیان زینێکی پاسکیل و سوکانێکم هێناو یەکێکیانم لەسەر ئەوی دی داناو کەللەی گایەکم پێ دروستکرد، شتێکی جوان دەرچوو. راستییەکەی دەبوایەلەدواییدا یەکسەر فڕێم بدایە، فڕێم بدایەتەسەر رێیەك یان ناو ئاوێکەوە، گرنگ نەبوو بۆ کوێ، بەڵام فڕێبدرێت. دوای ئەوەکرێکارێك بەلایدا تێپەڕییایە، هەڵی بگرتایە تەوەو ئەوسا دەیزانی لەم کەللەگایەزینێك و سوکانێکی پاسکیلی لێدروست دەکرێت، دەکرا ئەمەببێتەگەورەترین و سەرنجڕاکێشترین کاری هونەریی، ئەمەش پاداشتی میتا مۆرفۆزە(گۆڕینی فۆرم).

لەسەروبەندی کۆتایی جەنگدا، پیکاسۆ دەڕوات بەرەو باشووری ئەفریقاو ماوەیەك لەکەنداویجوانJuan، نزیك کانس Canns دەمێنێتەوە.

لەساڵی ١٩٤٦ کوراتۆری (رێکخەری پێشانگە) مۆزەخانەی ئەنتیبس Antibesبەناوی Romuald Dor de la Souchere دەناسێت و ئەو مەرسەمێك لەناو مۆزەخانەکەیدا دەخاتەبەردەستی.

ئەو دەمەسەخت بووەکەرەسەیەکی گونجاو بۆ کارێك بەئاسانی بەدەست بکەوێت، پیکاسۆ دەبوایەلەسەرتەبەقی فایبەر یان ئەسبێستی چیمەنتۆ رەسمی بکردایە. رەسمەکان لەمۆزەخانەکەمانەوەکەدواییش بووەمۆزەخانەی پیکاسۆ. لەساڵی ١٩٤٨ پیکاسۆ خانوویەکی سادەی کڕی بۆ کارەگۆزەگەرییەکانی لەدێی ڤالاوریسی Vallauris بەناوبانگ. ئیتر لێرەلەگەڵ فرانسوا گیلۆتیFrancoise Gilot ژنی و کلۆدی کوڕی Claudeدەمێننەوە، بەدوای ساڵێ پالۆمای Palomaکچیان لەدایك دەبێت. وێنەیەك هەیەکەبۆ پیکاسۆ و هەردوو مناڵەکەی کلۆدو پالۆمام لەڤالاوریس گرتووە، بەسایەی ئەو رەسمەوەرێمپێدرا کەبچمەناو دونیای ئیلهام و کاریگەر ئامێزی ئەم مامۆستا

گەورەیەلەکاتی کارکردنیدا. هەر لەبەرئەوەی وێنەکەی زۆر بەدڵ بوو، لەسەر ئەوەرازیبوو بچمەناو مـــەرســـەمەکەی و وێنەی جیهانەتایبەتییەکەی ماڵەوەی بگرم، ئەم پەیوەندییەش نزیکەی بیست ساڵی خایاند.



ڤیلای لاگالۆیس La Galloise لەسەر گردێکە، دەڕوانێتەشارۆچکەی ڤـالاوریس، ژوورەکـانی زۆر بـچووکن، لـەوێ پیکاسـۆ جێیـەکـی وای نـەبـو بۆکارکردن، بۆ ڕەسمکردن سێپایەکی لـەگۆشـیـەکـدا دانـابوو، ئەگـەر کاتێـك بیویـستایەهێڵکارییـەك بکـات لـەسـەر جێـی نووسـتنەکـەی دادەنیـشت یـان تـەنانـەت لـەسـەر زەویـش. فرانـسوا گیلـۆت ئـەویـش نیگـارکێش بـوو، لەژوورێکی دیکەکاری هونەریی خۆی ئەنجام دەدا.

پیکاســـــۆ بـــــۆی هـــــەبوو کـــارەســیرامیکییەکانی لـــەوەرشەی گۆزەگەری مادۆرا Madoura ئەنجام بدات.

لەوێ لەگۆشەیەکی مەرسەمەکەدا جێیەکی بۆ دیاریکرابوو تا زۆر ئازادانەلەو جێیـەی خۆیـدا کاربکـات، هەرلـەویاشـدا پـەیکـەرەکانیـشی دادەنا: خانوویـەکـی کـۆنی فـەرامۆشـکراو، کـاتی خـۆی کارگـەیـەکـی دروسـتکردنی بـۆن بـووە، بۆگاڵتەناوی فۆرناسیFournas لێنرابوو، هەر لەبەر پلەی گەرمای ماڵەکەئەم ناوەی بەم شوێنەبەخشیبوو (فۆرناس زیاتر لەفڕنێکی سورەوەهاتووە)، جێیەکی دڵگیرنـەبوو، سـارد، پـڕ تـەوژمـی بـا، سـەربـاری ئـەمانـەش پیکاسـۆ کـەلـەچلـەی زستانـدا کاریـدەکـرد، بەجلوبـەرگـی ئـەسـتور خـۆی دەپێـچاو کلاوێکـی فـەرووی دەکـردە سـەری، تاگـەرمـی بکاتـەوەو لـەهـەمان کاتـدا سـیمایەکـی تایبـەتیـشی پێـدەبـەخـشی. ئـەو مـەرسـەمـەگـەورەیـەی کـەتـەواو بـەسـەر یـەکـدا رمـابوو، لەڕێیەوەکەش و هەوایەکی دڵگیری بەسەریەکدا کەوتووی پێبەخشیبوو، هانی پیکاسـۆی دەدا پـەیکـەرو ئۆبـژێکتی نائاسـایی دروسـتبکات. ئـەو گـەچـی

بەکاردەهێنا بۆئەوەی کەرەسەجیاوازەنەگونجاوەکان پێکەوەکۆبکاتەوەتاخێرا بتوانێت ئۆبژێکتەکەی تەواو بکات. ئۆبژێکت گەلێک، لەناو ئەوانیشدا بەناوبانگترینیان، زۆربەی لەفۆرناس بەرهەمی هێنابوون. کاتێك پیکاسۆ لەوێ جێ و ڕێی خۆی چاك دەکرد، لەمەرسەمەکەی کۆمەڵێك وردەواڵەو کەلوپەلی کۆنی فڕێدراو بەسەریەکدا کەوتبوون، لەسەر ئەوان دوایی بڕێك پارچەشووشەو کۆمەڵێك لەخاشاك و کەلوپەلی شکاوی بۆ زیاد دەبوو هەر لەمەنجەڵ و تاوەو سەتڵەوەبیگرەتا پارچەئاسن و زیوی سواو و تەنانەت خشڵی ڕاستیش.



هەموو ڕۆژێك پیکاسۆ دەچووەئەو جێیەی خۆڵ و خاشاکی لێ فڕێدەدرا، لەو جێیەپارچەگۆزەی سیرامیکی شکاوی فڕێدراوی لێبوو، لەوێ هەردەم پارچەی ئەنتیکی جوانی دەبینییەوە، ئەوێ بۆ ئەم وەك کانەئاڵتوون وەها بوو. هەندێکجار هانای بۆ فرانسوا گیلۆت دەهێنا تاپارچەقورسەکان بەگالیسکی منداڵ بۆ مەرسەمەکەبگوازێتەوە.

کاری هونەریی (کیژیبازدەر بەسەر پەتا)ی لەسالآنی ١٩٥٠ تا ١٩٥٢ لەفۆرناس تەواو کرد. ماوەیەکی زۆر بوو بیرۆکەی دروستکردنی پەیکەری کەسێك بەئاسماناوە هەڵواسراو سەری قاڵ کردبوو. لەهەوڵەکەیدا بۆ دروستکردنی جووڵەی کیژێك لەدۆخی بازداندا، بۆ ئەمەلەمنداڵێکەوەئیلهامی وەرگرتبوو کەجارێکیان لەشەقامێك دەیبینێت.


قاعیدەیەکی تۆکمەی گۆشە ڕێکی بەدروستکردن دا. لەناو گەنجینەکەیدا شتێکی وای نەدۆزییەوەکەلێیەوەبتوانێت گوریسێکی ئاسنینی لێدروست بکات، بۆیەداوای لەئاسنگەری دێیەکەی کرد، بۆرییەکی ئاسنی بۆ دروستبکات، کەوەك گوریسی بازدان و لەلایەکی دیکەشەوەوەك ڕاگرێك بێت بۆ خزمەتی ڕاگرتنی پەیکەرەکە. لەباتی جەستەکەی زەمیلەیەکی گوندی هێنا، ئەوانەی بۆ کۆکردنەوەی ئەو جۆرەگوڵانەبەکاردەهێنرێن کەبۆنیان لێدروست دەکرێت.



بەدەستەکانی گەچەکەی خۆش دەکرد تافۆڕمی چرچی تەنورەکەی لێدروست بکات. دوایی دوو پەتکی بۆ زیادکرد تا تەنورەکەی پێ بەرزبکاتەوە. دەموچاوی لەشێوەی مانگ و بەهێڵ سیماکەی بۆ کێشاوەو لەگەڵ لێوێکی ئەستور، بەمقەباش لەچوارچێوەنراوە، بۆ ڕێکخستنی قژەکەشی، بەقردێلەیەکی جوان رازاندویەتییەوە، دواجار خولانەوەی و هەڵپەی قاچەکانی دروستکرد. پێڵاوەکانی تاکەوتاك لەپێ کراون، پێڵاوی چەپ لەپێی راستدا، راستیش لەپێی چەپدا، پیکاسۆ هەرگیز گوێی نەدەدا بەمشێوەناتەباییە، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە، ئەو تەنانەت حەزی بەمەش بوو تابینەر بەگاڵتەو جەفەنگ سەریان لێبشیوێنێت. سەرباری ئەو هەوڵەزۆرەو تێچوونی کاتێکی زۆر، پیکاسۆ زۆر خۆشحاڵبوو کاتێك کەپەیکەری کیژۆڵەبازدەرەکەی دروستکرد.


لەدانوستانێکیدا دەربارەی پەیکەرسازیی، رۆژێکیان فرانسوا گیلۆت پرسیارێکی لێکرد، ئایا باشتر نابێت راستەوخۆ بەگەچ یان قوڕ کار بکرێت، لەباتی ئەوەی کۆمەڵێك ئۆبژێکتی جیاواز لەپارچەشوشەی شکاو یان کەلوپەل و کەرەستەی کۆنی بەکارهاتوو بەکاربهێنرێن. پیکاسۆ راستەوخۆ وەڵامی دایەوە،: نەخێر، ئەمەش هۆکاری راستەوخۆی هەیە، خودی ماتریاڵەکەو فۆڕم و جۆری دروستبوونی ئەم پارچانەدەبنەکلیلێك بۆ ئەنجامدانی تەواوی پەیکەرەکە.

بۆ نموونەخاکەنازێك، راستەوخۆ کلکەپەڕینەی قوڵنگێکم دێنێتەوەیاد، ئەمەش بیرۆکەی دروستکردنی قوڵنگێکی دامێ. راستییەکەی هەموو جارێکیش نابێت راستەوخۆ بگەڕێمەوەبۆ فۆڕمێکی حازر بەدەست، راستەمن وێنەیەکی واقیعی دەبەخشم لەڕێی ئەم بەکارهێنانە مەجازییەوە (میتافۆڕ).



پەیکەرەکانم بریتین لەپلاستیکێکی مەجازیی. زۆر ئاسان دەبوو ئەم شتانەبەمیتۆدەکۆنخوازەکان ئەنجام بدرێن، بەمشێوەیەدەتوانم رۆحی بینەر رووەو رەوتێکی دیاریکراو ببەستمەوە، کەپێشتر نەیبینیبێت، تا شتەکان سەرلەنوێ پەی پێبەرێتەوە، ئەوانەی ماوەیەکی زۆرەلەبیریکردوون.

سەردانێکی خۆمم لەبیرەبۆ ڤێلای لاگالۆس لەڤالۆرین، منداڵەکانی تائێستاش لەپێشچاومن، کلۆدو پالۆما، لەسەر زەوی راکشاون و تەبەقێك وەرەقەی گەورەلەبەردەمیاندایە، بەقەڵەمی رەنگاورەنگ وێنەیان لەسەر دەکێشا، کاتێکبەکارەکەیان ناڕازی دەبوون هاواری باوکیان دەکرد بۆ کۆمەك کردنیان،ئەویش دەهات و بۆی روونەدەکردنەوەکەبۆ هێڵکارییەکی باش پێویست بەپێنووسی نووك تیژ دەکات، دوای ئەوەدەستی بەهێڵکاریی مۆتیڤەکان دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی کەمنداڵەکانی خۆشییان پێدەهات: باڵندەیەك کەپەپولەیەکی رەنگاورەنگ لەدەنوکەکەیدایەدوایی گوڵێکی رەنگاورەنگ. باوك و منداڵەکان لێرەو لەوێ خەریکی هێڵکێشان بوون. باوکەکەزۆر بەدیقەتەوەوێنەی باڵندەکەی تەواو کرد، لەکاتێکدا منداڵەکان هێڵکاریی خانوویەك دەکێشن لەگەڵ دووکەڵ کێشێکی بەردین کەدوکەڵی لێوەدەردەچێت. پیکاسۆبەسەبرەوەوەڵامی پرسیارەتەکنیکییەکانی دەدانەوە. دەربارەی ئامۆژگارییەکانی باوکی، پالۆما لەبیریەتی کاتێك لەو دواییەدا لەنیویۆرك هێڵکاریی بۆ خشڵ دەکێشا، کەپیکاسۆ زۆر حەزی بەیاریکردن بوو لەگەڵ مناڵەکانیدا.



ئەو كەلوپەلی یاری لەتەختەو پارچەپەڕۆ بۆ دروستدەكردن، وەك یەكەمین كۆلاجە سەرەتاییەكانی. بەتایبەتی ئەو داهێنانی بۆ كچەكەی دەكرد، فیگۆری بووكەشوشەی بۆ دروستدەكردو دەموچاوەكەیشی رەنگ دەكرد، دیار بوو كەبەتایبەتی بۆ پالۆما درووستكراوە. ئەوەی راستیبێت پیكاسۆ ئەم كەلوپەلەیارییانەی زۆر خۆشدەویست، دەترسا لەشكاندن و لەناوچونیان، تەنانەت لەمەرسەمەكەی لەناو تاقەكەی خۆیدا هەڵیدەگرتن. بێ شكەپیكاسۆ بۆ ئەم بووكانە

لەتوانای داهێنانی خۆی بۆ بەكاردەبردن، راستییەكەی دەبایەئەو كات و هیلاكییەی بۆ دروستكردنی ئۆبژێكت و پەیكەرەكانی بوونایە. كاتێك ئۆبژێكتی (ژن لەگەڵ كلیلدا)ی دروستكرد بینیم چۆن لەبەردەم گردۆڵكەیەك خۆڵ و خاشاك وەستاوە، بۆ ئەو وەك گەنجینەیەكی دەست لێنەدراو وابوو. ئەو بەدوای پارچەخشتی شكاو و شتی جۆراوجۆری لەقوڕ دروستكراو دەگەڕا، دوای ئەوەی ئەمانەی دەهێناو دوا بڕیاری لەسەردەدا، پارچەیەك خشتی گەورەی ناڕێكی سەقفی خانووی هێناولێیەوە لەشەكەی لێدروستكردووە، ئەو دەیوەستێنێت لەسەر تەنیا

جێیەكی كەم لەزەوی مەرسەمەكەیدا، ماوەیەك تێر سەیری دەكردو رادەماو دوایی لەوانەیەپرسیاری ئەوەی لەخۆی بكردایە، كە ئایاتاچەند لێكچوونی هەیەلەگەڵ ئەو سكێچەی كەبۆی كردووە. هەتا چەند مەبەستەكەی ئازایانەبپێكایە، ئەوەندەبەختەوەر تر دەبوو.

پیكاسۆ لەمەرسەمەكەیدا هەردەم دەگەڕایەوەسەر ئەو خاشاك و كەلوپەلەكۆنانەنەی كەلەدەرەوەدەیهێنانەوەو كۆیدەكردنەوە. لەناویاندا تاك تاك پارچەی دەردەهێناو هەوڵی دەدا بەیەكیانەوەببەستێت و جەستەیەكی لێدروست بكات. دوایی لەسەروئەمانەوەلەتەخشتی دادەنا تافۆڕمی سەرەكەی

پێ دروستبکات، بۆ سنگ و شانەکانیش پارچەمێتاڵێکی بازنەیی دەهێنا، دوای ئەوەبۆ جارێکی دی چاوی بەناو کەلوپەلەشڕوشیتاڵە کانیدا دەخشاندەوە، چاوی بەفۆڕمێکی ئاسنی خڕدە کەوت، بۆ ئەوەی دەموچاوەکەی لێدروست بکات، بۆ مل و قاچ و قۆڵەکانی، ئەو هات بۆری مقەبای هەڵبژارد دوای ماوەیەك رامان و سەرسوڕمان لەکۆتاییدا پارچەئاسنێکی بۆ زیادکردو بووەجانتای دەستیی. لەکاتی کارکردندا حاڵی شێوابوو وەك ئەوەی لەهۆش خۆ چوبێت، هەندێکجار لەگەڵ پەیکەرەکەدەدوا، وەك ئەوەی بونێکی مرۆیی لەبەردەستدا بێت. زۆربەی جار پیکاسۆ دەربارەی پەیکەرەکانی یان دەربارەی کەسەکانی ناو تابلۆکانی دەدوا وەك چۆن دەربارەی هاوڕێیەکی کۆنی. بۆ ئەو تابلۆکانی زیاتر بوون لەوەی کەتەنیا کارێکی هونەریی بن. پەیوەندییەکی بەتینی هەبوو لەگەڵیاندا، بەتەواوی کۆنترۆڵی ژیانی ئەمیان کردبوو، زۆر جار دەیوت کەکەسەکانی ناو تابلۆکان یان پەیکەرەکانی بۆ ئەو بوونێکی زیندووی ئینسانیان هەیەکەژیانی خۆیان دەژین، ئەمەیەنهێنی کارێکی داهێنەرانە، کاتێك ئەو مۆدێلی کۆترەقوڕینەکەی کێشا، ئەو دەیووت بۆ ئەوەی ژیانی پێ ببەخشرێت، دەبێت من ملی بچەمێنمەوە.



سەرچاوە:

*PICASSO DIE OBJEKTE*

*VERLAG CHRISTIAN BRANDSTÄTTER*

# هونەری گرافیک
# Graphic Art

کاروان کابان



کۆی واتاکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بتەوێت لەسەر رووبەرێکی (تەخت)ی قەبارە دیاریکراوی کانزایەك وەك (مس، پلاستیك) یان پارچە تەختەیەك یان هەر کەرەستەیەك کە بۆ هەڵکۆڵین بشێت، بەمەبەستی ئامادەکردنی شێوە هێڵکارییەکی هونەری بەو کەرەستانەی تایبەتن بەو کارە، کە پاشتر رەنگڕێژکردنی پارچە ئامادەکراوە هەڵکۆڵراوەکە دەبێتە ئامانج و بەلکاندنی کارتۆن یان کاغەزێك لەسەر رووبەرە رەنگکراوەکەو دواتر پەستان بەهۆی ئامێرێکی تایبەتی بۆ سەر تابلۆکەو پاشان هەڵگرتنەوەی، تابلۆیەکی گرافیکی دێتەبەرهەم، دەتوانرێت لەسەر ئەو رووبەرە چەند جارێك و بەچەندین رەنگ ئەو وێنەیە لەسەر رووبەرە ئامادەکراوەکە بەچاپ بگەیەندرێتەوە.

دەتوانین ئەم پێناسەیە کورتبکەینەوەو ناوی بنێین (هونەری وێنەی چاپکراو).

سەلیقەو توانای هونەرمەند لەدەرئەنجامی هەرکارێکی گرافیکدا لەو سەرەتایەوە رێچکە دەگرێت، کە پێوەرەکانی رووناکی و تاریکی لەشێوە

هەڵکۆڵراوەکــەدا دیــاری و دەستنیــشان دەکــات، کــە دواتــر لەتابلۆکــەدا ڕەنگدەداتەوە.

لەسەردەمێکی زووەوە مرۆڤ جێدەستی هونەریی خۆی لەکاری هەڵکۆڵین و نەخــشکردنی ســەر کەلوپــەلی وەك کوپــەو قاپەگڵینــە دیــاریکردووەو دەستنیشانکردووە، وەکچۆن مرۆڤی سەرەتایی وێنەی لەسەر بەردو دیواری ئەشکەوتەکان هەڵکۆڵیوەو ئێسك و بەردی داتاشراوی کردووەتە کەرەستەی ئامادەکراو بۆ بەکاربردنی پێویستییەکانی ڕۆژانەی خۆی.

ئەمشێوە هونەرە زیاتر لای چینییەکان باوە، کەبۆکاری نەخشکردن و وێنەی تایبەتی بۆ سەر قوماش بەکاری دێنن، ئەوان بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارەکەیان نەخش یان ئەو وێنە هونەرییەی مەبەستیانە سەرەتا لەسەر تەختە هەڵیدەکۆڵن، پاشان بەچاپی دەگەیەنن لەسەر قوماش، مێژووی دەرکەوتنی یەکەمین وێنەی لەو شێوەیە لەخۆرهەڵاتدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٨٦٨ی پێش زایین) چاپکراوی کاغەزێك بوو لەهەڵکۆڵراوێکی تەختە کە دەستکردنی چینییەکان بووە.



# عەشق و مەرگ

# دیالۆگ لەگەڵ[٧] ودی ئالان

سازدانی: ئاستیگ بیورگمان

و.لەفارسییەوە: چنور محەمەد



ئاشــکرایە –ودی ئــالان– یەکێکــە لەســینەماکارە داهێنــەرو بــەتواناکانی ئەمریکا، کە لەساڵی ١٩٣٥دا لەدایکبووە، خاڵی جیاوازو ناوازەی ئەم دەرهێنەرە چالاکە کەتاوەکو ئێستا خاوەنی دەیان فیلمی کۆمیدی و دراماتیکییە، ئەوەیە کە لەزۆربەی فیلمەکانیدا سەرەڕای کاری دەرهێنان، هەم وەك سیناریست و هەم وەك ئەکتەری سەرەکیش رۆڵی بینیوە، لەسەرەتای ژیانیدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش کەوتووەتە ژێر کاریگەریی فیلمە کۆمیدی و تەنز ئامێزەکانی چارلی چاپلن–ەوەو پاشان لەتەمەنی لاویدا بەتوندی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی

فیلم و بەرهەمەکانی دەرهێنەری سویدی (ئەنگمار بێرگمان)ەوە، دواتریش کاریگەریی ئەم دەرهێنەرەو دەرهێنەر گەلێکی دیکەی وەك (گۆدار) و (فیللینی)و ...هتد، هەر ئەم کاریگەرییە فراوانەی دەرهێنەرانی ئەوروپا وادەکات کەبڵێین رەوتی داهێنانی ودی ئالان زیاتر سینەمای ئەوروپییە، نەوەك سینەمای ئەمریکی، هەربۆیە خۆی لەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانیدا سەبارەت بەکاریگەریی سینەمای ئەوروپی دەڵێت: سینەمای ئەوروپی هۆشیاری و ئەزموونی سینەمای منی بەتەواوەتی فراوانتر کردو دیدو بۆچوونی منی سەبارەت بەهونەری سینەما بەیەکجاری گۆڕی، هەربۆیە من زیاتر کوشتەی سینەمای ئەوروپی بووم.

دیارە فیلمە گرنگەکانی وردی ئالان بریتین لە(بەناناز، ئانی هال، مانهاتن، نیوەشەوی هاوین، هاناو خوشکەکانی، رازی جینایەتی مانهاتن، ژنێکی تر، عەشق و مەرگ و ...هتد.

ئەم گفتوگۆیەی بەردەستیشمان، دیدارێکە کەڕەخنەگری ناوداری سویدی (ئاستیگ بیورگمان) لەگەڵ ودی ئالاندا سازیداوە، دەربارەی فیلمە گرنگەکەی (مەرگ و عەشق) و لەساڵی ١٩٩٣ بۆ یەکەمجار لەدووتوێی کتێبی (ودی ئالان بەگێڕانەوەی ودی ئالان) چاپ و بڵاویکردووەتەوە.

وەرگێڕی کوردی

**فیلمی عەشق و مەرگ کە گیسلاین کلۆکی وێنەی بۆ گرتووە، ئایا ئەم فیلمە لەفەرەنسا بەرهەمهاتووە؟**

لەفەرەنساو مەجارستان، یا راستر لەبودابست و پاریس. بەپێی بەڵگە نەگۆڕو جێگیرەکان دەبوایە فیلمەکەم لەدەرەوە بەرهەمبهێنایە، چونکە ئەم فیلمە چیرۆکێکی ئەوروپایی بوو. ئامادەکارەکانی داوایان لێکردم ماوەیەکی دورودرێژتر لەمەجەرستان کاربکەم، چونکە فیلمەکە بەبڕێکی کەمتر تەواو دەبوو، لەبەرئەوە بوو چووم بۆ بودابست گروپێکی باشی نائاسایی فەرەنسام لەگەڵدا بوو. پەیوەندییەکی زۆرم بەدەرهێنەرە فەرەنسایيەکانەوە کردو کارەکانیشم بینی کاری (کلۆکی)م لەهەموویان زیاتر لا پەسەند بوو، ئێستا

لەیادم نییە کام لەفیلمەکانی ئەوم بینی، چونکە لەنیوان ژمارەیەکی بێشوماری فیلمەکانی ئەو دەرهێنەرە تەنیا یەك فیلمم بینیووە.

**ئایا ئەوە بۆ یەکەمینجار بوو کە کارت لەگەڵ جولیت تایلۆردا کرد وەک بەرپرسی هەڵبژاردنی هونەرمەندان؟**

لەڕاستیدا جولیت تایلۆر یاریدەدەری ماریون دو ئارتی بوو، کە هەر لەسەرەتاوە بەرپرسی هەڵبژاردنی هونەرمەندان بوو.دواتر کاتێك ماریون چوو بۆ کالیفۆرنیا بۆ کارکردن لەستۆدیۆ، جولیت کارەکانی لەئەستۆ گرت، بەڵام من بەر لەوە کارم لەگەڵ جولیتدا کردبوو.

**پێکەوە چۆن کارتان دەکرد، بڕیاری یەکتربینینتان دا؟ یاخود جولیت پێشنیازی هونەرمەندانی بۆ رۆڵە جیاوازەکان لەبەر چاو دەگرت؟**

بەڵێ ، سەرەتا سیناریۆکەی دەخوێندەوە، هەمیشە بەر لەئیشەکان من هیچم پێنەدەوت، ئەو فراوانی دەکردو لەو قۆناغەشدا نەیزانیوە تێڕوانینی من چۆنە. دواتر یەکترماندەبینی، ئەو هەمیشە بۆ یەکبەیەکی رۆڵەکان لیستێکی بالای لەئەکتەرە بەتواناکان ئامادە دەکرد. دواتر گفتوگۆی بێپان دەستیپێدەکرد بۆ نمونە من دەموت:"نا، من لەم هونەرمەندە بێزارم" ئەو پێشنیازی هونەرمەندێکی دیکەی دەکرد. بەمشێوەیە بەردەوامبووین. پلە بەپلە بۆ هەر رۆڵێك هونەرمەندێکمان هەڵدەبژارد.

**ئایا لەقۆناغی دروستبووندا بۆ هونەرمەندەکان رۆڵی یەکەم و دووەم راستە؟ تاوەکو ئێستا هیچ کاتێک بووە بەرلەوەی مشتومڕ لەگەڵ جولێتدا بکەیت خۆت بەتەنیا هونەرمەندت هەڵبژاردبێت؟**

نا،نا، یەکبەیەکی هونەرمەندان پێکەوە هەڵماندەبژاردن.

**مۆسیقای عەشق و مەرگ بەرهەمی پرۆکۆلیفیڤە؟**

سەرەتا ویستم سود لەستراڤینسکی وەرگرم، دواتر سەیرمکرد کاتێك ستراڤینسکی دەخەیتە سەر شاشەی سینەما زۆر دڵگیر نەبو و گوێگرتن لێی زۆر سست و بێزارکەر بوو، جگە لەوەش _هەرچەندە بەڵگەیەکی واقیعی ئەمە نەبوو روخسەتی سودوەرگرتن لەبەرهەمەکانی ستراڤینسکی زۆر گرانتر بوون لەبەرهەمەکانی پرۆکۆلیفیڤ. بەڵگەی واقیعی ئەمەش ئەوە بوو کە بەرهەمەکانی

ستراڤینسکی ریتمێکی زۆر خاو و هێواشیان هەبوو. رالف روزن بلوم بەرپرسی دەق وتی: وەرە با ستراڤینسکی فەرامۆش بکەین"ئەم کارەمکرد و زۆر بالاش دەربوو. هەموو بارودۆخی فیلمەکەی سوکتربوو، بەرهەمەکەی پرۆکۆلیفیڤە درەخشان و تەڕو پاراو بوو، لەکاتێکدا کە ستراڤینسکی ساردو سڕو بێزارکەرو ئازاربەخش بەرچاو دەکەوت.

**لەشوێنیکدا لەسەرەتای فیلمەکەدا، سونیا(دایان کیتون)،لەبوریس(کە ئێوە رۆڵی ئەو دەبینن) دەپرسێت:"ئایا بەبۆ چوونی تۆ سروشت باڵا نییە؟" ئێوە وەڵامی دەدەنەوە:"لەتێڕوانینی من سروشت، چی دەزانم، جاڵجاڵۆکە مێشەکان دەخۆن، ماسییەگەورەکان ماسییە بچوکەکان و گیاکان و گیاکانی تریش دەخۆن، سروشت وەک یەک چێشتخانەی مەزنە ، من ئەوە بەو شێوەیە دەبینم، تێڕوانینی ئێوە بۆ سروشت لەڕووی ژیانکرن لەناو شارەکاندا چییە؟ گومان دەکەم لەو باریەوە کە هەمان تێڕوانینی رۆسۆت نەبێت؟**

قوڵتریش ئەوەیە، لەڕووی ئەو دژیەی نێوان ژیانی شارو لادێدا هەیە- من بەتەواوی لایەنگری ژیانی شارم. سالانێکی دێرینە ئەم تێڕوانینە دژە لەنێوان هونەرمەندان هەبووە. وەك دستۆفیسکی بەئاشکرا لایەنگری ژیانی شار بووە لەکاتێکدا تۆلستۆی بەتەواوی لادێی خۆشویستووە، تۆرجنێف بەشێوەیەکی رەمەکی لایەنگری لادێ بووە، بەلام ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەشێوازی کارکردنی قوڵەوە نییە. من شار بەلادێ فراوان دەکەم. گرنگ نییە رۆژێك لەشار دووربم لەمڕووەوە مەبەستم لەهەموو"سروشت"ە بەشێوەیەکی هەمەلایەن بەشارو لادێشەوە. مەبەستم ئەوەیە کاتێك سەیری جوانی سروشت دەکەیت دیمەنێکی جوانی لادێیەك دەبینی، بەلام ئەگەر لەنزیکترەوە تەماشای بکەیت، ئەوەی دەیبنیت کەمێك ترسناکە، ئەگەر لەوەش نزیکتر سەیری بکەیت، ئەوە بێمانایی و توندوتیژی و کوشتن و دڕەندەیی دەبینی. هەڵبەتە کاتێك لەدوورەوە دەڕوانیتە ئەو وێنەیە یا تەماشای وێنەکانی هونەرمەند کنستابل دەکەیت ئەوا دیمەنی ئەو لادێیە زۆر جوانە.

**بەڵێ، ئەمە بۆ ژیانی شاریش راستە.**

بەڵێ، ئەگەر لەدوورەوە سەیری شار بکەیت جوانی شار دەبینیت، بەڵام کاتێك لەنزیکەوە بەوردی بڕوانیت ئەوا پیسی و پاشماوەی مرۆڤە هەمە چەشنەکاندا کەلەسەری هاوڕان دەبینی، دەبینیت چەندە وێنەکان شەرمهێن و ترسناکن.

**عەشق و مەرگ، بە بەراورد لەگەڵ فیلمەکانی پێشووترتدا بەشێوەیەکی زۆر سادە چیرۆکەکە دەگێڕیتەوە، وەک فیلمەکانی سەرەتاتان گفتوگۆیەک لەسەر بنەمای نوکتەو گاڵتە هەیە، نمونەی دیاری ئەمەش لەنێوان سۆنیاو پوریسدا روودەدات لەو کاتەی لەو ژوورەن کە بنمیچەکەی بەدارو سیم دروستکراوە.**

من هەمیشە دەمەوێت کارەکتەرەکانم بەهاوکاریکردنی قسەی خۆش وتەی خۆیان بڵێن، وەك گروچومارکس یا باب هوپ بەهەمان بەڵگەی زیاتر گفتوگۆکانیان لەسەر بنەمای گاڵتەو شۆخی و قۆشمەیە.

**لەکتێبەکەتاندا بەناوی (کاریگەری لاوەکی)ەوە چەند چیرۆکێکی کورتان نوسیووە کە سوننەتگەرا یا دژو ناکۆک ئامێزن، تەنزئامێز لەهەندێک ستایلی تایبەتی ئەدەبین. من بەتایبەتی یەکێک لە چیرۆکەکانتم زۆر خۆشدەوێت ئەویش چیرۆکی (لە سێدارەدراو)ە، ئەو چیرۆکە بەشێوەیەکی سوننەتگەرا نووسراوە ئەمەش لەستایلی سارتەرو کامۆ کە دوو نوسەری بوونگەرایی فەرەنسین هەمان حاڵەت لەعەشق و مەرگدا دەبینیتەوە؟**

راستە هەموو کەسێك جۆرە شێوازێکی خۆی هەیە بۆ شۆخی قۆشمە کردن، من پەیوەندییەکی زۆرم بەم نووسەرانەو بەو بابەتانەشەوە هەیە، ئەم خاڵە دیارە شێوەیەکی تری هەیە، بۆ نموونە ئەگەر رۆژێك لەگەڵ بەرهەمەکانی ئینگمار بێرمان ناکۆك بووم، بێگومان ئەوە لەبەر نەبوونی پەیوەندی بووە.

**فیلمی عەشق و مەرگ شوێن پێی دژایەتی فیلمەکانی بێرگمان و ئایزنشتاین و هەندێک دەرهێنەری فەرەنسای پێوە دیارە.**

بێگومان لەهەمان بواردا بۆ ئەوە کارم کردووە، زانیومە لەو فەزا فەلسەفییە زۆر چێژ وەردەگرم. پانلوپەگیلیات دوای بینینی ئەو فیلمە، نووسی:"لێرە من لەقەڵەمڕەوی روسیا نیم. من لەقەڵەمڕەوی ئەدەبیاتی روسیادام"ئەمە بەتەواوی راستە.ئەم فیلمە تاڕادەیەك ناكۆكییەكی ئەدەبییە.

**بۆ نووسینی ئەم فیلمە چ شتێک ئیلهامبەخشی ئێوە بوو؟**

لەوانەیە ئەمە پەیوەست بێت بەکورتە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشەوە.تازە لەبەرهەمهێنانی فیلمی(خوابگرد) بووبومەوە، کە لەکۆلۆرادۆو کالیفۆرنیا وێنەی بۆ گێرابوو. من ویستم فیلمێك لەنیویۆرك بەرهەم بهێنم. فیلمێك پەیوەست بێت بەکوشتنی رەمزەوە، بەڵام کاتێك سیناریۆکەم تەواوکرد دڵم نەیویست فیلمێك دەربارەی کوشتن بەرهەمبهێنم. بیرمکردەوە بۆ ئەو کارە بەئەندازەی پێویست بەهێز نیم، لەبەر ئەوە ئەو کارەم خستە لاوە. دواتر کتوپڕ وا هات بەخەیاڵمدا سیناریۆیەك بەستایلی رووسیی بنووسم یان ناوەرۆکێکی نیمچە فەلسەفی بنووسم. عەشق و مەرگم نووسی و بەرهەممهێنا. پاشان سەرلەنوێ چوومەوە سەربیرۆکەی کوشتنی رەمز بەسود وەرگرتن لەتەرحەکانی ئەم بیرۆکەیە و پارێزگاریکردنی هەندێك لە کاراکتەرەکانی، سیناریۆی فیلمی (ئانی هال)م نووسی. کەسییتەکان هەمان ئانی و ئالوی کوشتنی رەمز بوون، زۆر شت هەیە لەنێوان ئەو دوو چیرۆکە بەتەواوی لەیەك دەچن. تەنیا ئەو بەشەی پەیوەست بوو بەکوشتنەوە لام بردبوو. هەرچەندە بۆ فیلمی(سەرگوزشتەی جینایەتی مانهاتن)دیسانەوە گەڕامەوە سەر کوشتنی سیمبولەکان.

**هەمان چیرۆک؟**

تاڕادەیەك، بەکەمێك گۆڕانکارییەوە، بەڵام هەمان چیرۆك. لەبەرئەوە بوو بە بەرهەمهێنانی فیلمی عەشق و مەرگ هەموویانم تووشی سەرسوڕمانکرد، چونکە هەموویان چاوەڕێی فیلمێکی نیویۆرك-یان دەکرد ئەو فیلمەش بەرهەمهێنانی رۆژێکی نیویۆرکی بوو، بەرهەمهێنانی فیلمی عەشق و مەرگ یەکێك چێژبەخشترین کارەکەکانم بووە، تاوەکوئێستا ئەنجاممداوە. شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکەم خۆشدەوێت، ئیشکردن لەپاریس دڵگیر بوو. من فەرەنسییەکانم زۆر

خۆشدەوێت حەز دەکەم لەفەرەنسابم، بودابست لەو کاتەدا بۆ من کەمێك غەمگین بوو، چونکە فەزایەکی سارد و بیٚ رۆحی هەبوو.

**پێشتردەربارەی پێدا چوونەوەی بە بەرهەمەکانی ئەوانی تردا گفتوگۆمانکرد، بێگومان بەرهەمی بێرگمان لەهەمووان گرنگترە، ئێوە کاراکتەری مەرگتان هەیە، کە مردووەکان کۆدەکەنەوە، بەڵام لەکۆتایی فیلمەکەدا دیمەنێکی سەرسوڕهێنی تێدایە ، کە فیلمەکەی (پێرسونا)ی بێرگمانمان دەخاتەوە یاد، کە نواندنی سەرەکی هەریەک لەدایان کیتون و جسیکا هارپر بەرجەستەی دەکەن، ناتوانین بڵێن ئەمە رێکەوت؟**

بەڕاستی، لەو سەردەمەدا هەرچییەکم ویستبێت سودم لێوەرگرتووە. کتێبە روسییەکان، فیلمە سویدو فەرەنسییەکان، بەرهەمەکانی کافکاو بوونگەراییەکانی فەرەنسا. بەکورتییەکەی هەرچی چێژی کارکردنی پێبەخشیبم سودم لێوەرگرتووە.

**ئایا لەکاتی نووسینی سیناریۆکەدا ئەو شتانەت تەرح کردبوو؟ یا تەنیا رەگەزە جیاوازەکانت بەشێوەیەکی گرتەیی لەسیناریۆکەدا گونجاندووە کە دواتر لەبەرهەمهێناندا بەرجەستەت کردووە؟**

ئەم ئایدیایە لەکاتی نووسیندا خەلق بووە. دەستمکرد بەنووسین خاڵەکان هات بەمێشکمدا بیرم کردووە: "زۆر پێکەنیناوییە"بەم شێوەیە لەو خاڵەوە بۆ یەکێکی تر.



سەرچاوە:

ودی الن، بەروایت ودی الن.

# چارلی چاپلنی دونیای پانتۆمایم



و: ئاری محەمەد

مارسیل مارسۆ کە بەچارلی چاپلنی دونیای شانۆی پانتۆمایم ناسراوە، لە تەمەنی ٨٤ ساڵی لە ماڵەکەی خۆی چاوی بەسەر هەموو دونیادا داخست. مارسۆ لەهونەرەکەی خۆیدا وەك(کۆمیدیەکی خامۆش)یادی دەکەنەوە، بەهێنانە کایەوەی کەسییەتی بیپ، هونەری پانتۆمایمی گەیاندە بەرزترین ئاست.

ماسیل ئەو کەسایەتییەی لەساڵی ١٩٤٧دا داهێنا. ژان کۆکتۆ دەربارەی بیپ کە دەرگیری هەموو دژوارییەکانی جیهانی مۆدێرن دەبێتەوە دەڵێت: (ئەو کوێرە کوێرە بەبێ تێبینییەکی ئاشکرا پێی خستە نێو نەمریی ئێمەوە).

مارسۆ چەندین دەیەیە لەنواندنی پانتۆمایمادا وەك کەسێکی ناوازەو بێهاوتا بینەرانی لەسەرانسەری دونیادا دەهێنایە گریان و پێکەنین، خستنەڕووەکانی لەڕێگەی نمایشەکانییەوە خۆشەویستییەکی زیادی بەبینەرانی دەبەخشی، هەر بینەرێکیش بەشێوەیەکی تایبەتی خۆی سەیری ئەو خستنە روانەی دەکرد لەشوێنێکدا وتویەتی: (پانتۆمایم هەروەك مۆسیقا، بێسنورو نەتەوەیە، کاتێك گریان و پێکەنین لەتایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بێت، ئەوان پانتۆمایم بۆ هەموو فەرهەنگێك شایەنی نمایشە) مارسۆ لە قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (بۆ نیشاندانی با، دەبێت بگۆڕدرێت بۆ تۆفان، بۆ نیشاندانی ماسیش دەبێت خۆت هەڵدەیتە ناو دەریاوە).

ماسـيل نـاوی واقیعـی ئـەو بـوو، نـاوی خانـەوادەی مانـژال بـوو، ماسـیل بەپانتۆڵێكی سپی كە حاشیەیەكی خڕی هەبوو ، لەگەڵ ئێلەگێكی یەخەكراوەو ئارایـشتێكی سـپی و كڵاوێكـی بێڕەنگـەوە دەهاتەسـەر تەختـەی شـانۆ. ئـەو لـەمرۆڤی ئـەم سـەردەمە نەدەچـوو، هـەر دەتـوت لـەجیهانی شـارانەوە هـاتووە. سەرەڕای ئەوەش بەبێدەنگییەكی كپەوە جوڵەی دەكرد، هەندێك كات ئەم جوڵەی درككردنی سەخت بوو. بینەر بۆ تێگەشتن لەمارسیل پێویستی بە وردییەكی زاتر بوو.

شـتێكی دەردەهێنـا، لەسـەر مێزەكـە دایـدەنا، یـەكێكی تـری لەتەنیـشتەوە دادەنا، دواتـر بـە بوتڵێـك ئەوانـەی پـڕ دەكـرد لـەئاو. لەڕاسـتیدا نـە مێـز بـوونی هەبوو، نە پەرداخ و نە شەربەت.

دەبوایە هەموو ئەو شتانەت لەزیهنت هەڵبگرتایە كە چۆن ماسیل لەو فەزایە، شتی نەبینراوی لەشوێنكێكەوە دەخستە شوێنێكی تر، هەر كاتێك بیوستایە ئەو شتانە هـەڵبگرێت، دواتـر بەشێوەیەكی ورد دەیخستەوە هـەمان شوێنی پێشوی خۆی.

مارسیل بـۆ خـۆی یاسـایەكی دانـابوو. ئـەم مرۆڤـە تـا دواكـاتی چوونەسـەر تەختـەی شانۆ كـە ساڵی ٢٠٠٠بوو ئەویش بـەهۆی زۆری تەمەنییـەوە، هـەروەك گەنجێگ هەڵبەزو دابەزی دەكردو پێیەكانی بەزەویدا دەكوتی و بەهـەوادا دەفڕی و شێوەیەكی دروستدەكرد.

مارسۆ لەسەر تەختەی شانۆ شتێكی گەورەی ئامادەدەكرد، وەك دادگایـەكی دروسـتدەكرد، كـە لـەوێ دادوەرو شـایەت و تاونبـارو وەكیـل هـەموویان لـەوێ ئامـــادەبوون ڕووداوێكـــی دروســـتدەكرد بـــەرگری دەكـــرا ، تـــاون دەركـــا، حوكومدەردەچوو... تەواوی هەموو كاتەكان یەك وشەی نەدەهات بە زمانیدا.

ئـەم هونەرمەنـدە لەژیاننامـەی خویـدا نوسـیویەتی: (مـن لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە ستراسبورگ لە دایك بووم، بەڵام لەئالزاس بووم، خێزانەكەم بۆ ماوەیـەكی كورت چوون بـۆ لـەیل. لـەوێ بـۆ یەكـەمینجار لەسـەر پـەردەی سینەما دیـدارێكم لەگـەل چاپلندا كرد، هەر دەتوت وەحیەكم بۆ هاتۆتە خوارەوە، نە گریانم و نە پێكـەنیم. بەگومانم كە ئەوە فیلمی گەڕان بەدوای ئاڵتوندا بووبێت. ئێمە بۆ جارێكی دیكە

دێینەوە ستراسبورگ. من چوومە قوتابخانەی ناوەندی. باوکم ژمارەیەك کۆتری هەبوو، شەوەکانی من پڕبوون لەدەنگی باڵندە. باوکم قەساب بوو، خێزانێکی سادەو ساکارم هەبوو، بەڵام پەروەردەکردنی منداڵان بۆ دایك و باوکم گرنگییەکی بەرفراوانی هەبوو. باوکم ئێمەی دەبرد بۆ بینیی ئۆپێراو پێشبڕکێی وەرزشی ، باوکم دەنگێکی باشی هەبوو چەند ئاوازدانەرێکی مۆسیقاشی خۆشدەویست. هەڵبەتە دایکم زیاتر پەیوەندیی لەگەڵ فەلسەفەدا هەبوو).

لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا نۆکەرانی ئەڵمانیای نازی باوکی مارسۆیان بەبارمتەگرت و دواتر لەساڵی ١٩٤٤کوژرا.

مارسۆ لەساڵی ١٩٤٦ لەژێر چاودێری شارل دولین مامۆستای گەورەی شانۆی پانتۆمایم، دەستی بەو هونەرە کرد.

مارسۆ لەساڵی ١٩٥٦چەند شەبەکەیەکی لەچەند شوێنێکی جیهان دانا. کەسییەتی ئەو، ئەوەندە داهێنەرانە بوو تەنیا ئەوەندی فرسەت هەبوو هەر چوار ساڵ جارێك بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی.

ئەو لەیەکێتیی سۆڤیەتی جاران و لوهستان و جیکۆسلۆفاکیای جاران بەشێوەیەکی وا کاری کردە سەر ئەو وڵاتانە وایکرد سەر لەنوێ ئەو وڵاتانە دەستبکەنەوە بەشانۆی پانتۆمایم.

مارسۆ ماوەیەك بەرنامەیەکی خۆیٛ لەگەڵ گروپەکەیدا جێبەجێکرد، بەڵام ساڵی ١٩٦٤ بەهۆی چەند کێشەیەکەوە ناچار بوو وازی لێبهێنێت و بەتەنیا بچێتەسەر تەختەی شانۆ.

لەساڵی ١٩٧٩قوتابخانەیەکی شانۆی لەپاریس دامەزراند، هەر لەهەمان شوێن لەساڵی ١٩٩٧ ئاهەنگی پەنجایەمین ساڵی داهێنانی (بیپ)یان لەگەڵ قوتابییەکانی دا گێڕا.

مارسۆ خۆی دەربارەی هونەری پانتۆمایم دەڵێت: (من بە بێدەنگی، بە دەنگدانەوی کات و بارستای فەزا دەبەخشم) .زیاتر لەمە، دەتوانرێت چیتر بوترێت؟

سەرچاوە: لەئینتەرنێتەوە.

# جیهانی ئۆپێرا

## پاڤاروتی لەدەستدا



**ئا : هەنار مەحمود**

پاڤاروتی تینۆری ئیتالی لەتەمەنی (٧١) ساڵیدا ماڵئاوایی لەژیان و هاوڕێکانی کرد..

لەپەیامێکدا سەرەتای مانگی ئەیلولی ئەمساڵ بەڕێوبەرەکەی پاڤاروتی سەرجەم میدیاکانی ئاگادارکردەوە کە پاڤاروتی لەماڵەکەی خۆیدا لە (modena_Italy) لەکاتژمێر پێنجی بەیانی ماڵئاوایی لەژیان کردووە لەدەسنیشانکردنێکدا دەرکەوت بۆ پزیشکان کە پاڤاروتی لەساڵی رابردوودا شێرپەنجەی پەنکریاسی هەبوو، هەروەها لەژێرچارەسەرێکی زۆری ئازارئامێزدا لەمانگی ئابی ئەمساڵدا، لەدوای شەڕێکی درێژخایەن و ململانێیەکی قورس بەرامبەر نەخۆشییەکەی، کە لەکۆتایدا ژیانی برد، شەڕکردنێك هاوشێوەی ئەوەی بەرجەستەی دەکرد لەژیانی و کارەکانیدا.

جوانییە بێهاوتاو خێراییەکاریگەرەکەی دەنگی پاڤاروتی کرد بەدەرخەرێکی نموونەیی سیمای لیریکی ئیتالی، بەتایبەتی لەساڵەکانی (١٩٦٠و١٩٧٠)کاندا بۆ یەکەمجار پلەی ئەستێرەیی بەدەستهێنا.

بەپێشکەشکردنە سەرنجڕاکێشەکەی لەئیشەکانی ( nessun dorma"from poccinis)، (turandot)دا بۆ ملیۆنێك زیاتری دەرخست هەرچی هەیە دەربارەی ئۆپیرا.

**لەڕاستیدا (nessun dorma) نمایشی کۆتایی پاڤاروتی بوو لەمەراسیمی ئۆڵۆمپیکی زستانەدا لە(turin-Italy)کرا لەمانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٦، دوایەمین کۆنسێرتی تایبەتی لە(Taipei) بوو لەمانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥.**

**دوائیشکردنیشی لەئۆپێرادا لە(poccinis) بوو بەئیشی (Tosca) لەساڵی ٢٠٠٤.**

**ئەمە دووەمین لەدەستدانی گەورە بوو لەجیهانی ئۆپێرادا لەمانگەکانی کۆتایی ئەمساڵدا، کە ئەویش (Beverly sills) گۆرانیبێژی سۆپرانۆی بەڕەگەز ئەمریکییەو وێنەیەکی تری بەربڵاوی شێوەی پاڤاروتی–یە، کە لەتەمەنی (٧٨) ساڵیدا ئەویش لەماڵەکەی خۆیدا لەنیۆرك لەمانگی (٢)ی ئەمساڵدا ماڵئاوایی لەژیان کرد.**

**شایانی باسە ئەو گۆرانی بێژەی لەماوەیەکی کەمدا دەناسرایەوە لەڕێگەی ریشەڕەشە خەڵوزییەکەیی و (Toxedo)و ملپێچە گەورەکەیەوە، توانی لەڕێگەی رووناکی دەنگە جادووییە بێوێنەکەیەوە دڵی چەندەها ئارەزوومەند بەلای خۆیدا رابکێشێت، ئەمە لەکاتێکدا هەردووگۆرانی بێژ ( Placido domingo-Jose carraras)ی هاوڕیی لەکۆنسێرتی (Three tenors)دا هەرگیز نەیانتوانی ئەمەبکەن.**

**پاڤاروتی ئەو گۆرانی بێژەی هەندێکجار بەهاوشانی دەردەکەوت لەگەڵ گۆرانیبێژە ئاساییەکانی وەك (joan Sutherland)و بەهەمانشێوە لەگەڵ (spice girls)یشدا.**

**بەگاڵتەئامێزییەوە مامەڵەی ئەو تاوانانەی دەکرد کە دەخرانەپاڵی، بۆ نموونە گوایە ئەو هوونەرەکەی کردووەتە قوربانی لەپێناوی بازرگانیدا، ئەو هەمیشە ئاماژەی بەوەدەکرد کە وشەی بازرگانی ئەوەیە کە ئێمە بەڕاستی دەمانەوێت**

دوای دەرکـەوتنمان لەکۆنسێرتە بڵاوکراوە بەرفراوانەکـەی three tenors دا، دەنگی ئێمە گەیشت بە(١,٥) ملیۆن بینەرو بیسەر لەڕێگەی ئۆپێراوە.

ئەگـەر تـۆ دەتـەوێت وشـەی بازرگـانیی یـان هـەر وشـەیەکی قەبارەگـەورەتر بەکاربهێنیت پشتگوێی دەخەین چی لەتواناتدایە بەکاریبهێنە.

لەساڵەکانی (١٩٩٠)ەکاندا تیمەکەی پاڤاروتی بوو بەدیاردەیەکی ئیشکردن لەمۆسیقادا.

پاڤـاروتی وەك ئەکتـەرێك دەرکـەوت لەفیلمێکـدا بـە نـاوی (Giorgio،yes) هەرچـەندە شکـستی ئـەو لـەم بـوارەدا بێئومێـدیکرد، لەبەرامبـەر داهـاتووی لـەهۆلیوددا، هـەروەها بایۆگرافییـەکی لەسـەر ژیـانی خـۆی نووسـیوە بـەناوی (luciano Pavarotti،I)وە زیـاتر لـە(٩٠) کـاری تۆمارکردنیـشی بەئـەنجام گەیاندووە.

# نووسەرێکی کورد لەدەروازەی جیهانیی بووندا*، ئاوابوو

ئا: هەنار



محەمەد ئۆزۆن–ی روماننوسی ناوداری کورد بەر لەهاتنەدی ئاواتەکانی و لەتەمەنێکی کورتی ٥٤ ساڵیدا، لەم وەرزی خەزانە زەردەدا چاوی پڕ لەهیوای لێکناو دوای خۆی کەلێنێکی گەورەی لەئەدەبی رۆماننووسیی کوردو ناوچەکەدا جێهێشت. ئۆزۆن یەکێك بوو لەو قەڵەمە بوێرانەی باکوری کوردستان کەهەر لەسەرەتاوە بەزمانی شیرینی کوردی دەستیکرد بەنووسین، هەرچەندە دەشیزانی لەو رێیەدا چی چاوەڕوانییەتی، بۆیە هەر بەبڵاوبوونەوەی یەکەم رۆمانی (تۆ) لەساڵی ١٩٨٥ دا زیندانیان کردە چارەنووسی و چاونەترسانە بەرەو رووی بوەوە. حوکمی ٨ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا، دواتر لەلێبووردنێکی گشتیدا ئازادکرا. لەگەڵ هەندێك لەهاورێیانی گۆڤاری (رزگاری)یان دەرکرد. پاشئەوەی تەنگیان پێهەڵچنی و رێگەکانیان لێبەستەوە، لەساڵی ١٩٧٧ –ەوە وەك پەنابەری سیاسی لەوڵاتی سوید نیشتەجێ بوو. رۆمانی (تۆ) بۆ چەندین زمانی جیهانیی وەرگێڕدراوە، ئۆزۆن ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سویدو یەکێتی رۆژنامەنووسانی سویدو جیهان بوو، لەساڵی ١٩٨٧ دووەمین رۆمانی بەناوی (مردنی پیرێکی بەڕێز) بڵاوکردەوە. جوانترین رۆمانی محەمەد ئۆزۆن، رۆمانی (رووناکی وەك

خۆشەویستی و تاریکی وەك مردن)ە کەلە داستانی گلگامش هەڵێنجراوە. بۆ یەکەمجار رژێمی تورکیا رێگەی دا ئەم رۆمانە بەزمانی کوردی لەتورکیادا بڵاوبکرێتەوەو راستەوخۆ وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکی، دواتر بۆ زمانەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی و سویدی. پاشان رۆمانی (رۆژێك لەڕۆژەکانی عەڤدال زینکی) لەئەستەمبولْ بڵاوکردەوە.

محەمەد ئۆزۆن خاوەنی ١٥ رۆمان و چەندین شیعرو وتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە بەزمانەکانی کوردی، سویدی، تورکی.

ئەم نووسەرە کەسێکی ئاشتیخواز بووەو دژی هەموو جۆرە توندوتیژییەك وەستاوەتەوەو پێیوابووە هەموو کێشەکان تەنیا لەڕێگەی دیالۆگەوە چارەدەکرێن.

ماوەی ٢٨ ساڵ ژیانی نامۆیی لەسوید بەسەربرد، تا دواجار تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی گەدە بوو، بۆیە نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر گەڕایەوە شاری دیاربەکری دێرین، تا لەزێدی خۆی سەری یەکجاری بنێتەوە.

رۆژی ١٠/٨ لەنەخۆشخانەی دیجلەی شاری دیاربەکر ماڵئاوایی یەکجاریی کردو خەڵکی بەوەفای ئەو دەڤەرە لەڕێوڕەسمێکی جەماوەریی شایستەدا بەخاکیان سپارد، رەنگە ئەو کۆمکارییە جەماوەرییە لەدەوری تەرمی ئەم کەڵە نووسەرە خۆی لەخۆیدا سەبووریی بێت نەك هەر بۆ ماڵباتی نووسەر، بەڵکو بۆ تەواوی رۆشنبیران و جەماوەری ئەم گەلە.

ئۆزۆنی رۆماننووس کۆڵەگەیەکی رۆمانی کوردی بوو، بەتایبەتیش لەیەکەمینەکان بوو لەباکوری کوردستان کەسەرباری چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بەکوردی بنووسێت، بۆخۆی رێچکەیەکی پڕ بایەخە لەو بوارەدا، بۆیە ناکرێت هیچ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەك دەربارەی رەوتی رۆمانی کوردی بکرێت، بەتایبەت لەباکوور، ئەگەر باسی محەمەد ئۆزۆن نەکرێت.

* ناونیشانی وتارێکی رۆژنامەنووس (دلور مقری)یە.

# نامە بۆ هاوڕێیانی گۆڤاری هەنار

سـلاو و ریـزو خۆشەویستم بۆتان هەیە بەهیوای کامەرانی و خۆشگوزەرانیتانم، هیوادارم هەمیشە بەخۆشی بتانبینمەوە.. ماوەیەك پێش ئێستا نامەتان بۆ نووسیبوم، بڕوابکەن لەوکاتەوە بەنیازم وەلامتان بدەمەوە.. خۆشم نازانم بۆ تا ئێستا ئەوەم نەکردووە، دڵنیابن ئەوەی منیش هەر سەرقاڵی و راکردن بەدوای مەینەتییەکانی ژیاندا رێگەی بەجێهێنانی ئەو زەروورەتەی لێگرتووم..

هەستدەکەم ئەو سەرقاڵییەی ژیان بەدەرە لەویست و ئارەزووی ئێمە، هەموومان ئەو هەستەمان هەیە کە بەدڵ چەندە لەیەکتر نزیکین، کەچی حەسرەتەکانی ژیان لێناگەڕێت پڕ بەدڵی خۆمان.. پڕ بەحەزو ئارەزووی خۆمان ئەوەی دەمانەوێت و دڵمان دەیخوازێت بیکەین.

ئەوەی لەم کۆمەڵگەیە تێگەیشتووم ئەوەیە خەڵکەکانی هەموو سەرقاڵی خۆشییەکانی ژیانن، وێڵی دوای ئەو رێگەیانەن کە رەوڕەوەی ژیانیان دەباتەوەسەر بەختەوەریی، هەمیشە لەهەوڵی کلۆمکردنی ئەو دەرگایانەدان کە خەمێك دێنێتە ماڵەکانیانەوە، لەولاوە پەنجەرە بەڕووی ئەو باخانەدا والآدەکەن کە وەك دڵیان پڕە لەنەشئە، پڕە لەئاوەدانی، پڕە لەگوڵی گەش، پڕە لەجوانی، ئەمانە هێشتا هەنگاوەکانیان گورج و خێرایە رووەو ئاسۆ، بەهیوان سەریان بدات لەئاسمان و لەوێوە بەکامی دڵ لەجوانی و لەعەشق و لەئازادی و لەماف و لەیەکسانی بڕوانن، ئەمانە هیچ قوفڵێکی ژەنگگرتوویان نییە، چونکە کلیلی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانیان لەکاتی خۆیدا لەگیرفاندایە، ئەمانە خەم دەروونی رەشنەکردوون، حەسرەت نەیتەزاندوون، ئەوارەیی و دەربەدەرییان نەچەشتووە، ئەوەندەش میهرەبانن لەگەڵ یەکتر کە سەرت لێیان سووڕدەمێنێت، بڕوا بکەن شتی هێندە سادەو ساکار دڵیان خۆشدەکات کە رەنگە دڵی منداڵێکی ئێمە خۆشنەکات، بەدەگمەن هەیانە درۆ بکات، درۆکردن لەفەرهەنگی ئەماندا نییە، بۆیە لەسیمای هەرکامیان وردەبیتەوە گەنجتر لەتەمەنی خۆی دەبینیت، وەلێ ئێمەمانان لەبەرئەوەی ئەو هەموو خەم و نەهامەتی و نەداری و شەڕو کوشتارو ماڵوێرانییەمان بینیوە، کەم چرکەساتی تەمەن هەیە غەریبی و دووری

پەلکێشی نێو ئەو خەمخۆرکەم نەکاتەوە، هەستدەکەم ئێمە رابردووی تاریکمان ئایندەی لەبەین بردووین، بۆیە جوانی و خۆشی ئێرە ئەو کەشی و رووناکییە بەناخمان نابەخشێت، هەر خەریکی بەراوردکردنی ئێرەین بەوڵاتی خۆمان و لەو خەمەداین بۆ خەڵکی ئێمە ئاوا بێت، لەبەرئەوەیە کە روخساری زۆرێك لەخەڵکی پەناهەندە هەمشە غەمگینییەك باڵی بەسەردا کێشاوە، هەمیشە لەڕووخسارماندا ئەو هێڵانە دەبینی کە جەورو جەفای دنیا نەخشاندوونی، ئومێدی گەورەم ئەوەیە کە بەخۆشی بتانبینمەوە، هەرچەندە ئەم دوورییە ئەو فرسەتەی لەدەستدام کە ئیتر تێر لەگەڵتان دابنیشم و بەقسەکانتان شاگەشکە بم، ولیٚ ئەم پەنجەرەیەش هەمیشەکراوەیە کە دەتوانم نامەکانتانی لێوە بخوێنمەوەو سەبووری بێئێوەییم بدات، بەو ئومێدەم بێنامەم نەکەن، ئەگەریش وێنەتان بۆ ناردم ئەوا ئەبمەوە بەمانگی یەکشەوە.

نامەکە دوورو درێژبوو، بەڵام کاتێکی خۆشم لەگەڵتان گوزەراند، بەدەست خۆم نییە واهەستدەکەم وشەکان لەدڵ و رۆح و گیانمەوە سەرچاوەیان گرتووە، منیش هەوڵمدا بەجوانترین فۆرم و ناسکترین شێوە، بەناسکترین وشەی کوردی نامەکەم بهۆنمەوەو ناو کارەکەشی بەدڵ و رۆح و هەردوو چاوم بکەم، تا ئەوکاتەی ئینبۆکسەکەتان دەکەنەوەو نامەکەم دەکەوێتە بەرتریفەی مانگەشەوی چاوکانتان، لەنێوانی دێڕەکانیدا هەست بەتارمایی رۆحم بکەن، بتوانن لێدانەکانی دڵم یەك یەك بژمێرن، هەردوو گلێنەشم کردووە بەخاڵ، جارێك خستومنەتە سەر حەرفەکان و جارێکیش کردوومن بەخاڵی کۆتایی دێڕەکان دوای ئەوەی سێندمکرد ئیتر من چاوەڕوانی نامەی ئێوەم، هەتا لەنامەیەکی دیکەدا دێمەوە دیدارتان بەخۆشی و کامەرانیتان دەسپێرم، خوای گەورە ئاگاداری هەمووتان بێت.

براو هاوڕێی هەمیشەییتان

بەختیار حەسەن

ڤیلە.. دانیمارك

٢٠٠٧/٩/٢١

**گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:**

**خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.**

**کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.**

**دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:**
www.chrakan.com
www.dengekan.com